

مەلا خالید عەبدولّا هاودیانی:

## پێشمەرگە سێ پلەی شەهادەتی هەیە

کورد دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت، ئیسلامەتیشی بۆ جێبەجێ نابێت

# گوڵان


ساڵی بیست و هەشتەم (١٢٩٧)- (١٣)ی کانوونی یەکەم ٢٠٢١


گۆهدار شێخۆ  سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ:

# ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ خەونێك بوو ئەم کابینە هێنایەدی



به بڕیاری سەرۆك وەزیران بڕی ٥٠ ملیار دینار بۆ چەند پڕۆژەی ستراتیژی لە زاخۆ تەرخان کراوە

٨٠٠ ملیۆن دینار بۆ نۆژەنکردنەوەی ٣٢ قوتابخانە تەرخان کراوە و لەم ڕۆژانەدا دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە




# www.gulan-media.com

www.gulan-media.com

# چاپکراوی نوێ

(ثورة ١١ أيلول ١٩٦١ في كتابات و مذكرات عدد من كبار ضباط الجيش العراقي ١١ أيلول ١٩٦١- ١١ آذار١٩٧٠ — دراسة أولية) ناونیشانی کتێبێکی گرنگی مێژووییە دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی بەم دواییە چاپی کردووەو کەوتووەتە بەر دەستی خوێنەرانەوە. لەم کتێبەدا هەروەك نووسەر لە پوختەکەیدا ئاماژەی پێ کردووە، دەوڵەتی عێراق دەوڵەتێکی تازە دامەزرام لە کۆتایی ساڵی ١٩٢٥ بەشی باشووری کوردستان یان ئەو بەشەی ئێستا پێی دەوترێت(کوردستانی عێراق) بە عێراقەوە لکێنرا.

نووسەر دەڵێت: لە ئاکامی تێنەگەیشتن لە تایبەتمەندییەکانی گەلی کورد لە عێراقدا، چەندین بزووتنەوەو بەرخۆدانی چەکداری ڕوویانداوە، کە تەمەن درێژترینیان شۆڕشی ١١ی ئەیلولی ١٩٦١بوو، بە رابەرایەتیی پارتی دیموکراتی کوردستان و سەرکردایەتیی مەلا مستەفای بارزانی (١٤ی ئازاری ١٩٠٣-١ی ئازاری ١٩٧٩).

هەروەها ئاماژە بەوە دەکات کە ئەو ئەفسەرانەی سوپای عێراق، کە لە دژایەتیکردنی شۆڕشی کورددا بەشدارییان کردووەو بە گوێرەی پێگەو ئەرك و بیروباوەڕیان، کە پێیان وا بووە دەتوانن بە زەبری چەك، شۆڕشەکە سەرکوت بکەن و دایبمرکێننەوە، هەر ئەوانیش بوونە پێشەنگی ئەوانەی لە بارەی شۆڕشەوە، یاداشت و بیرەوەری بنووسنەوە، ئەو ئەفسەرانە بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکانیان، پەنایان بۆ چەندین شێوازو کاری هەمەجۆر بردووە، بەڵام شۆڕشی کورد توانی مافی خودموختاری بۆ کوردستانی عێراق، بە گوێرەی ڕێککەوتننامەی ١١ی ئازاری ١٩٧٠، لە دڕندەترین ڕژێمی حوکمی عێراق بستێنێت.

دەست خۆشی و پیرۆزبایی لە دکتۆر عەبدولفەتاح عەلی بۆتانی دەکەین.. هەر سەرکەوتوو بێت.



## مامۆستا عەبدوڵا دەروەکۆتری :



# پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە کوردستاندا بەرهەمی زانا و مامۆستایانی ئایینییە

## حامید گەوهەری :



# کورد پێویستی بە سەرکردەیەکی خاوەن لۆژیک و ئاشتیخوازی وەک سەرۆک مسعود بارزانی هەیە

## جوان سەعدوڵا ڕەشید :



# بە تەواوکردنی بەشە ناوخۆیی ناو کەمپی زانکۆ زۆربەی گرفتەکانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەلاحەدین چارەسەر دەبێت

## دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح :



# نیشانەی ئەم ڤایرۆسە تازەیەی کۆرۆنا توندترە لەو شەپۆلانەی پێشتر هەبووە





■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
ساڵح عومەر
شەماڵ نوری
د. شیلان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی ساڵح
کارزان کانەبی
ڕێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com


چاپخانەی ڕۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

*Web: www.gulanmedia.com*

پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد عوبێد :

## حزبایەتیی تەسک زیانی گەورەی پێ گەیاندووین و بیری نەتەوەیی کاڵ کردووەتەوە



ئیمان محەمەد شێرکاوەیی:

## دیاردەی خۆکوشتن و دەرهاوێشتە نەرێنییەکانی



ئیناز جونەید :

## نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکان بووەتە گرفتێکی گەورە بۆ یاریزانان



## چاوخشاندنێک بە براوەکانی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆکدا



8. DUHOK
INTERNATIONAL FILM FESTIVAL

## تووڕەبوون هاندەرە بۆ جەڵتەی مێشک



## کاتژمێرێک ریمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبیلە



# داعش کارتێکە بەدەست میلیشیای لە یاسا دەرچووو بەشێک لە وڵاتانی دەوروبەر

لە دوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا هەموو لایەك چاوەڕوانی ئەوە بووین، کەوا سیستەمێکی مۆدێرن و باوەڕ بە بنەماکانی دیموکراسی حوکمی عێراق بکات و، هەڵەکانی ڕژێمەکانی پێشوو بەرامبەر گەلانی عێراق دووبارە نەکاتەوە، بەڵام بەداخەوە دەسەڵاتدارانی عێراق لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە هەمان عەقڵییەتی پێشوو بیریان کردەوە و بیر دەکەنەوە و، هەوڵدەدەن هەمان سیاسەتی ڕژێمەکانی پێشوو بەرامبەر گەلانی عێراق پراكتیك بکەن، ئەم شێوازەی حوکم لە عێراقدا زیانی بە هەموو لایەك گەیاند و دەگەیەنێت و، بووەتە هۆکار بۆ چەندین کێشە و گرفت و لە داهاتووشدا دەبێتە هۆی دووبارەبوونەوەی کارەساتەکانی ڕابردوو، بۆیە لەسەر هەموو لایەکمان پێویستە دژی ئەو شێوازەی حوکمی ئێستا بوەستینەوە و ڕەتیبکەینەوە.

حوکمڕانیی عێراق بەو هەڵسوکەوتانەی بەرەو تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت هەنگاوی نا و، وەکو ڕژێمەکانی پێشووی عێراق لە دژی کورد و خواستەکانی وەستایەوە، لە هەمان کاتدا دژی عەرەبی سوننەی عێراق کەوتە جووڵە و سەرەڕای دژایەتیکردن و ڕاوەدوونان و دەربەدەرکردن و کوشتنیان لە پرۆسەی سیاسیشدا بێکاریگەری کردن و پەراوێزی خستن، سیاسەتی هەڵە و دژایەتیی حکومەتی عێراق بۆ نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو نەخشەی داتاشراوی عێراق، ئەو وڵاتەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێ کێشەی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و ئیداری کردووەتەوە.

ئەم ڕەوشەی عێراق وای کرد، کەوا زەمینە بسازێت بۆ دروستبوونی دەیان میلیشیای سەربازی و ڕێکخراوی تیرۆریستی، ئەوانەش بوونە هۆی ئەوەی کەوا ڕەوشی ئاسایش و سەربازی عێراق ئاڵۆز بێت و، وڵاتانی ناوچەکەش بەپێی ئەجێندای خۆیان لە عێراق جووڵە بکەن و دەست بخەنە کاروباری عێراق، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کەوا عێراق نەتوانێ پارێزگاری لە سەروەریی خۆی بکات. ئەگەر سەیر بکەین ڕۆژانە زەوی و ئاسمان و ئاوی عێراق پێشێل دەکرێن و وڵاتانی ناوچەکە تەراتێنی تێدا دەکەن و ئۆپەراسیۆنی جیا جیای تێدا ئەنجام دەدەن و، عێراقیش ناتوانێ ڕێگرییان لێ بکات.

«داعش» یەکێکە لەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانەی کەوا بە سوودوەرگرتن لە ڕەوشی ئاڵۆزی عێراق دروست بووە و بەردەوامە لە کاری تیرۆریستی و کاری تێکدەرانە، هەموو لایەکمان بینیمان کەوا لە ٢٠١٤ جوگرافیایەکی فراوانی عێراقی داگیرکرد و دەیان کارەساتی بەسەر هاووڵاتیانی سڤیل هێنا و زیانێکی زۆریشی بە سەرخان و ژێرخانی

**دژایەتیی حکومەتی عێراق بۆ نەتەوە و پێکهاتەکانی ناو نەخشەی داتاشراوی عێراق، ئەو وڵاتەی ڕووبەڕووی کۆمەڵێ کێشەی سیاسی و ئەمنی و ئابووری و ئیداری کردووەتەوە**



## غەفوور مەخمووری

سکرتێری گشتیی یەکێتیی نەتەوەیی دیموکراتی کوردستان YNDK

**تایبەت بۆ گوڵان نووسیویەتی**

عێراق گەیاند. ئەگەر سەیری پێکهاتەی داعش بکەین، دەتوانین بڵێین: (داعش) بریتییە لە پێکهاتەیەك لە شۆڤینییەتی نەتەوەیی عەرەبی و پەڕگیریی ئایینی، ئەو دووانە یەکیان گرتووە و داعشی لێ دروست بووە، لە هەمانکاتدا داعش بووەتە کۆمپانیایەك کە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر و بەشێك لە وڵاتانی عەرەبی و زلهێزەکان پشکیان تێیدا هەیە، ئەوان لە ڕێگەی داعشەوە دەیانەوێ ئەجێندای خۆیان لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکەن.

داعش هیچ دیدگایەکی ڕوونی مرۆڤدۆستانەی نییە، جگە لە وێرانکاری و تاڵان و کوشتن و سەربڕین و بڵاوکردنەوەی ترس و تۆقاندن و کارکردن بۆ هێنانەدی خواستی فراوانخوازانەی شۆڤێنییەتی عەرەبی، بەدەر لەمە هیچ ئامانجێکی دیکەیان نییە، دروستبوونی داعش یەکێك بوو لە دەرئەنجامەکانی سیاسەتی هەڵە و فاشیلانە و تاکڕەوانەی حکومەتەکەی بەغدا لەو کاتەدا، حکومەتی دوای ئەویش درێژەی بە هەمان سیاسەتی فاشیلانەدا، زوڵم و ستەم وای کرد، کەوا بەشێك لە سوننەش بە دوای داعش بکەون، بۆیە کۆنترۆڵکردنی ئەم ڕەوشە هەروا سانا نییە و تا ماوەیەك بەردەوام دەبێت، ئەوەش باجی سیاسەتی هەڵە و تائیفییانە و تاکڕەوانەیە کەوا گەلانی عێراق لە ٢٠١٤وە تا ئێستا (کۆتایی ٢٠٢١) دەیدەن، ئەو خوێنەش کە دەڕژێ لە ئەستۆی ئەواندایە. ئەوان ئەوەی لە دەستیان هات لە دژی کورد کردیان، خراپتریشیان پێ بکرێ، دەیکەن.

ئامانجیان ئەوەبوو لە ڕێی داعشەوە ڕێ لە کامڵبوونی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بگرن، دەتوانین بڵێین: هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ پەیوەندیی بە خواستی سەربەخۆیی کوردستانەوە هەبوو، ئەگەر سەرنج بدەین، پرسی سەربەخۆیی کوردستان لە ٢٠١٤ بەدواوە ڕەهەندێکی نێودەوڵەتی وەرگرتبوو، چەندین ناوەندی نێودەوڵەتی کۆنگرە و کۆنفرانسیان لە سەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان دەکرد، هەر لەو کاتەدا زۆر سیاسەتمەداری نێودەوڵەتییش لایەنگریی خۆیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان ڕاگەیاند، ئەمانە وایان کرد، ئەوانەی کە لەگەڵ سەربەخۆیی کوردستاندا نین، کار بکەن بۆ وەستاندنی پرۆسەکە، بۆ تێکدانی پرۆسەکە لە ڕێگەی داعشەوە هێرشیان کردە سەر کوردستان، بۆیە دەتوانین بڵێین: ئامانجی داعش بە پلەی یەك کوردستان و تێکدانی پرۆسەی سەربەخۆیی کوردستان بوو.

ئێستاش؛ لە دوای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق لە ٢٠٢١/١٠/١٠ ئەنجامەکان پێچەوانەی ویستی میلیشیاکان و بەشێك لە وڵاتانی دەوروبەر بوو، ئەوە وایکرد، کەوا

**«داعش» یەکێکە لەو ڕێکخراوە تیرۆریستییانەی کەوا بە سوودوەرگرتن لە ڕەوشی ئاڵۆزی عێراق دروست بووە و بەردەوامە لە کاری تیرۆریستی و کاری تێکدەرانە**



**داعش) بریتییە لە پێکهاتەیەک لە شۆڤینییەتی نەتەوەیی عەرەبی و پەرگیریی ئایینی، ئەو دووانە یەکیان گرتووە و داعشی لێ دروست بووە**

ڕاگەیاندنی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دوا بکەوێت. هەندێ هەوڵ هەبوو بۆ گۆڕین و ڕەتکردنەوەی ئەنجامی هەڵبژاردن، ئەوە نەکرا، کە ئەوە نەکرا لە بەغدا و هەندێ شاری دیکەی عێراق شەقامیان جووڵاند و خۆپیشاندان دەستی پێ کرد، ئەوەش ئەنجامی نەپێکا و خواستی میلیشیاکان و وڵاتانی دەوروبەری بەدی نەهێنا، بۆیە هەوڵ درا کارتی دیکە بەکار بهێنرێت، یەکێك لەو کارتانە بەکارهێنانی ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعشە، بۆیە سەیر دەکەین ماوەیەکە داعش کەوتووتەوە جووڵە و لێرە و لەوێ هێرش دەکا و پەلامار دەدا، هێرش و پەلامارەکانیشی زیاتر بۆ سەر گوندی کوردان و سەنگەرەکانی پێشمەرگەیە، لە هەفتەی ڕابردوو داعش لە دەڤەری گەرمیان و دەڤەری مەخموور چەندین هێرش و پەلاماریان ئەنجام داوە، ئەوەتا دەبینین لە هێرش و پەلامارەکانیان بۆ سەر (کوڵەجۆ و گوندی خدرجیجەی بناری قەرەچووخ و سەرگەڕان و قەرەسالم) چەندین پێشمەرگە و هاووڵاتیان شەهید و بریندار کردووە، ئەو هێرشانەی داعش لەم کاتەدا پاڵەپەستۆیەکی میلیشیاکانە بۆ سەر کوردستان، بۆ ئەوەی کورد بیر لەوە نەکاتەوە لە پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراقدا بچێتە هاوپەیمانێتییەك کە لە بەرژەوەندیی ئەواندا نەبێت، لە هەمان کاتدا ئامانجێکی دیکەیان ئەوەیە کورد لەو ناوچانەدا گوندەکانیان جێ بێڵن، بۆ ئەوەی عەرەبی هاوردە بگێڕنەوە سەر گوندی کوردان. ئەگەر تێبینی بکەین، هێرشی داعش بۆ سەر ئەو ناوچانەیە کە شادەماری ئابووریی کوردستانن، ئەو ناوچانەیان بە ئامانج گرتووە کەوا ناوچەی کێڵگە نەوتییەکانن.

ئەو هێرشانەی داعش بۆ سەر ئەو ناوچانە دەگەڕێتەوە بۆ خۆدزینەوەی عێراق لە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنە ئەمنی و سەربازییەکانی لەگەڵ حکومەتی کوردستان، لەبەر ئەوەی جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنە سەربازییەکانی بەغدا لەگەڵ کوردستان وای کردووە، کەوا بۆشاییەکی ئەمنی و سەربازی لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق دروست بێت، تیرۆریستانی داعش بەردەوام سوودیان لەو بۆشاییە وەرگرتووە و لەوێوە هێرش دەکەنە سەر هاووڵاتیانی سڤیل و هێزەکانی پێشمەرگە، مانەوەی ئەو ڕەوشە بەو شێوازەی ئێستا هۆکارە بۆ دووبارەبوونەوە و بەردەوامیی کردەوە تیرۆریستییەکانی تیرۆریستانی داعش.



بێگومان ئەگەر حکومەتی عێراق بەردەوام بێت لە جێبەجێنەکردنی ڕێککەوتنە سەربازییەکانی لەگەڵ کوردستان، ئەوا وەك هاوکارێکی داعش خۆی دەنوێنێت.

بۆ لەم کاتەدا داعش جارێکی دیکە کورد و کوردستان بە ئامانج دەگرێت؟ داعش بە فەرمانی ئاغاکانی دەجووڵێتەوە، بۆچوونی ئاغاکانی داعش ئەوەیە کەوا ئەمجارە کورد لە پێکهێنانی حکومەتی عێراقدا هەڵەکانی دووبارە ناکاتەوە، ئەمەش ئەو ڕاستییە دەسەلمێنێت کەوا بەڵێ داعش کارتێکە بە دەست میلیشیاکان و بەشێك لە وڵاتانی دەوروبەر.

لە ڕەوشێکی وادا؛ ئێمەی کورد پێویستە بە وردی چاودێریی ڕەوشەکە بکەین و بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ڕووداوەکاندا بکەین و، بە دوای چارەسەرییەکی ڕیشەییدا بگەڕێین و نەکەوینە ژێر کاریگەریی هیچ لایەك، بۆ ئەمەش پێویستە پەند لە ڕابردوو وەربگرین و، لە سەنگەری بەرگریدا بین و، خۆمان نەکەینە قوربانی بەرژەوەندیی هیچ لایەك و بەرەی شەڕ لەگەڵ لایەنە دژ بەیەکەکانی عێراق نەکەینەوە، پێویستە سیاسەتی خۆپارێزی پراکتیك بکەین، واتە بەرگریکار بین، نەك هێرشبەر.

لەم ڕووەوە زۆر جاری دیکەش باسم لە ئەزموونی تاڵی کورد لەگەڵ حکومەتەکانی عێراق کردووە، لێرەشدا بە پێویستی دەزانم ئەوە بەبیر هەموو لایەك بێنمەوە، کەوا ئێمەی کورد ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ ڕژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراقدا هەیە، هەرکاتێ عێراق بێ هێز و بێ توانا بووبێت، پەنای بۆ کورد هێناوە و دیالۆگی لەگەڵدا کردووە، کە هێز و توانای پەیدا کردبێت، دژی کورد و خواستەکانی وەستاوەتەوە. ئەگەر سەیر بکەین لە ڕابردوودا تەواوی دەسەڵاتەکانی عێراق لە سەرەتای گرتنە دەستی جڵەوی دەسەڵات جۆرە نەرمییەکیان لە بەرامبەر کورددا نواندووە، پاشان کە دەسەڵاتەکەیان بەرەو بەهێزی ڕۆیشتووە، دژی گەلی کوردستان و خواستەکانی وەستاونەتەوە. ئەوەتا کە عەبدولکەریم قاسم هاتە سەر حوکم لە ١٩٥٨ تا ١٩٦١ جۆرە نەرمییەکی نواند، بەڵام پاشتر لە ١٩٦١ لە بەڵێنەکانی پەشیمان بووەوە و ئەوە بوو لە ١٩٦١/٩/١١ شۆڕشی ئەیلوول بە سەرۆکایەتیی ژەنەڕاڵ بارزانیی نەمر بەرپا بوو، دەسەڵاتی قاسم ئەوەی توانی لە کوردکوشتن و هێرش و

**داعش بووەتە کۆمپانیایەک کە زۆربەی وڵاتانی دەوروبەر و بەشێک لە وڵاتانی عەرەبی و زلهێزەکان پشکیان تێیدا هەیە، ئەوان لە ڕێگەی داعشەوە دەیانەوێ ئەجێندای خۆیان لە ناوچەکەدا جێبەجێ بکەن**

**هێرشی داعش بۆ سەر ئەو ناوچانەیە کە شادەماری ئابووریی کوردستانن، ئەو ناوچانەیان بە ئامانج گرتووە کەوا ناوچەی کێڵگە نەوتییەکانن**

**هەرکاتێ عێراق بێ هێز و بێ توانا بوویێت، پەنای بۆ کورد هێناوە و دیالۆگی لەگەڵدا کردووە، کە هێز و توانای پەیدا کردبێت، دژی کورد و خواستەکانی وەستاوەتەوە**

**سەرکردایەتیی کوردستان ئەوەی بۆ ئەو لایەنە عەرەبییە عێراقییانەی کرد، چارەکی ئەوەی بۆ هێز و لایەنە کوردستانییەکان نەکرد**

**پێویستە سوود لەو ڕەوشە وەربگرین و، پەیوەندییەکانمان لە هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش بەهێز بکەین و داوایان لێ بکەین، کەوا زیاتر هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن و پڕچەکی بکەن**

بۆمباران و سووتاندنی شار و گوندی کوردستان دریخی نەکرد، ئەگەر نموونەیەکی دیکە وەربگرین بەعس لە ١٩٦٨ کە کودەتای کرد و دەسەڵاتی گرتەدەست، جۆرە نەرمییەکی نواند و لەگەڵ سەرکردایەتیی شۆڕشی کوردستان دەستی بە دیالۆگ کرد و لە ئەنجامدا ناچار بوو کە ڕێککەوتننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ مۆر بکات و ڕایبگەیەنێت و، لە ١٩٧٠ تا ١٩٧٤ هێمنییەك باڵ بەسەر کوردستاندا بکێشێت، دواتر لە ماوەی ئەو چوار ساڵەدا کە بەعس دەسەڵاتی بەرەو بەهێزبوون ڕۆیشت لە بەڵێنەکانی خۆی پاشگەز بووەوە و کەوتەوە شەڕی کوردستان و جۆرەها پیلانی بەکارهێنا، هەر لە بەعەرەبکردن و کیمیابارانکردن و بێسەروشوێنکردن تا دەگاتە شاڵاوە بەدناوەکانی ئەنفال، ئامانجی بەعس نەهێشتنی گەلی کوردستان بوو بە خاك و خەڵکەوە، دوا نموونەش ئەزموونی ڕووخانی بەعسە لە ٢٠٠٣/٤/٩دا، کە بەعس ڕووخێنرا، ئەوانەی ناوی ئۆپۆزسیۆنی عێراقیان لەخۆ نابوو، خودان پێگەیەکی ئەوتۆی جەماوەری نەبوون لەناو عێراقدا، کە گەڕانەوە عێراق بە هاوکاریی وڵاتانی هاوپەیمان و وڵاتانی دەوروبەری عێراق بنکە و پێگەی خۆیان بەهێز کرد و، لە هەموو شتێکدا هانایان بۆ سەرکردایەتیی کوردستان دەهێنا و سەرکردایەتیی کوردستانیش لە هاوکاری و پشتگیرییان دریخی نەکرد و ئەوەی بۆ ئەو لایەنە عەرەبییە عێراقییانەی کرد، چارەکی ئەوەی بۆ هێز و لایەنە کوردستانییەکان نەکرد، هێندە بەپیر ئەوانەوە چوون، لایەنە کوردستانییەکانیان پەراوێز خست، کە دەبوو سەرکردایەتیی کوردستان زیاتر هاوکاری و پشتگیریی لایەنە کوردستانییەکانی بکردبا و بەهێزی بکردایەن و ئەوەی بۆ لایەنە عەرەبییە عێراقییەکانی کرد بۆ لایەنە کوردستانییەکانی بکردایە، بەڵام بەداخەوە وای نەکرد، ئەوەتا بینیمان دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس لایەنە عەرەبییەکان چۆن دژی خواستەکانی گەلی کوردستان و سەرکردایەتییەکەی وەستانەوە و لایەنە کوردستانییەکانیش چۆن بەرەڤانییان لە دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان کرد و پشتگیریی سەرکردایەتیی کوردستانیان کرد.

هەقە لەمەودوا سەرکردایەتیی کوردستان چاو بە هەڵوێست و سیاسەتەکانیدا بخشێنێتەوە و زیاتر ناوەندی سیاسیی کوردستان ڕێك بخاتەوە و بەهێزی بکات و، قسەو بیروڕا و بۆچوونی وڵاتپارێز و دڵسۆزانیش بە هەند وەربگرێت و بە سینگێکی فراوانیشەوە بەپیر ڕەخنە و گازندەکانی خەڵکەوە بچێت و، لە خەمی چارەسەرکردنی گرفتەکانی خەڵکدا بێت، ئەوەی کە بۆ ئەم لاو ئەولای دەکات، با بۆ خەڵکی کوردستانی بکات، ئەمە واقیعێکە و پێویستە ددانی پێدا بنێین، لەم ڕەوشەدا پێویستە ڕاوێژی تەواو لە نێوان لایەنە سیاسییە کوردستانییەکاندا هەبێت. ئێمەی گەلی کوردستان پێویستە سوود لەو ڕەوشە وەربگرین و، پەیوەندییەکانمان لە هاوپەیمانی شەڕی دژی داعش بەهێز بکەین و داوایان لێ بکەین، کەوا زیاتر هاوکاریی هێزی پێشمەرگەی کوردستان بکەن و پڕچەکی بکەن، ئەو ڕاستییەشیان زیاتر بۆ ڕوون بکەینەوە کەوا داعش کۆتایی نەهاتووە و، خەڵکێك هەیە هاوکاریانە و هەوڵدەدات بەهێزیان بکات و، دژی ئێمە بەکاریان بهێنێت. ئێستا دوای هێرشەکانی ئەم دواییەی داعش ڕەوشەکە بۆ ئەم مەبەستە لەبارە، لەبەر ئەوەی بە کردەیی ئەوە بەدەرکەوت، کەوا سوپای عێراق سوپایەکی تائیفییە نەك سوپایەکی نیشتمانی و ناتوانێت ئەو ناوچانە بپارێزێت.

پێویستە هەوڵ بدەین ڕەوشی سیاسیی عێراق بە هەموو کەناڵە بڕیاربەدەستەکانی جیهان بگەیەنین و ئەو ڕاستییەیان بۆ ڕوون بکەینەوە کە باشترین چارەسەر بۆ دەربازبوون لەم ڕەوشەی ئێستای عێراق و بۆ بەرگرتن لە تاکڕەوی و دیکتاتۆریەت پێویستە عێراق بە کردەیی بکرێتە سێ دەوڵەت، دەوڵەتێك بۆ گەلی کوردستان و دەوڵەتێك بۆ عەرەبی سوننە و دەوڵەتێك بۆ عەرەبی شیعە دروست بکرێت، ئەمەش چارەسەرێکی واقیعی و گونجاوە بۆ ڕەوشی عێراق، لەبەر ئەوەی ئەزموونی زیاتر لە هەشتا ساڵەی ڕابردووی عێراق ئەوەی بۆ سەلماندووین، کەوا زۆر زەحمەتە پێکهاتەکان تاسەر بتوانین لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراقدا بژین، بەتایبەت ئێمەی گەلی کوردستان پێویستە سوود لە

ڕابردوو وەربگرین و چیدیکە کات بەفیڕۆ نەدەین. ئەزموونی کورد لەگەڵ ڕژێمەکانی عێراق ئەوەمان پێ دەڵێت، کەوا متمانە بە دەسەڵاتەکانی عێراق نەکەین، بۆیە پێویستە لە ئێستاوە خۆمان بۆ ئەو ئەگەر و پێشهاتانە ئامادە بکەین کە دێنە پێشەوە و کاریگەرییان لەسەر گەلی کوردستان دەبێت، لەم پێناوەشدا پێویستە:

١ - ناوەندی سیاسیی کوردستان ڕێکبخرێتەوە و ئەنجومەنێکی سیاسی لە نوێنەرانی تەواوی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکبهێندرێت، بۆ ئەوەی هەموو لایەنەکان هەست بە بەرپرسیارێتیی تەواو بکەن و ڕۆڵی خۆیان لەم ئەنجومەنەدا ببینن.

٢ - پێکهێنانی بۆردێك لە کەسانی شارەزا و بوێر بۆ دیالۆگ لەگەڵ بەغدا، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا ئەو بۆردە لە ڕێی دیالۆگەوە هەوڵ بدات، کێشە هەڵپەسێردراوەکانی نێوان هەولێر و بەغدا چارەسەر بکات.

٣ - پێکهێنانی بۆردی سەربەخۆیی کوردستان و کارکردن بۆ جووڵاندنی ئەنجامی ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان، بە شێوەیەکی هێمنانە و لە ڕێی کۆمەڵێ کەسایەتیی کوردستانی و دۆستانی گەلی کوردستان، کە وادەکات هەموو لایەك بزانن کەوا کورد دەستبەرداری مافە نەتەوەیی و نیشتمانییەکانی نابێت.

٤ - لەسەر ئاستی نەتەوەیی پێویستە بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی سەرتاسەری بۆ تەواوی هێزو لایەنە سیاسییەکانی هەرچوار پارچەی کوردستان بکرێتە ئەرکێکی نەتەوەیی و بە پەلەی ئەم قۆناخەی خەباتی گەلەکەمان و تا ڕۆژێك زووتر ببەسترێت باشترە، لەبەر ئەوەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین لە بەردەم کۆمەڵێ گۆڕانکاریی مەزندایە، پێویستە ئێمەیش وەك نەتەوەیەکی ماف زەوتکراو بەرنامە و کارنامەی نەتەوەیی خۆمان لەسەر ئاستی نەتەوەیی هەبێت، بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکاری و پێشهاتەکاندا، نەك شتی لابەلا، بۆ ئەمەش پێویستە بە زووترین کات کۆنگرەی نەتەوەیی ببەستین، بۆ ئەوەی نەکەوینە دوای خەڵکی دیکەوە، بەتایبەت ئێستا کەوا کورد کارتێکی بەهێزە لە گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤیندا، بەڵام ئەوەی جێگەی داخە بەرنامەیەکی نەتەوەیی و یەکگرتوومان نییە بۆ چۆنیەتی مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکارییەکاندا.

بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەم قۆناخەی خەباتی گەلی کوردستاندا وەرچەرخانێکی مەزن دەبێت لە دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستاندا و دەبێتە هۆکاری پێشڤەچوونی زیاتری پرسی کورد لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەکەو جیهاندا، لە هەمان کاتدا وەرەبەخش دەبێت بۆ خەباتی بەشەکانی دیکەی کوردستان، بۆیە پێویستە ئەم ئەرکە نەتەوەیی و نیشتمانییە دوا نەخرێت و، بە زووترین کات ئەنجام بدرێت، بۆ ئەمەش پێویستیمان بە ئیرادەی بەهێز و بڕیاری بوێرانەی نەتەوەییە.

٥ - لایەنە سیاسییەکانی باکوور و ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان، ڕەچاوی ڕەوشی باشووری کوردستان بکەن و پشتیوانی لە باشووری کوردستان بکەن، ئەمەش دەبێتە هەنگاوێك بۆ یەکدەنگیی نەتەوەیی لەپرسە چارەنووسسازەکاندا.

٦ - دامەزراندنی سندوقی داهاتی نەتەوەیی و کۆکردنەوەی داهاتەکانی کوردستان لەم سندووقەدا بۆ ئەوەی داهاتی کوردستان بچێتە خەزێنەی حکومەت نەك خەزێنەی حزبەکان، پێویستە حکومەتی کوردستان چاو بە سیاسەتی فرۆشتنی نەوتی کوردستاندا بخشێنێتەوە و بەردەوام بێت لەسەر هەناردەکردن و فرۆشتنی نەوتی کوردستان، بۆ ئەوەی لە ڕووی ئابوورییەوە پشت بە خۆی ببەستێت و ببێتە خاوەن ئابوورییەکی سەربەخۆ.

لەم ڕەوشەی ئێستای عێراقدا، پێویستە کورد بە یەکگرتوویی بەو شێوەیەی کە باسمان کرد کار بکات و، بەرژەوەندیی نەتەوەیی و نیشتمانی بخاتە سەرووی هەموو بەرژەوەندییەکی دیکە، بەمەش پێگەی کورد بەهێزتر و باڵاتر و ئایندەشمان ڕۆشنتر دەبێت.


ڕۆما - ئیتاڵیا

**بە کردەیی ئەوە بەدەرکەوت، کەوا سوپای عێراق سوپایەکی تائیفییە نەک سوپایەکی نیشتمانی و ناتوانێت ئەو ناوچانە بپارێزێت**

**ئەزموونی زیاتر لە هەشتا ساڵەی ڕابردووی عێراق ئەوەی بۆ سەلماندووین، کەوا زۆر زەحمەتە پێکهاتەکان تاسەر بتوانین لە چوارچێوەی نەخشەی داتاشراوی عێراقدا بژین**

**بەستنی کۆنگرەیەکی نەتەوەیی لەم قۆناخەی خەباتی گەلی کوردستاندا وەرچەرخانێکی مەزن دەبێت لە دیرۆکی بزاڤی ڕزگاریخوازیی نیشتمانی کوردستاندا و دەبێتە هۆکاری پێشڤەچوونی زیاتری پرسی کورد لەسەر ئاستی نەتەوەیی و ناوچەکەو جیهاندا**

**پێویستە سندوقی داهاتی نەتەوەیی دابمەزرێت و کۆکردنەوەی داهاتەکانی کوردستان لەم سندووقەدا بۆ ئەوە بێت کە داهاتی کوردستان بچێتە خەزێنەی حکومەت نەک خەزێنەی حزبەکان**



مەلا خالید عەبدوڵا هاودیانی

ئەندامی فەتوای سۆران بۆ گوڵان:

# پێشمەرگە سێ پلەی شەهادەتی هەیە

# کورد دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت، ئیسلامەتیشی بۆ جێبەجێ نابێت

**مەلا خالید هاودیانی کە لە ساڵی ١٩٧٠ لە مزگەوتی گەڵاڵە لە کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی زانایان بەشدار بوو، ماوەیەکی زۆر سەرۆکی فەتوای سۆران بووە و لە ئێستادا ئەندامی فەتوای سۆرانە و مۆڵەتی بە چەندین مەلا و فەقێ داوە و، شارەزایی لە فقهی ئیسلامی هەیە و، هەمیشە دژی هەموو توندوتیژی و توندڕەوییەك بووە و ڕای وایە موسڵمان و باوەڕداری ڕاستەقینە ئەو کەسەیە زیانی بۆ کەس نەبێت؛ لەم دیدارەدا چەند پرسیارمان ئاراستە کرد و بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.**

*** وەکو مامۆستایەکی دێرینی ئایینی چۆن دەڕوانیتە کەلتووری پێکەوە ژیان و لێبووردەیی کە لەناو کوردی موسڵمان بوونی هەیە و تا چەند بەهێزکردنی ئەم چەمکە بۆ ئێمەی کورد گرنکە؟**

- کورد میللەتێکی ئاشتیخواز و مرۆڤدۆستە، تەنانەت لە دوای هاتنی ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش کورد ڕێگایان نەدا فکری توندوتیژی و توندڕەوی بخزێتە ناو ئایینەکەیانەوە، بەپێچەوانەی زۆر لە نەتەوەکانی دراوسێمان، کە ئەوان ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان بۆ بەهێزکردنی حوکمڕانیی خۆیان و چەوسانەوەی نەتەوەکانی دیکە بەکارهێناوە، بەڵام هەرچی کوردە ئایینی پیرۆزی ئیسلامی وەکو ڕەسەنایەتییەکەی خۆی وەرگرتووە و کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەییان تێدا بەهێز کردووە.

ئایینی پیرۆزی ئیسلام جگە لە ەحاڵەتی بەرگریکردن لە ماف و خاك و وڵاتی ئایینێکی ئاشتیخوازە و دژ بە هیچ ئایینێکی دیکە نییە و بە ڕوون و ئاشکرا باوەڕی بە پێکەوەژیان و ڕێزگرتنە لە هەموو ئایین و ئایینزاکانی دیکە، جوانترین بەڵگەش بۆ ئەمە پەیماننامەی مەدینە بوو، کاتێك پێغەمبەر (د.خ) کۆچی کرد بۆ مەدینە، لەو شارەدا جوو و مەسیحی دەژیان، ئەوە بوو بۆ پتەوکردنی پێکەوەژیان لەنێوانیاندا یاداشتێکی ١٦ خاڵی نووسی و نەخشەڕێگای پێکەوە ژیان و ڕێزگرتن لەوی دیکەی دامەزراند و ماف و ئەرکەکانی هەمووانی دیاری کردو هێرش و دژایەتیکردنی یەکتری قەدەغە کرد. ئەم حاڵەتە لە هەرێمی کوردستان مێژوویەکی قووڵی هەیە. کورد بۆ خۆی میللەتێکی زۆر ئاشتیخوازە و دەستدرێژی نەکردووەتە سەر هیچ نەتەوەیەك و بەپێچەوانەوە لە مێژوودا بە دەیان جار تەعدا و دەستدرێژی کراوەتە سەر و زڵم و غەدرێکی زۆری لێ کراوە و کۆمەڵکوژ کراوە، لە زۆربەی وێستگە گرنگەکان و لەناو ڕووداوەکاندا هەرچی ئەو پەیمان و بەڵێنانەی بە کورد دراون لێیان پاشگەز بوونەتەوە، لە مێژووی نوێی گەلەکەشماندا ئەم حاڵەتانە زۆرن، ئەوەتا لە دوای ڕووخانی ڕژێمی

**فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی بووە کە ڕێز لە زانا و مامۆستای ئایینی و ئایینزاکان و هەموو گرووپ و حزبەکانی دیکەی کوردستان بگیرێت**

بەعس بە دەیان بەڵێنیان پێ داین، کەچی تەنانەت بڕوایان بەو مافەی کوردیش نەبوو کە لەو دەستوورەدا دانراوە کە خۆیان دەنگیان بۆ داوە، لە ڕیفراندۆمیشدا بە هەمان شێوە غەدر و زوڵمێکی زۆریان بەرامبەر کورد ئەنجام داوە، هەروەکو چۆن لە بەیاننامەی ١١ی ئاداردا حوکمڕانە شۆڤێنییەکان لەبری ئەوەی بەڵێن و مادده و بڕگەکانی ئەو ڕێکەوتننامە مێژووییە جێبەجێ بکەن، کەچی پیلانی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمریان لە حاجی ئۆمەران دارشت کە خۆشبەختانە لەو بۆسەیەدا لێی دەرباز بوو، دوای ئەوەی کەسێکی مەسیحی خۆی کردە قوربانیی بارزانیی نەمر. ئەو دەمەی جووەکانیان دەناردە ئیسرائیل، ماڵێکی جوو لە یەکێك لە گوندەکانی دەڤەری لە سیدەکان بوو، خەڵکەکەی چوونە ڕەواندز و وتیان قبووڵمان نییە ئەو ماڵە جووە بنێردرێتە فەلەستین، لە هەموو ناوچەکانی کوردستان مەسیحی و جوو و کاکەیی و ئێزدی و چەندین ئایین و ئایینزای دیکە هەبوون، کورد پارێزگارییان لێ دەکردن و شایی و شینیان لەگەڵ کوردە موسڵمانەکان پێکەوە بووە، لەمەشدا ڕۆڵی زانا و مەلای کورد زۆر گرنگ بووە، لە هەموو گوندێکی کوردستاندا مزگەوت و مەلایەك هەبووە کە کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتی بڵاو کردووەتەوە. مەلا مستەفا بارزانی ڕەحمەتی خوا لێی خۆشبێت، لە کۆبوونەوەیەکدا پێی وتین: لە سلێمانی لە مەنفا بوو، لەسەر دەستی مەلایەك بە ناوی مەلا عەبدوڵای چروستانی خوێندوویەتی و بڕوانامەی وەرگرتووە. لە ساڵی ١٩٧٠ کە بەیانی ١١ی ئادار درا، ئەو مامۆستایە هاتە حزووری مەلا مستەفا بارزانی لە دیلمان و لە بەردەمی ئێمە مەلا مستەفا پێی وت: «بۆ هەواڵی سەردانەکەتت بۆ نەناردووم، تاوەکو لە گەڵاڵەوە پێشوازیم بکردایە»، فەرمانی مەلا مستەفا بارزانی بووە کە ڕێز لە زانا و مامۆستای ئایینی و ئایینزاکان و هەموو گرووپ و حزبەکانی دیکەی کوردستان بگیرێت.

*** هەموو ڕێبەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان هەڵکەوتوون و ڕێبەرایەتیان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، ئایا شەرعییەتی پارێزگاریگردن لە نیشتمان بەپێی قورئان و شەریعەتی ئیسلام چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: (من قتل دون ماله فهو شهيد و من قتل دون دمه فهو شهيد و من قتل دون دينه فهو شهيد) واتە کەسێك لە سەر خوێنی خۆی بکوژرێت، شەهیدە و کەسێك لە سەر ماڵی خۆی بکوژرێت، شەهیدە و هەر کەسێکیش لەسەر ئایینی خۆی و نامووسی بکوژرێت شەهیدە، کەواتە هەر دوژمنێك تەعەدا بکات لە سەر خاکت و بیەوێت ماڵ و نامووست لەناو بەرێت، بەرگری لەسەر داناویت و، ئەگەر بکوژرێیت شەهید دەبیت، بەم شێوەیە لە شەڕی داعش پێشمەرگە سێ پلەی شەهادەتی هەیە، لە هێرشکردنە سەر ماڵ و خاکی و دەیانەوێت بیانکوژن و دەست بۆ نامووسیان بەرن.

*** وەکو مەلایەکی دێرینی کوردستان لەگەڵ مەلا مستەفا بارزانی لە شۆڕش بوویت، پرسیار ئەوەیە تاچ ڕاددەیەك بارزانیی نەمر پاڵپشت و داخوازیکار بووە بۆ مافی کەمینە و نەتەوە و ئایینزاکان؟**

- من لە یەکەمین کۆنگرەی یەکێتی زانایانی ئیسلام کە لە ٢١ی ئەیلوولی ساڵی ١٩٧٠ لە مزگەوتی گەڵاڵە دامەزرا، ئەندامی ئەو کۆنگرەیە بووم و مەلا مستەفا بارزانی خوا لێی خۆش بێت ئامادە بوو. داخوازیی جەنابی بارزانیی نەمر هەمیشە بۆ گەلی کوردستان ئەوە بووە «یەکڕیز و یەکدەست و یەکترگیر بن»، بۆیە زۆر جار مامۆستای ئایینی کۆ دەکردنەوە و داوای لێ دەکردن کە یەکترگیر بن و لە وتاری هەینی خەڵك وشیار بکەنەوە، بۆ یەکڕیزی، ئەوە بوو تاوای لێهات داوای لە مامۆستایان کرد، یەکێتییەك پێك بهێنن و مامۆستاکانیش قبووڵیان کرد، خودی بارزانی هەر لە هەمان ڕۆژ وتارێکی بە نرخی فەرموو، لە بەر زۆری ناکرێ هەمووی باس بکەم، بەڵام جگە لە وتارەکە، وەکو لە یادمە ئەوەشی فەرموو: «ئەگەر ئێوە یەکترگر بن، من بۆ هەموو خزمەتێکتان ئامادەم، خۆ ئەگەر ئێوە بە گوێرەی شەریعەت و فەرمانەکانی خودا و پێغەمبەر کار بکەن، من ئامادەم بە کۆڵی

**مەلا مستەفا بارزانی، گەورە و بە گچکەی نەهێشت و داوای کرد کچان بە زۆر مارە نەکرێن و ژن بە ژنی نەکرێت**

**لە دوای ڕووخانی ڕژێمی بەعس بە دەیان بەڵێنیان پێ داین، کەچی تەنانەت بڕوایان بەو مافەی کوردیش نەبوو کە لەو دەستوورەدا دانراوە کە خۆیان دەنگیان بۆ داوە**

**پیلانی تیرۆرکردنی بارزانیی نەمریان لە حاجی ئۆمەران دارشت کە خۆشبەختانە لەو بۆسەیەدا لێی دەرباز بوو، دوای ئەوەی کەسێکی مەسیحی خۆی کردە قوربانیی بارزانیی نەمر**

**لە هەموو گوندێکی کوردستاندا مزگەوت و مەلایەک هەبووە کە کەلتووری پێکەوەژیان و لێبووردەیی و ئاشتی بڵاو کردووەتەوە**

خۆم خۆڵتان بۆ بکێشم.» هەروەها داوای لە ماموٚستایان کرد، خەڵکی هوشیار بکەن بەوەی بەرگری لە خاك و نامووسی خۆیان بکەن، پاشان دەستەی کارگێڕی لە ماموٚستا مەلا عوسمان گۆجە و ماموٚستا ملا وەیسی گرتکی و مەلا قادر سکتانی و مەلا مستەفا دارئەلسەلام و مەلا عەبدوڵا قەڵاتی هەڵبژێردران و، ماموٚستا مەلا عەلی هەولێری کرا بە سەرۆکی یەکێتیی زانایان و تێکڕای ماموٚستا ئایینییەکانی ناوچەی باڵەك و ئەوانی تریش بانگهێشتی سەر ئەو کۆنگرەیە کرابوون، ئینجا دوای کۆتایی کۆنگرە ماموٚستاکان ئەوانەی دەستەی هەڵبژاردن بوون، لەگەڵ ماموٚستا مەلا عوسمان بۆ نانخواردنی نیوەڕۆ چوون بۆ گوندی وەلزە، دواتر لقەکان هەڵبژێردران. مەلا محەمەد دەڵگەیی بوو بە لێپرساوی لقی ٧ی پشدەر، منیش کە لە گوندی ئێندزە مەلا بووم، هەڵبژێردرام بۆ ئەندامی لێژنەی ناوچەی قەندیل و مەلا شێخ محەمەد قەرناقەوی هەڵبژێردرا بە لێپرساوی ناوچەی قەندیل. مەلا مستەفا بارزانی، گەورە و بە گچکەی نەهێشت و داوای کرد کچان بە زۆر مارە نەکرێن و ژن بە ژنی نەکرێت، مەلا مستەفا بارزانی باڵێکی لەلای ئایین بوو، باڵەکەی دیکەی لای خزمەتی خاك و وڵات و نەتەوەکەی بوو.

*** لێرەو لەوێ بە ناوی جیاجیاوە هزری توندڕەوی و توندوتیژی دەهێنرێتە ناو کۆمەڵگەوە، حزبی ئیسلامی سیاسی و فکری نامۆ بەم کۆمەڵگەیە بڵاو دەکرێتەوە، ئایا ئایینی پیرۆزی ئیسلام تا چەند لە دژی ئەم توندڕەوی و توندوتیژییەیە؟**

- ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ئاشتییەوە هاتووە و بە ڕوون و ئاشکرا داوا لە موسڵمانان دەکات ئاشتیخواز بن. خودای گەورە و میهرەبان پێغەمبەرمان (د.خ) نارد بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی لەو جەهالەت و زوڵمە ڕزگار بکات و، ڕێگەی نەدا توندوتیژی بەکار بهێنێت و پێی فەرموو: (لست عِلِيْهِمْ بِمِسِيْطِرٍ) تا چەند ساڵێك ڕێگای نەدا پێغەمبەر شەڕ بکات، تا ئەو کاتەی زوڵم و ستەم لە سەر موسڵمانەکان زۆر بوو، ئەو کات خودای گەورە و میهرەبان مۆڵەتی جیهادی پێ دا. پێناسەی موسڵمانیش ئەوەیە: المسلمُ من سِلِمَ المسلمونِ من لسانهِ و يدهِ، واتا موسڵمان ئەو کەسەیە بەدەم و کردەوە زیانی بۆ کەس نەبێت، پێناسەی باوەڕداریش بریتییە لەوەی باوەڕدار لە دەستی سەلامەت بن، ئا ئەمە پێناسەی موسڵمان و باوەڕداران بێت، ئیتر چۆن خودای گەورە و میهرەبان ڕێگا دەدات لە بازاڕێکدا خۆت بتەقێنیتەوە و منداڵ و ژن و پیاوی بەتەمەن بکوژی، یان هەرگیز ڕێگەت پێ نادات، پێشمەرگە لە سەر خاکی خۆی بکوژیت و هێرش بکەیتە سەر گوندنشینەکان و تەعەدا لە ماڵ و حاڵیان بکەیت، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: لیس منا من لم يدافع عن



**مەلا مستەفا بارزانی باڵێکی لەلای ئایین بوو، باڵەکەی دیکەی لای خزمەتی خاک و وڵات و نەتەوەکەی بوو**

عشیرتە. واتا ئەو کەسە لە هۆزی من نییە بەرگریی لە هۆزی خۆی نەکات، ئاشکراشە لێرەدا مەبەستی هۆزە. هەروەها نابێت بە ناوی ئیسلام حزب دابمەزرێنیت و خەڵکێکی ڕەش و ڕووت و بەشمەینەت ئیستغلال بکەیت، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پۆست بەکاریان بهێنیت. دەبێت وشەی خودا و پێغەمبەرەکەی لە پێناو مرۆڤایەتی و ئاشتی و خۆشگوزەرانی بێت. با جارێ خاکی خۆمان ئازاد بکەین و سەربەخۆیی بەدەست بهێنین، ئەو کات بە ناوی ئیسلامەوە قسە بکەن. مرۆڤ کە خاك و سەربەخۆیی نەبوو، ئیماندارییەکەشی کەموکورتی تێدا دەبێت. کورد خاك و دەوڵەتی سەربەخۆی نەبێت، ئیسلامەتیشی بۆ جێبەجێ نابێت.

**نابێت بە ناوی ئیسلام حزب دابمەزرێنیت و خەڵکێکی ڕەش و ڕووت و بەشمەینەت ئیستغلال بکەیت، بۆ گەیشتن بە دەسەڵات و پۆست بەکاریان بهێنیت**



**گۆهدار شێخۆ**
**سەرپەرشتیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بۆ گوڵان:**

# بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆ بۆ خەڵکی زاخۆ خەونێک بوو کابینەی نۆیەم هێنایەدی

**شاری زاخۆ جیا لەوەی کە بە درێژایی شۆڕشەکانی کوردستان لە ڕیزی پێشەوەی قوربانیدان بووە، لە هەمانکاتدا سیمایەکی جوانی بەیەکەوەژیانی ئاشتییانەی نەتەوە و ئایینە جیاوازەکانی لە خۆیدا کۆکردووەتەوە. زاخۆ شاریکی دێرینە و خاوەنی چەندین شوێنەواری شارستانیەتە و لە سەرووی هەموویانەوە شوێنەوارە بەناوبانگەکەی «پردی دەلال»ـە و سرووشتی جوان و دڵڕفێنی ئەم شارە دەرگای بۆ دەیان پڕۆژەی گەشتیاری کردووەتەوە و، دەوڵەمەندە بە سامانی سرووشتیی نەوت و، هەڵکەوتە جوگرافیاکەشی کە هاوسنوورە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی تورکیا و سووریا، ئەم شارەی کردووەتە شارێکی گەورەی ئاڵوگۆڕی بازرگانی. لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوو لە سەر ڕاسپاردەی سەرۆك بارزانی، کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا کە زاخۆ ببیتە ئیدارەیەکی سەربەخۆ، بۆ ئەوەی دەرفەتی باشتر بۆ خزمەتکردنی ئەم شارە بێتە ئاراوە، بۆ قسەکردن لە سەر هەیکەلەییەتی تازەی ئیدارەی سەربەخۆ و چۆنیەتی خزمەتکردنی هاووڵاتیانی، ئەم دیمانەیەمان لەگەڵ گۆهدار شێخۆ ئەنجام دا و، بەمجۆرە بۆ گوڵان هاتەئاخاوتن.**

*** شاری زاخۆ لەلای جەنابی سەرۆك بارزانی تایبەتمەندیەکی خۆی هەیە و، بە دڵ و ڕۆحی خۆی ناوی دەبات و، هەر بەڕێزیشی پەیمانی پێدان کە بکرێتە ئیدارەی سەربەخۆ و ئەمساڵیش کابینەی نۆیەم بڕیاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆی جێبەجێکرد و بەڕێز مسرور بارزانی خۆی هاتە زاخۆ و بڕیارەکەی جێبەجێ کرد، ئایا بوونی زاخۆ بە ئیدارەی سەربەخۆ بۆ ئێوە چ مانایەکی هەیە؟**

- بۆ ئێمە وەك خەڵکی زاخۆ جێگەی شانازییەکی گەورەیە کە شارەکەمان جێگەی بایەخ و تایبەتمەندی بارزانی باب و ئیستا جێگەی بایەخی سەرۆك بارزانی یەو دەڵێت: «زاخۆ ڕۆح و دڵی منە»، بەمەش ئێمە سەربەرزین کە بەXێزیان ئەم وەسفە بەرزەی بۆ زاخۆ کردووە و، پەیمانی پێداین کە زاخۆ بکرێتە ئیدارەی سەربەخۆ و، سوپاس بۆ خوا کە بڕیاری بوونی زاخۆ بە ئیدارەی سەربەخۆ لەلایەن کابینەی نۆیەم و بەڕێز کاك مسرور بارزانی جێبەجێ کراو، زۆر خۆشحاڵیش بووین کە سەرۆکی حکومەت خۆی هاتە زاخۆ و لە مەراسیمی راگەیاندنی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ئامادەبوو، ئەمەش بۆ خەڵکی زاخۆ جێگەی تەقدیر و ڕێزێکی گەورە بوو، لەبەر ئەوەی ئەم بڕیارە بۆ ئێمە خەونێکی گەورەبوو، خەڵك هەموو چاوەڕێی ئەوە بوون کە پەیمانەکەی سەرۆك بارزانی بێتە جێبەجێکردن، بۆیە ئەو ڕۆژە بۆ ئێمە رۆژێکی مێژوویی بوو.

*** ئەو هۆکارە سەرەکیانە چی بوون کە بیر لەوە کرایەوە زاخۆ بکرێتە ئیدارەیەکی سەربەخۆ؟**

- خۆتان دەزانن خاڵی گرنگ لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و کەمکردنەوەی رۆتین بوو، بۆ ئەوەی بە شێوازێکی خێرا خزمەتگوزاری بگاتە هاوڵاتیان، لەم چوارچێوەیەدا زۆر جار خەڵکی ئێمە گلەیی ئەوەی دەکرد کە وەك پێویست خزمەتی ئەم شارە نەکراوە، بۆیە ئەمە یەکێك بوو لەو هۆکارانەی کە بەڕێز سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بڕیاری دا، راستەوخۆ خزمەتی خەڵکی ئەم دەڤەرە بکرێت و، خزمەتگوزاریان پێشکەش بکرێت و، بە هەمان شێوەش راستەوخۆ کێشەکانیان چارەسەر بکرێت، لەو ماوەیەشی کە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ راگەیەندراوە کە سنورەکەی هەردوو قەزای ( ناوەندی زاخۆ و باتیفا ) دەگرێتەوە و دەستمان بەکارکردووە، دەسەڵاتەکان لە ئیدارەی سەربەخۆوە بۆ بەڕێوەبەرایەتییەکان و فەرمانگاکان شۆڕبوونەتەوە و، راستەوخۆ

**شانازیکردن بە خزمەتکاریی میللەتی خۆت ڕاسپاردەی بارزانیی بابە بۆ هەمووومان و ئێستاش جەنابی سەرۆک بارزانی هەر ئەو داوایەمان لێ دەکات**

**جێگەی شانازییەکی گەورەیە کە شارەکەمان جێگەی بایەخ و تایبەتمەندیی بارزانی باب بووە و ئێستا جێگەی بایەخی سەرۆک بارزانی-یە کە دەڵێت: «زاخۆ ڕۆح و دڵی منە»**

**خاڵی گرنگ لە کارنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، شۆڕکردنەوەی دەسەڵاتەکان و کەمکردنەوەی ڕۆتین بووە**

**لەو ماوەیەی کە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ ڕاگەیەندراوە کە سنوورەکەی هەر دوو قەزای (ناوەندی زاخۆ و باتیفە) دەگرێتەوە، دەستمان بە کار کردووە، بە شێوەیەکی بەرچاو ڕۆتین کەم بووەتەوە**

مامەڵەی هاوڵاتیان لەگەڵ ئیدارەی سەربەخۆ بەڕێوە دەچێت و ئێمەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ سەرووی خۆمان کە وەزارەت و دەستەکانە کارەکانی خۆمان بەڕێوە دەبەین.

*** دوای بوونی زاخۆ بە ئیدارەی سەربەخۆ، بێگومان چەند ئەولەویەتێك هەیە، کە کردووتانە بە بەرنامەی کاری خۆتان، ئەو ئەولەویاتەنە چین کە زۆر گرنگن بۆ ئەم شارە؟**

- هەر لەسەرەتای دەستبەکاربوونمان وەك ئیدارەی سەربەخۆ، هەوڵمانداوە ئەو سێکتەرانە بکەینە ئەولەویەت کە ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەیە، بۆ ئەمەش سێ سێکتەرمان کردووە بە ئەولەویەت کە ئەوانیش بریتی بوون لە:

١- سێکتەری پەروەردە

٢- سێکتەری تەندروستی

٣- سێکتەری شارەوانی و خزمەتگوزاری گشتی و سەرەکی.

بۆ چارەسەری بە پەلەی کەموکورتیەکانی ئەم سێ سێکتەرە سەرەکیە، سەرۆکی حکومەت هاوکاری بۆ چەند پرۆژەیەکی زاخۆ خەرجکرد، لەوانە (تەرخانکردنی بڕی نزیکەی سێ ملیار دینار بۆ چارەسەرکردنی کەموکورتیەکانی کەرتی تەندروستی لەزاخۆ، هەروەها کەموکورتی دیکەشمان لەم سێکتەرە هەبوو وەك نەبوونی پزیشك و کارمەندی تایبەتمەند لە نەخۆشخانەکان کە پێشتر لە نەخۆشخانەکانی زاخۆ بوونیان نەبووە، داوامانکردووە بە گرێبەست زیاد بکەین.

لە بواری پەروەردەش، کە شاری زاخۆ نزیکەی ١٠٠ هەزار قوتابی هەیە ، هەوڵماندا لەڕێگەی سەرۆکی حکومەت و وەزارەتی پەروەردە، ڕەزامەندنی بۆ تەواوکردنی ٣ قوتابخانە وەربگرین کە پێشتر دەستی پێکرابوو بەڵام کارەکانی ڕاوەستابوو و ئێستا بڕیار دراوە کارکردن لەو سێ قوتابخانەیە بەردەوام بێت، هەر لە چوارچێوەی ئەم سێکتەرە لەلایەن سەرۆکی حکومەتەوە بڕی ٨٠٠ ملیۆن دیاری دیکە بۆ نۆژەنکردنەوەی ٣٢ قوتابخانەی دیکە تەرخانکراوە کە لەم ڕۆژانە دەچێتە بواری جێبەجێکردنەوە.

لە بواری چارەسەرکردنی کەموکورتی خزمەتگوزارییە گشتی و سەرەکیەکانیش، چەند ساڵێك بوو لە زاخۆ کێشەی ریسایکلینی زبڵ و خاشاك هەبوو، توانیمان بەڕێگەی وەزارەتی شارەوانی و شارەوانیی زاخۆ و لایەنە پەیوەندارەکانی دیکە لەگەڵ ئەو کۆمپانیایە کۆببینەوە بۆ ئەوەی بتوانین ئەو کێشەیە چارەسەر بکەین، خۆشبەختانە ئەو کێشەیە ئێستا تا ڕادەیەك باشترە.

هەر لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بە خاڵێکی گرنگ بکەم ، بەڕیز کاك مسرور بارزانی کە دەست بەکاربوو وەك سەرۆك وەزیرانی کابینەی نۆیەم یەکەم سەردانی بۆ شاری زاخۆ بوو، لەم سەردانەیدا بڕی ٥٠ ملیار دیناری بۆ چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی وەك «ئاوەرۆ و شەقام و ژمارەیەك پرۆژەی جۆراوجۆری دیکە» بۆ تەرخانکردین، ئەم پرۆژانە تەواوی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بە هەردوو قەزای ناوەندی زاخۆ و باتیفە دەگرێتەوە و بەشێکی زۆر باش لەم پرۆژانە تەواو بوون بەشەکەی دیکەشیان کارکردن تیایاندا بەردەوامە.

*** ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، پێشتر بەشێك بووە لە پارێزگای دهۆك و، دوای بوونی بە ئیدارەی سەربەخۆ، ئەوا پێویستان بە دروستکردنی چەندین فەرمانگەی تازە دەبێت، ئایا لەم ڕووەوە هەماهەنگیتان لەگەڵ پارێزگای دهۆك چۆنە و دەتانەوێت بەڕێوەبەراتیەکانتان چی لێ بکەن؟**

- هەر لەسەرەتاوە هەوڵەکانمان بۆ ئەوەبوو کە هاوکاری و هەماهەنگیەکی باشمان لەگەڵ پارێزگای دهۆك هەبێت، بەسوپاسەوە دکتۆر عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆك هاوکاری و هەماهەنگی باشی کردووین و توانیمان پێکەوە هەیکەلیەتی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ دروست بکەین، بەردەوامیش بۆ ڕاهێنانی کادرە کارگێڕیەکانمان و وەرگرتنی ڕاو بۆچوونەکانیان سەردانیان کردووین و هاوکاریان کردووین هەتا ئەوانیش بتوانن لەسەر پێی خۆیان ڕابوەستن و، تائێستا ئەم کارانەمان کردووە:

١- توانیوومانە لەرووی هەیکەلی ئیدارییەوە هەر دوو قەزای ناوەندی زاخۆ و

قەزای باتیفا رابگەیەنین و ئێستا قائیمقامی باتیفامان بە وەکالەت دەسنیشان کردووە، هەروەها ناحیەی بێگۆڤا-ش کە پێشتر بڕیاری لەسەر درابوو، ئەو ناحیەیەش راگەیەنراو بەڕێوەبەری ناحیەکە دەست بەکار بووە.

٢- بڕیاردا کە بۆ هەر چوار سێکتەری (تەندروستی، پەروەردە، شارەوانی و کشتوکاڵ) چوار بەڕێوەبەرایەتی گشتی بونیاد بنرێن، هەتا ئێستا هەردوو بەڕێوەبەرایەتی گشتی (تەندروستی و شارەوانی) لە قۆناخی کۆتاییدان و بەم نزیکانە ستافەکەشی رادەگەیەنین، دوو بەڕێوەبەراتیە گشتیەکەی دیکەش (پەروەردە و کشتوکاڵ) لە پرۆسەدان و کاریان لەسەر دەکرێت بۆ ئەوەی ئەوانیش جێبەجێ دەکرین، ئامانج لە بڕیاردان لەسەر ئەم چوار بەڕێوەبەرایەتیە گشتیە بۆ ئەوە بوو کە بتوانن راستەوخۆ لەگەڵ وەزارەت و دەستەکانی حکومەت مامەڵە بکەن و کێشەی هاوڵاتیان چارەسەربکەن.

٣- بڕیاردرا کە هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (وەبەرهێنان و نەخشەدانان) کە پێشتر لە زاخۆ نەبوون، بونیادبنرین، ئەم دوو بهڕێوەبەرایەتیە تەواو بوون و بەڕێوەبەرەکانیان دەستبەکار بوون.

٤- بڕیاری بونیادنانی هەردوو بەڕێوەبەرایەتی (تۆماری کۆمپانیاکان و بەریۆەبەرایەتی گەشەپێدانی پیشەسازی) دراون و، ڕەزامەندیان لەسەر دراوە، خەریکین ئەو دوو بەڕێوەبەرایەتیەش بونیاد دەنێین.

٥- پلانمان هەیە بۆ دامەزراندنی (ژووری بازرگانی زاخۆ) لەسەر ئەم پرسە لەگەڵ بەڕێز کاك دارا جەلیل خەیات سەرۆکی ژوورە بازرگانیەکانی هەرێم قسەمان کردووە کە بەزووترین کات ژووری بازرگانی لە زاخۆ دابمەزرێت.

لێرەدا دەمەوێت ئاماژە بەوە بکەم، ڕاستە هەندێك وەك بەڕێوەبەرایەتی گشتی بونیادنراون و هەندێکیش وەك بەڕێوەبەرایەتی، بەڵام هەردوولایان راستەوخۆ دەتوانن لەگەڵ وەزارەت و دەستەکانی حکومەت بەدواداچوون بۆ مامەڵە و کاروباری هاوڵاتیان بکەن و راستەوخۆ کێشەکانیان بۆ چارەسەر بکەن.

*** زاخۆ شارێکی جوان و گونجاوە بۆ بواری وەربەرهێنان بەتایبەتیش لە سێکتەری گەشتوگوزار، ئایا بەرنامەتان بۆ پەرەپێدانی وەبەرهێنان چۆنە؟**

- دوای تەوابوونی ئەو سێ سێکتەرە سەرەکیە (تەندروستی، پەروەردە، شارەوانی) کە پێشتر ئاماژەم پێکرد، هەوڵمانداوە دوو سێکتەری دیکەش گرنگی پێبدەین کە بریتین لە (وەبەرهێنان و بازرگانی) ، ئاشکرایە زاخۆ شارێکی ستراتیژییە و هاوسنورە لەگەڵ هەردوو وڵاتی (سوریا و تورکیا) و رۆژانە ئاڵوگۆڕی بازرگانیان لەگەڵ دەکرێت، بۆیە زۆر گرنگە بایەخ بە سێکتەری بازرگانی بدرێت، خۆشبەختانە بازرگانەکانی خۆمان زۆر باش هاتوونە پێشەوە کە پەرە بە وەبەرهێنان بدەن و لە بواری پیشەسازی وەك دروستکردنی کارگە، هەروەها دروستکردنی پرۆژەی گەشتوگوزاری و بازرگانی و نیشتەجێکردن، لەسەر ئەم بوارانە ئامادەباشی باشیان پیشانداوە.

هەر سەبارەت بە کەرتی گەشت و گوزار، بەداخەوە پێشتر بایەخ بەوە نەدراوە کە ناوچە شوێنەوارەکانیش هەر ناوچەی گەشتیارین، ئێمە زۆر شوێنەواری گرنگمان هەیە وەك (پردی دەلال ، قشڵەی زاخۆ، بازاری کۆنی زاخۆ)، هەروەها هەوڵمانداوە لەگەڵ بەڕێز سەرۆکی حکومەت و بەڕێز نوسینگەی سەرۆکی حکومەت، ڕەزامەندی وەرگیراوە بۆ ئەوەی پێنج پۆندی گەشتیاری لەسەر ڕووباری خابوور لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ دروست بکرێت، دوای ئەوەش پلانمان هەیە پرۆژەی گەشتیاری لە هەردوو بەری ڕووباری خابوور جێبەجێ بکەین ، ئەو پرۆژانەش بریتی دەبن لە پرۆژەی گەشتیاری هەمەجۆر و کافێ و چێشتخانەو شوێنی حەوانەوەی گەشتیاران.

گرفتی سەرەکی ئەم ناوچەیە بە هۆی شەڕ و پێکدادانەکانی (تورکیاو پەکەکە)یە، لە سنوری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ، چەندین گوندمان هەیە چۆلکراون و هەمووشیان ناوچەی گەشتوگوزارین و بە هۆی گێچەڵی تورکیا و پەکەکە ناتوانین وەبەرهێنانی گەشتیاریان تێدا بکەین.

**بەڕێز کاک مسرور بارزانی کە دەست بەکاربوو وەک سەرۆک وەزیرانی کابینەی نۆیەم، یەکەم سەردانی بۆ شاری زاخۆ بوو، لەو سەردانەیدا بڕی ٥٠ ملیار دیناری بۆ چەند پرۆژەیەکی ستراتیژی وەک: «ئاوەڕۆ و شەقام و ژمارەیەک پرۆژەی جۆراوجۆری دیکە» بۆ تەرخان کردین**

**جێگری باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و کونسوولی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی ئیدارەی سەربەخۆیی زاخۆیان کرد و، ئامادەباشییان پیشان دا، بۆ نۆژەنکردنەوەی (پردی دەلال و قشڵەی زاخۆ) یارمەتیمان بدەن**

**گرفتی سەرەکیی ئەم ناوچەیە بە هۆی شەڕ و پێکدادانەکانی (تورکیا و پەکەکە)یە، کە وای کردووە، چەندین گوند چۆڵ کراون و هەمووشیان ناوچەی گەشتوگوزارین، بەلام بە هۆی گێچەڵی تورکیا و پەکەکە ناتوانین وەبەرهێنانی گەشتیارییان تێدا بکەین**

> **ژووری بازرگانیی زاخۆ دەبێتە دەرگایەکی بازرگانیی فراوان لە نێوان زاخۆ و شرناخدا**

> **هەر کۆمپانیایەک لە هەر شارێک نەوت بەرهەم بهێنێت، دەبێت کۆمپانیاکە بەشێک بودجە بۆ خزمەتگوزارییەکانی ئەو شارە تەرخان بکات**

> **گوشارمان کردووە بۆ ئەوەی بایەخ بە دەستی کاری لاوەکانی خۆمان بدەن. هەروەها لە زاخۆ بەڕێوەبەرایەتییەکمان هەیە بە ناوی (بەڕێوەبەرایەتیی ڕاهێنان)، واتە ڕاهێنان بە لاوان بکرێت و بۆ پیشەیەک ئامادە بکرێن**

*** هەر لەسەر بواری گەشتیاری شوێنەوار، هەواڵێك هەبوو بەوەی گوایە ئەمریکیەکان هاوکاریتان دەکەن، ئایا ئەو هاریکاریە چۆنە؟**

- پێش ماوەیەك جێگری باڵیۆزی ئەمریکا لە عێراق و کۆنسوولی ئەمریکا لە هەولێر سەردانی ئیدارەی سەربەخۆیی زاخۆیان کرد و ئامادەباشیان پیشاندا بۆ نۆژەنکردنەوەی (پردی دەلال و قشڵەی زاخۆ) یارمەتیمان بدەن و، بەم نزیکانە شاندێکی تەکنیکیان دێنە زاخۆ بۆ ئەوەی هاوکارمان بن دەست بەو دوو پرۆژە گرنگە بکەین.

*** لەبواری پەرەپێدانی کەرتی بازرگانی، ئێستا ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ دراوسێی پارێزگای شرناخە و پەیوەندییەکی گەورەی بازرگانی لەگەڵ زاخۆ هەیە، ئایا بەرنامەتان هەیە هەماهەنگی زیاتر لەگەڵ پارێزگای شرناخی تورکیا بکەن؟**

- پێشتر دکتۆر عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆك باسی ئەوەی کردووە کە شاندێکی بازرگانی ئەوان سەردانی هەرێمی کوردستان دەکەن و شاندێکی ئێمەش سەردانی ئەوان دەکەن، گومانیش لەوەدا نییە بە هۆی هاوسنوری زاخۆ لەگەڵ شەرناخ پەیوەندییەکی فراوانی ئاڵوگۆری بازرگانی لەنیوان هەردوو شارەکە هەیە، هەروەها وەك پێشتریش ئاماژەم پێکرد بەم نزیکانە ژووری بازرگانی زاخۆ دادەمەزرێت، بێگومان ژووری بازرگانی زاخۆ دەبێتە دەرگایەکی بازرگانی فراوان لە نێوان زاخۆ و شرناخدا.

*** دیارە زاخۆ دەوڵەمەندە بە سامانی سروشتی پەترۆل و نەوتێکی باشی هەیە، ئایا داواتان نەکردووە بڕێك پارەی پترۆ دۆلار بۆ زاخۆ دابین بکەن؟**

- لەسەر ئەم پرسە هەوڵەکانمان بەردەوامن و، لەبەر ئەوەی هەر کۆمپانیایەك لەهەر شارێك نەوت بەرهەم بهێنێت، دەبێت کۆمپانیاکە بەشێك لە بودجە بۆ خزمەتگوزارییەکانی ئەو شارە تەرخان بکات، بۆ ئەم مەبەستە دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ کۆمپانیای DNO ی نەرویجی کە لێرە نەوت بەرهەم دەهێنێت و دوای کۆبوونەوەمان لەگەڵ وەزارەتی سامانە سروشتیەکان، بڕیاردراوە ئەو بەشە بودجەی بۆ زاخۆ تەرخانکراوە کەمە و دەبێت زیاد بکرێت، ئەگەر ئەوە بکرێت کەلێنێك بۆ خزمەتگوزارییەکان پڕ دەکاتەوە، بەڵام هێشتا دیار نییە ئەو بڕە چەند دەبێت.

*** ئێستا باس لە کێشەی بێکاری لاوان دەکرێت، ئایا هیچ پرۆژەتان هەیە بۆ بایەخدان بە لاوان و دۆزینەوەی هەلی کار بۆیان؟**

- بۆ ئەم پرسە هەڵمانداوە لەگەڵ لایەنی تایبەتمەند ئامارێك لەسەر ئەو لاوانە بکەین کە خاوەنی بروانامەن و کاریان نییە، هەروەها لەگەڵ کۆمپانیاکانی سنوری خۆشمان کۆبووینەوە و باسمان لەم کێشەیە کردووە و گوشارمان کردووە بۆ ئەوەی بایەخ بەدەستی کاری لاوەکانی خۆمان بدەن ، هەروەها لە زاخۆ بەڕێوەبەرایەتیەکمان هەیە بەناوی (بەڕێوەبەرایەتی راهێنان) ئەمەش واتە راهێنان بە لاوان بکرێت و بۆ پیشەیەك ئامادەبکرێن، ئەمەش فاکتەرێکی گرنگە و ئاسانکاری گەورە بۆ دۆزینەوەی کار دروست دەکات، لەبەر ئەوەی ئەگەر کەسێك پیشەیەك بزانێت زووتر کاری دەست دەکەوێت و داهاتەکەشی باشتر دەبێت. هەروەها لایەنێکی دیکە کە هەڵمان بۆداوە سەبارەت بە گەنجەکانی زاخۆ کە خاوەنی بروانامەن، داوامان لە حکومەت کردووە کە ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لەرووی کارگێڕییەوە فەرمانبەری زۆر کەمە، دەبێت دەرفەتێك بدرێتە زاخۆ بۆ ئەوەی گەنجی خۆمان بە گرێبەست دابمەزرێنین.

*** سیمایەکی دیکەی جوانی زاخۆ ئەوەیە کە زاخۆ (کوردستانێکی بچووکە بۆ پێکەوە ژیان و لێبوردەیی) و هەموو ئایین و نەتەوە جیاوازەکان لەم شارە بوونیان هەیە، ئەمە جیا لەوەی ئاوارەیەکی زۆریش لە زاخۆ هەن، ئایا بەرنامەتان بۆ پاراستنی ئەم مۆزاییکە جوانە چییە؟**

- زاخۆ لە مێژوودا سەلماندوویەتی کە شاری تەبایی و پێکەوژیانی ئایین و نەتەوە جیاوازەکان بووە، سروشتی زاخۆ جۆرە تێکەڵاوییەکی دروستکردووە کە لە هیچ شوێنێکی کوردستان بەو جۆرە ئەو تێکەڵاوییە نابیندرێت، ئێستا لەسەر ئاستی گەڕەکەکانی



شاری زاخۆ، ماڵەکان تێکەڵاون و ماڵێکی کریستیان و ئێزدی لەگەڵ ماڵێکی موسڵمان دراوسێن و کەس هەست بەوە ناکات کە ئەو ماڵانە هەر یەکەیان ئایینێکی جیاوازی هەیە، هەروەها ئێستاش کاربەدەست و بەرێوبەرەکانی ناو ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ لە هەموو ئایین و پێکهاتە جیاوازەکان بوونیان هەیە و کار بەدەستن و ، نەك هەر هیچ جیاوازییەك لەنێوانیان ناکرێت، بەڵکو هەست بەوە ناکرێت کە ئایین و پێکهاتەی جیاوازن، هەفتەی رابردوو من خۆم بەشدار بووم لە کردنەوەی دێرێکی کریستیانەکان لە شاری زاخۆ و لەو رێورەسمەدا پەتریاکی کلدان لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق و جیهان ئامادەبوو، هەروەها ژمارەیەکی زۆری موسڵمانیش لە مەراسیمی کردنەوەی ئەو دێرە ئامادەبوون.

سەبارەت بە ئاوارەکانیش، هەموو لایەك ئەو راستیە دەزانن کە زاخۆ لەشەڕی دژی تیرۆریستانی داعش جیا لەوەی دەیان شەهیدی داوە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان لە هەمانکاتدا پێشوازی لە هەزاران ئاوارە کردووە و ئێستا زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئاوارە لە زاخۆ بوونیان هەیە، ئەو ئاوارانەش ئێستا بە جۆرێك تێکەڵاوی کۆمەڵگەی زاخۆ بوون کە هەست ناکرێت لە دەرەوەی زاخۆ هاتوون، هەروەها خەڵکی زاخۆ چۆن خزمەت دەکرێن و خزمەتگوزاریان بۆ دابین دەکرێت، ئەوانیش بە هەمان شێوە، هەموو ئەمانەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە زاخۆ سروشتێکی مرۆڤدۆستی و میوان دۆستی هەیە، ئێمەش ئەم سیما جوانەی زاخۆ هەم دەپارێزین و هەمیش فراوانتری دەکەین.

*** لەدووماهیدا دەمەوێت ئاماژە بکەم ، لە کابینەی نۆیەمدا وەرگرتنی پۆست واتە بوون بە خزمەتکاری خەڵکە، ئایا تۆ بڕیارت داوە چۆن خزمەتکاری ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆ بکەیت؟**

- شانازیکردن بە خزمەتکاری میللەتی خۆت راسپاردەی بارزانی بابە بۆ هەموومان و ئێستاش جەنابی سەرۆك بارزانی هەر ئەو داوایەمان لێدەکات و لەگەڵ دەست بەکاربوونی کابینەی نۆیەمیش بەڕێز کاك مسرور بارزانی وتی: «من شانازی دەکەم خزمەتکاری خەڵك بم»، لەم روانگەیەوە بۆ من جێگەی شانازییە کە ئەو دەرفەتە هاتە پێشەوە کە بتوانم خزمەتکاری خەڵکی زاخۆ بکەم و، هیچ کاتێك خۆمان بە بەرپرس نەزانیوە و ناشزانین، ئێمە خزمەتکارین لەسەر ئەو رێبازەی جەنابی سەرۆك بارزانی و بەڕێز سەرۆکی حکومەت رایسپاردووین، بۆ ئێمە جێگای شانازییە بتوانین ئەو گوتە بەرزەی بارزانی باب (چەند مەزنە مرۆڤ خزمەتکاری میللەتی خۆی بێت) پراکتیزە بکەین و، جێگەی شانازییە بتوانم خزمەتکاری خەڵکی زاخۆ بم.


**لە زاخۆ ماڵێکی کریستیان و ئێزدی لەگەڵ ماڵێکی موسڵمان دراوسێن و کەس هەست بەوە ناکات کە ئەو ماڵانە هەر یەکەیان ئایینێکی جیاوازی هەیە**

**زاخۆ لە شەڕی دژی تیرۆریستانی داعش جیا لەوەی دەیان شەهیدی داوە بۆ پاراستنی خاکی کوردستان، لە هەمان کاتدا پێشوازی لە هەزاران ئاوارە کردووە و ئێستا زیاتر لە ١٠٠ هەزار ئاوارە لە زاخۆ دەژین**



# پاڵپشتییەکی بەرپرسیارانە بۆ دەسەڵاتی دادوەری





**د.نەژدەت ئاکرەیی**
پسپۆر لە ئاسایشی نەتەوەیی

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

**پەیڤەکانی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ سەربەخۆیی دادوەری پاڵپشتییەکی گەورە بوو، ئاماژەیەکیش بوو بۆ ئەوەی کە تا ئێستا جۆرە هاوسەنگییەك هەیە لە مەسەلەکانی دادوەری و سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتەدا، هەروەها دامەزراوەی دادوەری دامەزراوەیەکی تەواوە و پاڵپشتییەکی هەیە.**

**گۆڕانی ژیان لە هەرێمی کوردستان بەرەو ژیانێکی بە دیموکراسیبوون پێگە و جێگەی دەسەڵاتی دادوەری پتەوتر کرد**

پرەنسیپی جیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان لە کۆمەڵگە، یاسادانان و جێبەجێکردن و دادوەری، یەکێکە لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و بنەما بنەڕەتییەکانی سیستەمی دیموکراسی، واتا هەر دەسەڵاتێك بە پێی یاسا و دەستوور کار و ئەرکەکانی ڕێکخراوە، دەسەڵاتی یاسادانان بریتییە لە چاودێریکردنی حکومەت و یاسادانان و هەندێ بواری دیکە، دەسەڵاتی جێبەجێکردنیش ئەرکەکەی جێبەجێکردنی کاروباری ڕۆژانەی حکومەتە، دەسەڵاتی دادوەریش بابەتەکانی جێی ناکۆکی نێو کۆمەڵگە لە نێوان کەسانی سرووشتی و کەسانی مەعنەوی لە دادگاکان بەپێی یاساکان یەکلایی دەکاتەوە. هەر سێ دەسەڵاتیش بەپێی یاسا کارەکانیان ڕێکخراوە، لێرەشدا زیاتر مەبەستمان دەسەڵاتی دادوەرییە و سێ بنەمای سەرەکیی بۆ ئەم دەسەڵاتە هەیە، دادوەر بە پلەی یەکەم، دووەم داواکاری گشتی، سێیەم پارێزەر، ئەم سێ ستوونە سەرەکییەی دادوەری سەرەتا لە دادوەرەوە دەست پێ دەکات، ئەرکی دادوەر قورس و گرانە، تەنانەت مەرجی قورسیش بۆ ئەو کەسە دادەنرێت کە ئەم ئەرکەی پێ دەسپێردرێت، مەرجی زانستی، مەرجی دەروونی، مەرجی جەستەیی و زۆر مەرجی دیکەش، هەروەها پێویستە داوەر ئەزموونێکی تەواوی لە ژیاندا هەبێت، ڕێڕەوی مێژووی گەلان ئەم ڕاستییەی سەلماندووە کە دادوەر هەردەم ڕێز و پێگەی تایبەتیی خۆی هەبووە لە نێو کۆمەڵگەکان، بەتایبەتیش لە شارستانیەتەکاندا.

**بە شانازییەوە، دوو دامەزراوەی گرنگ لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەی دادوەری و دامەزراوەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دوو ئیدارەییان پێوە دیار نەبوو، بەڵکو ئەرکی خۆیان بە تەواوی رایی دەکرد**

ستوونی دووەم، داواکاری گشتییە، ئەو کەسەیە کە نوێنەرایەتیی دەستەی کۆمەڵایەتی دەکات، هەروەها بەرگری لە مافی گشتی دەکات لە نێو کۆمەڵگەدا، واتا بۆ پاراستنی ئەو کۆمەڵگەیە لە هەر لادانێك لە ڕەوڕەوەی یاسایی ژیان، ستوونی سێیەم پارێزەرە، ئەو کەسەیە کە بەرگری

**دادوەر سەربەخۆ نییە لە بیروباوەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای خۆیەوە، بەڵکو دەبێ لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی سەربەخۆیی هەبێت**

**لە ڕووی فیکری و ئایدیۆلۆجییەوە دادوەر مرۆڤە، خاوەن هەڵوێستی خۆیەتی، بەڵام لە ڕووی سەیرکردنی داواوە، نابێ هیچ هێزو لایەنێک کاریگەریی بکاتە سەر دادوەر**

**دەبێت دادوەرەکان لە ئاستێکی بژێویی ژیانیدا بن کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی کە سەیری داواکان بکەن بە شێوەیەکی بێ لایەنی و سەربەخۆ**

لە مافی ئەو کەسە دەکات کە پەنا بۆ دادگا دەبات و سکاڵا تۆمار دەکات بۆ وەدیهێنانی مافەکەی، دەسەڵاتی دادوەری بەم سێ ستوونە کارەکانی خۆی ئەنجام دەدات. بۆیە کاتێ باس لە سەربەخۆیی دادوەری دەکەین، لەسەر ئەو بنەمایەیە کە ئەم دەسەڵاتە دامەزراوەیەکی یاساییە و لە چەند توخمێك پێکدێت، ئەوانەی پێشتر ئاماژەمان پێ کردن.

لە ڕاستیدا، ئەگەر باسی هەرێمی کوردستان بکەین لە دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، بنەمایەك هەبوو بۆ دەسەڵاتی دادوەری لە هەرێم، دادوەرانیش ڕۆڵی بەرچاویان بینی لە پاراستنی ئەم دەسەڵاتە، تەنانەت لە وێستگەی مێژووییدا ڕۆڵیان دیار و بەرچاو بوو، بۆ نموونە سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی ساڵی ١٩٩٢، ئەم بنەمایەش ڕۆژبەڕۆژ لە پێشکەوتندا بووە، ڕاستە تەحەددیی زۆر لەبەردەمی ئەم دەسەڵاتەدا هەبووە، تەحەددیی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بەڵام هەر چۆن بێت، گۆڕانی ژیان لە هەرێمی کوردستان بەرەو ژیانێکی بە دیموکراسیبوون پێگە و جێگەی دەسەڵاتی دادوەری پتەوتر کرد. دامەزراوەکانی ئەم دەسەڵاتە لە ساڵی ١٩٩٣ و دواتریش لە ٢٠٠٧بەپێی یاسا ڕێکخران، تەنانەت لە سەردەمی دوو ئیدارەییشدا ئەم دەسەڵاتە ڕەنگدانەوەی دوو ئیدارەیی پێوە دیار نەبوو و لە ئەنجامدانی کارەکانی هەر بەردەوام بوو.

بە شانازییەوە، دوو دامەزراوەی گرنگ لە هەرێمی کوردستان، دامەزراوەی دادوەری و دامەزراوەی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستی دوو ئیدارەییان پێوە دیار نەبوو، بەڵکو ئەرکی خۆیان بە تەواوی ڕاپەی دەکرد، گۆڕانکاریی بەپەلە لە هەرێمی کوردستان کاریگەرییان هەیە بۆ سەر کارەکانی دەسەڵاتی دادوەری، بەڵام پرسیار لەوەدایە، ئایا دەستێوەردان لە کاروباری دەسەڵاتی دادوەری هەیە، یان نا؟ سەرەتا دەبێ لەوەوە دەست پێ بکەین کە پێش هەمەوو شتێك دادوەر مرۆڤە، ڕەنگدانەوەی کاریگەریی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لەسەر هەیە، واتا دادوەر سەربەخۆ نییە لە بیروباوەڕی سیاسی و ئایدیۆلۆجیای خۆیەوە، بەڵکو دەبێ لە جێبەجێکردنی ئەرکی خۆی سەربەخۆیی هەبێت، واتا تەنیا لایەنەکانی ناکۆکی لە داوایەکە و داوکاری گشتی و پارێزەر دەگەنە ئەنجامێك بۆ گەیشتن بە حوکمێکی دادپەروەرانە، کەواتە هەڵەیەك هەیە لەم مەسەلەیەدا، کە دەبێ دادوەر بە هەمەوو شێوازێك جیا بێت و سەربەخۆییەکی تەواوی هەبێت، نەخێر، لە ڕووی فیکری و ئایدیۆلۆجییەوە دادوەر مرۆڤە، خاوەن هەڵوێستی خۆیەتی، بەڵام لە ڕووی سەیرکردنی داواوە، نابێ هیچ هێزو لایەنێك کاریگەریی بکاتە سەر دادوەر، لە مەسەلەکانی داواو ناکۆکیدا یاسا ئەمانەی ڕێکخستووە، بۆیە لەسەر بنەمای ئەوەی کە یاسا ئەمانە ڕێکدەخات، دەرفەتی دەستێوەردانی نییە، بەڵکو دادوەر دەسەڵاتی باشترە، بۆ نموونە دەقە یاساییەکان حوکمی مەسەلەکان دەکەن، یاسای تاوان، یاسای مەدەنی، یاسای باری کەسایەتی، بۆیە دادوەر ناتوانێت لەم یاسایانە لابدات، جگە لەمە زەمانەتێکی دیکەش هەیە بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری، ئەویش پلەبەندیی بەڕێوەچوونی داوایە، چونکە ئەگەر دادوەرێك حوکمەکەی دەرکرد، لەدوای ئەو، دادگایەك لە سێ دادوەر سەیری حوکمەکە دەکەن، لە دوای ئەو لە دادگای تەمیز پێنج دادوەر، جاری واش هەیە بیست دادوەر سەیری حوکمەکە دەکەن، لە یاسا پێی دەگوترێت ڕێگاکانی تانەلێدان لە حوکمەکان، ئەمەش زەمانەتێکە بۆ سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری.

ئەوەی زۆر گرنگە تایبەت بە دەسەڵاتی دادوەری، بابەتی پێگە و بژێویی ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتییە، واتا دەبێت دادوەرەکان لە ئاستێکی بژێویی ژیانیدا بن کە بگونجێت لەگەڵ ئەوەی کە سەیری داواکان بکەن بە شێوەیەکی بێ لایەنی و سەربەخۆ. بۆیە دەبێت لە یاساکانی دارایی مامەڵەیەکی تایبەت بۆ ئەو لایەنە بکرێت لە هەرێمی کوردستان، دیارە ئەمەش کراوە، لە هەندێ بارودۆخی قەیرانی دارایی نەبێت کە کاری کردووەتە سەر ئەم بوارە.

ئەگەر خوێندنەوەیەك بۆ ڕێڕەوی دەسەڵاتی دادوەری لە ٣٠ ساڵی ڕابردووی هەرێمی کوردستان بکەین، دەبینین کە زۆرجار دادوەر بووەتە قوربانیی حوکمە دادپەروەرییەکەی لەلایەن ئەو باندانەی کە سەیری تاوانەکانیان دەکات، بۆ نموونە کێشەکانی مادده هۆشبەرەکان، یان کێشەکانی تاوانی دزیی

گەورە و ڕێکخراو، بەڵام ئەم حاڵەتانە کەم بوون، یان دەستێوەردان بەو شێوەیە نەبووە.

لە ڕێکخستنی دەسەڵاتی دادوەریدا، زۆر لایەن هەیە، وەك ئەوەی لە هەندێ حاڵەتدا دادوەر دەگوازرێتەوە، یان دادوەر دەتوانێت خۆی لە هەندێ مەسەلەدا سەیری داواکە نەکات، کە هەندێ بارودۆخی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر هەیە. ئایا دادوەر لە ژیانی سیاسیدا چۆن مامەڵە دەکات؟ دادوەر مرۆڤێکە لە کۆمەڵگەیەکی سیاسیدا دەژی، بێ گومان کاریگەریی سیاسیشی بەسەردا دەبێت، جاری وا هەیە لەوانەیە هەندێ ڕەمزی سیاسی پەیوەندیی پێوە بکەن بۆ مەسەلەکە، بەڵام پەیوەندییەکە بەو شێوەیە کاریگەریی لەسەر دادوەر نابێت.

لەبەر ڕۆشنایی ئەم بۆچوونانەدا، دەتوانین بڵێین وتارو دیداری ڕێزدار نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ئەم بابەتە، مەسەلەی سەربەخۆیی دادوەری پاڵپشتییەکی گەورە بوو، ئاماژەیەکیش بوو بۆ ئەوەی کە تا ئێستا جۆرە هاوسەنگییەك هەیە لە مەسەلەکانی دادوەری و سەربەخۆیی ئەم دەسەڵاتەدا، هەروەها دامەزراوەی دادوەری دامەزراوەیەکی تەواوە و پاڵپشتییەکی هەیە. بێ گومان کۆمەڵگە چەند فراوان بێت، پێویستی بە گۆڕەپانێکی فراوانی دادگان دەبێت، هەروەها پێویستی بە کادری دادگایی دەبێت، پەیمانگەی دادوەری لە هەرێمی کوردستاندا ڕۆڵێکی بەرچاوی لەم ڕووەوە بینیوە، پێش ئەویش ئەو یاساناسانە کە لە کوردستان بوون و ئەزموونیان هەبوو، دەیانتوانی دوای چەند میکانیزمێك ببنە داواکاری گشتی، یان دادوەر. بێ گومان دەسەڵاتی دادوەری بە تەنیا کارەکانی ناکات، لە دەسەڵاتی جێبەجێکردنیشدا هەندێ لایەن هەن کە پاڵپشت و هاوکاری دەسەڵاتی دادوەرین، بۆ نموونە دەزگاکانی پۆلیس و ئەمنی کە ڕۆڵی بەرچاویان لە قۆناغە سەرەتاییەکانی داواکاندا هەیە.

بە ڕای من ئەم وتار و دیدارە لە ئاستێکی بەرز و بەرپرسیاردا بوون، بۆ مەسەلەیەکی گرنگ وەك بنەمایەك بۆ ژیانی دیموکراسی و سەروەریی یاساو مافەکانی مرۆڤ. هەروەك جەنابیان ئاماژەیان پێ کرد، ڕاستە یاسا هەیە، بەڵام دەبێ لەسەر هەمووان سەروەر بێت، ئەمەش بەوە دەبێت کە مافەکانی مرۆڤ دەپارێزرێت، کێ زەمانەتە بۆ پاراستنی ئەم مافانە؟ بێ گومان دەسەڵاتی دادوەری، چونکە کە مرۆڤ هەست بە ستەم دەکات، پەنا بۆ دادوەر دەبات تا مافەکانی بۆ بگەڕێنێتەوە، چ هاووڵاتی لەگەڵ هاووڵاتی، یان هاووڵاتی لەگەڵ دامەزراوەی حکوومی، یان لەگەڵ کەسانی مەعنەوی وەك کۆمپانیا و بازرگانەکان، هەرێمی کوردستانیش نموونەیەکە بۆ پێشکەوتنی دەسەڵاتی دادوەری، جگە لەمەش قۆناغی داهاتوومان، وەك ئاماژەمان پێ کرد، هەڵبژاردنی پەرلەمانە کە دادوەران ڕۆڵی بەرچاوی تێدا دەبینن، ئێستاش بیرۆکەیەك هەیە کە لە کۆمسیۆنی باڵا دەستەیەکی دادوەری سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان بکات، بۆیە ئەم دیدو بۆچوونەی بەڕێز سەرۆکی هەرێم ئاماژەیە بۆ ئەم خاڵە کە لە ژیانی داهاتووی سیاسیماندا دادوەران ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لە وەرچەرخانی سیاسی لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، تەنانەت زۆر کێشەی دیکەش هەن کە تایبەتمەندیی خۆیان هەیە لە ژیانی ئابووری و کۆمەڵایەتی کە لیژنەیان بۆ دادەنرێت و دادوەرێك دەبێتە سەرۆکی لیژنەکە، بەمەش هەست دەکرێت کە جۆرە متمانە و زەمانەتێك بۆ مرۆڤ دەگەڕێتەوە، نزیکیی جەنابی سەرۆکی هەرێم وەك سەرۆکی باڵای دەسەڵاتی جێبەجێکردن تەواوکەرە بۆ دەسەڵاتی دادوەری، واتا هەردوو دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێکردن لە حوکمڕانی و دەوڵەتداریدا تەواوکەری یەکدین، هەروەها پاڵپشتی هەردووکیشیان دەسەڵاتی یاسادانانە کە خۆی لە پەرلەماندا دەبینێتەوە کە بنکەی سەرەکیی یاسادانانە بۆ ڕێکخستنی ژیانی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی، بۆیە واقیعەکە تا ڕاددەیەك هاوسەنگی تێدایە، هەندێ هەنگاوی دیکەش پێویستن، وەك دەوڵەمەندکردنی دەسەڵاتی دادوەری بە کادری ئەکادیمی وەك دەوڵەتان، بۆ نموونە لە دادگای تەمیز، یان لە پەیمانگەی دادوەری و لە دادگاکانی دیکە، زیاتر مەشق و ڕاهێنانی بەردەوامیان پێ بکرێت، زۆر شوێنی دیکەی گرنگ، کە بە کادری دادوەری دەوڵەمەند بکرێن، بۆ نموونە دەستەی دەستپاکی، دەستەی وەبەرهێنان، دەستەی مافی مرۆڤ، دەستەی ژینگە و تەنانەت چاودێریی دارایی و کێشەکانی گەندەڵی، کە دەسەڵاتی دادوەری ڕۆڵی گرنگی لەماندا هەیە.

**بیرۆکەیەک هەیە کە لە کۆمسیۆنی باڵا دەستەیەکی دادوەری سەرپەرشتیی هەڵبژاردنەکان بکات**

**پێویستە دەسەڵاتی دادوەری وەک دەوڵەتان بە کادری ئەکادیمی دەوڵەمەند بکرێت، بۆ نموونە لە دادگای تەمیز، یان لە پەیمانگەی دادوەری و لە دادگاکانی دیکە، زیاتر مەشق و ڕاهێنانی بەردەوامیان پێ بکرێت**



**حامید گەوهەری**

نووسەرو لێکۆڵەر بۆ گوڵان:

# کورد پێویستی بە سەرکردەیەکی خاوەن لۆژیک و ئاشتیخوازی وەک سەرۆک مسعود بارزانی هەیە

**حامید گەوهەری لە ساڵی ٢٠١٠وە لە کوردستان نیشتەجێیە و خاوەنی ٤٩ کتێبی مێژوویی و سیاسییە، زۆر گرنگی بە هزری نەتەوەیی و هێمای ئاڵا و هێزی پێشمەرگە دەدات، ڕای وایە سامان و سەروەرییەکانی کورد لەم ڕێبازەدا خۆی دەبینێتەوە، سەبارەت بەم پرسە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار، گۆڤاری گوڵان ئەم دیمانەیەی لەگەڵ نووسەر و چاودێری سیاسی و لێکۆڵەر حامید گەوهەری ئەنجام دا.**

*** سەرەتا دەکرێت بزانین تا چەند ئازار و مەینەتییەکانی گەلی کورد لە بەرهەمەکانتاندا ڕەنگی داوەتەوە؟**

- کورد بە درێژایی مێژوو، بەتایبەتی لەم سەد ساڵەی دواییدا دوچاری زۆر زوڵم و کارەسات و داگیرکاری بووەتەوە و خاکەکەی داگیر کراوە، بۆیە زۆر ڕاپەرین و شۆڕش و بەرخۆدانی کردووە، زۆربەی کتێبەکانی من سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتین و، گوزارشت لە مێژووی ئەم نەتەوەیە دەکات و بەڵگەنامەی گرنگ لەخۆ دەگرن، لە کتێبەکانمدا ویستوومە بە بەڵگەوە باس لە مێژوو و ڕووداو و کارەسات و شەڕ و ڕاپەڕین و شۆڕشەکان بکەم، بۆ ئەوەی ببنە یارمەتیدەرێکی باش بۆ خوێندکارانی زانکۆ و لێکۆڵەرەوانی بواری مێژووی کورد و نەوەکانمان پێی پەروەردە بکرێن.

*** ئەو ناسازگارییە ناوخۆییە تاچەند کاریگەریی نەرێنی لەسەر هەرێمی کوردستان بووە؟**

- کێشەی سەرەکیی کورد لە ئێستادا دووبەشبوونی هەرێمی کوردستانە، وەك ئەو ناوچەیەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان تێیدا حاکمە و ئەو ناوچەیەی کە پارتی دیموکراتی کوردستان تێیدا حوکمڕانە، لەبەر ئەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەو حزبانە پێك نەهاتوون کە لەسەر چارەنووسی نەتەوەیی هاودەنگ بن، هەر بۆیە کێشەکان بەردەوامە و لە زۆنی زەرد زیاتر بەرەو بیری نەتەوەیی و مافی چارەنووس و کێشەی کورد و کێشەی خاك دەگوزەرێ و لە ناوچەی سلێمانی بەو شێوەیە نییە. نموونەیەکی زۆر ئاشکرا باس دەکەم، لە ساڵی ١٩٩١ کە ڕاپەرین کرا، لە هەولێر ئاڵای عێراق داگیرا و گوتیان ئەوە ئاڵای عێراق نییە و ئاڵای سەدامە، لە بەرامبەردا لە سلێمانی تا سێ ساڵ ئەو ئاڵایە دانەگیرا و تا ئێستاش ئەو جیاوازییانە هەیە و بەردەوامە، نموونەی هەرە زیندوویش ڕووداوەکانی ١٦ی ئۆکتۆبەر بوو.

*** لە ناو هەموو نەتەوەیەکدا سەرکردەیەکی کاریزما وەك مەرجەعییەتی نەتەوەیی دروست دەبێت، لەم بارودۆخەدا تاچەند گرنگە هەموو هێزە کوردستانییەکان بە جیاوازیی ئایینی و نەتەوەیی و ئایدیۆلۆژیاوە لە دەوری سەرۆك بارزانی کۆببنەوە؟**

- کاتێك باسی سەرۆك بارزانی دەکەین، ناکرێت باسی سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی نەکەین، سەرۆك مەلا مستەفا بارزانی تەنیا یەك هێڵ و یەك حزب و یەك بیروباوەڕ بوو، لەسەردەمی ئەودا هەموو کوردستانی عێراق لەسەر ڕێبازی نەتەوەیی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، ئەگەرچی حزبی شیوعی هەبوو، کە ئەویش لە بواری نەتەوەییدا

**مەلا مستەفا بارزانی تەنیا یەک هێڵ و یەک حزب و یەک بیروباوەڕ بوو، لەسەردەمی ئەودا هەموو کوردستانی عێراق لەسەر ڕێبازی نەتەوەیی بارزانی و پارتی دیموکراتی کوردستان بوو**

**ئەو کوردانەی هەرچوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات کە دوور لە حزبەکانن و ئەرکی حزبییان لەسەر نییە، سەرۆک مسعود بارزانی بە ڕابەر و سەرکردەیەکی گەورە دەبینن، تەنانەت حزب و دەوڵەتانی دونیاش سەرۆک بارزانی بە ڕابەر و سەرکردەی کورد دەناسن**

**کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی چەندین حزبە و ئەوانیش لە ناو خۆیاندا یەکگرتوو نین، لە کوردستانی باکووریش کورد جگە لەوەی یەکگرتوو نین، پەکەکەش دەستی بەسەریاندا گرتووە، لە سووریاش بە هەمان شێوەیە**

**نەقیبێکی میتی تورکی بە ناسناوی پیلۆت لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان پەکەکەیان دامەزراند، عەبدوڵا ئۆجەلان نەیشاردووەتەوە کە بۆ ماوەی دوازدە ساڵان بە دەرەتانێك پەروەردە بووە کە ڕژێمی تورکیا بۆی ئامادە کردووە**

**لە ساڵی ١٩٨٧ پەکەکە و ڕژێمی سەدام لە دژی باشووری کوردستان ڕێککەوتن، لە ساڵی ١٩٩٢ دژایەتیی پەرلەمانی کوردستانیشیان ڕاگەیاند و خۆیان وەکو ئاڵتەرناتیڤی حزبەکانی کوردستان دانا**

**پەکەکە نەک تەنیا گوندەکانی باشووری کوردستان و خاکی ئەم بەشەی داگیر کردووە، بەڵکو شەڕی لە کوردستان دەست پێ کردووە و سوپای تورکیای پەلکێشی باشوور کردووە**

پەیڕەوی لە ڕێبازی بارزانی دەکرد، تەنانەت لە کوردستانی تورکیا و ئێران و سووریاش کوردانی ئەو بەشانەی کوردستانیش سەرۆک مەلا مستەفا بارزانی-یان بە ڕابەری خۆیان و بزووتنەوەی کورد دەزانی و، بگرە بەشداریش بوون لە شۆڕشی ئەیلوولدا، ئێستا بۆ سەرۆک مسعود بارزانی کێشەکە بە شێوەیەکی دیکەیە، بەتایبەتی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان خاوەنی چەندین حزبە و ئەوانیش لە ناو خۆیاندا یەکگرتوو نین، لە کوردستانی باکووریش کورد جگە لەوەی یەکگرتوو نین، پەکەکەش دەستی بەسەریاندا گرتووە، لە سووریاش بە هەمان شێوەیە.

کار و ڕابەرایەتیی سەرۆک بارزانی زۆر دژوارترە بەراورد بە سەردەمی مەلا مستەفای بارزانی، بەڵام ئەو کوردانەی هەرچوار پارچەی کوردستان و دەرەوەی وڵات کە دوور لە حزبەکانن و ئەرکی حزبییان لەسەر نییە، سەرۆک مسعود بارزانی بە ڕابەر و سەرکردەیەکی گەورە دەبینن، تەنانەت حزب و دەوڵەتانی دونیاش سەرۆک بارزانی بە ڕابەر و سەرکردەی کورد دەناسن. کورد پێویستی بە سەرکردەیەکی خاوەن لۆژیک وەک سەرۆک مسعود بارزانی هەیە، چونکە لە هەموو میللەت و شۆڕشەکاندا کەسێك هەبووە ڕێبەرایەتی شۆڕش بکات، ئەو کەسە لە مێژووی نەتەوەکاندا گرنگیی زۆری پێ دەدرێت، تەنانەت نەتەوەکانی دونیا زۆربەی جار ئەگەر کەسایەتیی ئەو سەرکردەیە لاوازیش بێت، خۆیان مێژووی بۆ دروست دەکەن، سەیری مستەفا کەمال بکەن، تورکەکان کردیانە باوکی تورکان (ئەتا تۆرك) فارسەکان خومەینی هات، وتیان وێنەی خومەینی لە مانگدایە، لەلای خۆمان چونکە کورد باری نەتەوەییەکەی لاوازە و جارێك ئیسلام و جارێك چەپ دەستی بەسەردا دەگرێت، هەمیشە کار بۆ ئەوە دەکەن مسعود بارزانی نەبێتە سەرکردەیەکی گەورەی کورد. هەمیشەش کار بۆ ئەوە دەکەن لە دژی بوەستنەوە، ئەوان ئامادەن لەگەڵ نەیارانی کورد دابنیشن و ڕێکبکەون، سەردەمێك هاواریان دەکرد و دەیانگوت دەمانەوێت لەگەڵ عێراق بین. لەم دۆخەی ئێستادا پێویستە ڕێبازی بارزانیی نەمر وەك ڕێبازێکی نەتەوەیی و نیشتمانی بایەخ و گرنگیی تەواوی پێ بدرێت. دیپلۆماسیەتی ڕێبازی بارزانی ناو و ناوبانگێکی گەورەی هەیە و، پێویستە لەسەر ئەو نەهجە کورد درێژە بە بزاڤی ڕزگاریخوازی خۆی بدات.

*** باسی پەکەکەت کرد کە دژی ڕێبازی نەتەوەیی بارزانی نەمرە و لە کوردستانی باکووریش لە دژی هەموو حزب و لایەنێکی سیاسی کورد بووە، ئێوە کە خاوەنی دوو کتێبن لە سەر پەکەکە و شارەزاییت لە پەکەکە هەیە؛ ئایا ئەم دژایەتییە بۆ چی دەگەڕێنیتەوە و ئەوان تا کەی بەم ئایدیۆلۆژیا سەقەتە زیان بە خەباتی کورد دەگەیەنن؟**

- پەکەکە لەلایەن گرووپێکی ژێر دەسەڵاتی میتی تورکیاوە دروست بووە، نەقیبێکی میتی تورکی بە ناسناوی پیلۆت لەگەڵ عەبدوڵا ئۆجەلان پەکەکەیان دامەزراند، عەبدوڵا ئۆجەلان نەیشاردووەتەوە کە بۆ ماوەی دوازدە ساڵان بە دەرەتانێك پەروەردە بووە کە ڕژێمی تورکیا بۆی ئامادە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٢ بەشێکی گەریلاکانی پەکەکە گوازرانەوە باشووری کوردستان و لە ساڵی ١٩٨٤ یەکەم شەڕی چەکدارییان دەست پێ کرد، لە ساڵی ١٩٨٧ پەکەکە و ڕژێمی سەدام لە دژی باشووری کوردستان ڕێککەوتن، لە ساڵی ١٩٩٢ دژایەتیی پەرلەمانی کوردستانیشیان ڕاگەیاند و خۆیان وەکو ئاڵتەرناتیڤی حزبەکانی کوردستان دانا، هەر لەو ساڵەدا، ئۆجەلان دۆخی باشووری کوردستان و ڤێتنامی وەکو یەك لێك دایەوە و ڕایگەیاند: «ئێمە دەتوانین سوپای تورکیا پەلکێشی باشوور بکەین و باشوور لەوان بکەین بە ڤێتنام»، ئیتر لەو کاتەوە پەکەکە نەك تەنیا گوندەکانی باشووری کوردستان و خاکی ئەم بەشەی داگیر کردووە، بەڵکو شەڕی لە کوردستان دەست پێ کردووە و سوپای تورکیای پەلکێشی باشوور کردووە، پەکەکە زیاتر لە ٥٠٠ گوندی دهۆك، ئامێدی، ئاکرێ، سیدەکان و زنجیرە چیای قەندیلی داگیر کرد، دواتر هێدی هێدی ئەو ناوچانەی بۆ سوپای تورکیا بەجێهێشت، ئەوان لەگەڵ حەشدی شەعبیی کە دژی کوردن، گەریلا مووچە لە حەشد وەردەگرن و بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دەپارێزن، بەردەوام لەسەر ڕێگای پێشمەرگەکان

مین دەچێنن، مووشەکی کۆرنێت کە ئەمریکا بۆ شەڕی تیرۆریستانی داعش بە یەپەگەی داوە، پەکەکە لە پێشمەرگەی دەدات، لەبەر ئەم کردەوە قێزەوەنانەی کە لە دژی کورد و پێشمەرگە ئەنجامی دەدات، تاران و بەغدا و دیمەشق پشتیوانی لێ دەکەن و، بگرە ئەم هەڵسوکەوت و کارانەش بۆ داگیرکردنی خاکی باشووری کوردستان بەدڵی خودی تورکیاشە. بەڵام شەڕی داعش فرسەتێکی باشە بۆ ئەوەی کورد بتوانێت ببێتە خاوەنی چەکی پێشکەوتوو، لە کۆندا پێشمەرگە بە چەکی برنۆ و کلاشینکۆف شەڕی کردووە، لە ئێستادا ئەگەر پێشمەرگە چەکی پێشکەوتووی هەبێت، دەبێتە یەکێك لە سوپا بەهێزەکانی ناوچەکە، چونکە خاوەنی ورەیەکی بەرزی پۆڵایین و هەزری نەتەوەییە، هەر بۆیە بەردەوام کەوتووەتە بەر هەڕەشەی دوژمن و داروودەستەکانی، بە پەکەکەشەوە.

*** پەکەکە و داروودەستەکانی سوکایەتیی زۆر بە ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەکەن، ئایا ئەمەش لە چوارچێوەی ئەو بەرنامە داڕێژراوەدایە کە لە دژی هەزری نەتەوەیی کورد جێبەجێ دەکرێت؟**

- ئاڵای کوردستان هێمای نەتەوەی کورد و شەهیدەکانمان و خەباتی خەڵکی کوردستانە، ئەم ئاڵایە چەندین جار بە دەستی دوژمنانی کورد سووکایەتیی پێ کراوە، لە ئێستادا ئاڵای کوردستان لە ئێران، سووریا، تورکیا قەدەغەیە، تەنانەت لەناو کەرکووکیش هەڵکردنی ئاڵای کوردستان ڕێگەپێدراو نییە، لە سلێمانیی مەڵبەندی کوردایەتیش کەسانێك لە ژێر ئەجندای دژایەتیکردنی کورد سووکایەتییان بەو ئاڵایە کرد. ئاڵا کە بۆ یەکەم جار لە مێژووی دەوڵەتاندا لە دانیمارك هەڵکرا، هێما و ڕێزگرتنە لە میللەتان و خەباتیان، هەر کەس و گرووپ و لایەنێك بە شێوەی ناشیرین ڕەفتار لەگەڵ ئاڵای کوردستان بکات، بە دڵنیاییەوە پەیوەندیی بەو پەروەردکردنەوە هەیە کە گەنجەکان وا لێ دەکات بێڕێزی بە ئاڵا بکەن، مادام خەڵك نەتوانێت ڕێز لە خۆی بگرێت، ناتوانێت بە مافی خۆی بگات.



حامید گەوهەری لە شاری مەهاباد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٧٩وە پێشمەرگەی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بووە، لە ساڵی ١٩٨٤ بە پێشنیازی ڕەوانشاد ئیدریس بارزانی وەك میوان لەلای پارتی دیموکراتی کوردستان ماوەتەوە.

لە کۆتایی ساڵی ١٩٨٥ لە دەشتی بەرازگر برینداربووە و لەلایەن سەرۆك مسعود بارزانی ڕەوانەی دەرەوەی وڵات کراوە، هەر لەو ساڵەدا چووەتە وڵاتی سوید و بۆ ماوەی ١٧ ساڵ لە فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکاندا ئەندامی کۆمیتەی گشتی و کارگێڕ بووە و، لەو ماوەیەدا نۆ ساڵ سکرتێری فیدراسیۆن بووە.

خاوەنی ٤٩ کتێبە، دواهەمینیان کتێبی کورد لە جەنگی دووەمی جیهاندا – کۆماری کوردستان، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان، قازی محەمەد پێشەوای کورد و سەرۆك کۆماری کوردستان، ڕاپەرینی ١٩٦٧-١٩٦٨ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان- مستەفا بارزانی – پێشمەرگە و سەرۆك – پارتی کرێکارانی کوردستان لە عەبدوڵا ئۆجەلانەوە تا جەمیل بایك- ئیدریس بارزانی و بارزانییەکان باشتر بناسن، باشووری کوردستان لە نێوان دوو هەڵبژاردندا و...، زۆر کتێبی دیکەش.

# ئەو جەنگە چەپەڵەی، هەموومان تیایدا سەربازی خۆبەخشین!

**کونی دەرزی، یان قەپەنگی گەورە؟**

زۆرێك لە خەڵك لە بری ئەوەی لە پەنجەرە و قەپەنگێکی مەزندا سەیری دونیا و دەوروبەر و ڕووداوەکانی بکەن، بە شێوەیەکی سنووردار و زۆر بەرتەسکەوە لە کونی دەرزیدا لە ڕووداوەکانی وڵات و دەوروبەر دەڕوانن، بۆیە دونیابینین و لێکدانەوە و شرۆڤەکانیان ئەوەندە دیاریکراو و بەرتەسك و بچووکە، هەر ئەوەندە دەبینن کە لە کونی دەرزییەکەوە لێیان دیارە!

**بیر و قەڵەمی گومڕا**

ئەم جۆرە (دونیا بینین)ـە وەکو نەخۆشی و پەتایێکی خێرا گواستراوەی لێهاتووە، کە زۆر زۆر لە ڤایرۆسی کۆرۆنا مەترسیدارتر و کوشندەترە، بەتایبەتیش کاتێك دەبینین ئەم پەتایە لە ناو بژاردەی ئەکادیمی و خوێندەوار و ئەهلی قەڵەمدا زۆر بڵاوە و بە خێرایی و کاریگەری زۆرەوە تەشەنە دەکات و برەوی هەیە!

**هەڵمەتی خود فەوتاندن**

لە ئێستادا هەڵمەتێکی زۆر گەورە و فراوان دژ بە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەئارادایە کە تاکە کیانی سیاسیی یاسایی هەر چوار پارچەی کوردستانە (چونکە هێشتا ڕۆژئاوای کوردستان و کانتۆنەکانی لە ڕووی سیاسی و نێودەوڵەتییەوە لەرزۆکە و ناجێگیرە). بێگومان لەم نووسینەمدا هەرگیز مەبەستم ئەوە نییە، بڵێم ئێمەی کورد لە باشووری کوردستاندا باشترین نموونەمان لە حکومڕانی بونیاد ناوە، چونکە هەمووومان باش دەزانین کە لە سیستمە سیاسییە تازە هەڵکەوتووەکاندا (کورتبینی و نەزانین و زیدەڕۆیی و گەندەڵی)یش بوونی بەهێزی هەیە، تەنانەت خودی حکومەتیش لە بەرزترین ئاستیدا بە ئاشکرا دان بەم ڕاستییە تاڵەیدا دەنێت و بە شێوەی جۆراوجۆر و بە بەردەوامی هەوڵی چاکسازی و باشترکردنی لایەنی کارگێڕی و حوکمڕانیی ڕوون و ڕەوان دەدات.

**سەرچاوەی هەڵمەتی ڕەش**

بێگومان ئەم جۆرە هێرش و هەڵمەتانە هەمووی هەر وا سادە و خۆڕسك و دڵسۆزانە نین، کە زادەی نادادی و خراپیی باری ئابووری بێت، بەڵکو لە زۆربەی کاتدا سەرچاوە و سەرەداوی ئەم هەڵمەتانە لە هەر چوار پایتەختی داگیرکاری کوردستانەوە هەڵدەقوڵێت (بەغدا، تاران، ئەنکەرە، شام) بەڵام زۆر بە ئاسانی بە بێئاگایی بێت، یان بە ئاگابوون و مەبەستی سیاسییەوە بێت، هەڵمەتەکان دەم لە دەم، دەست لە دەست، تۆڕ لە تۆڕی جیاجیای دونیای ئینتەرنێتەوە وەردەگیرێن و بە سادەیی و ساناییەوە وەکو برووسکە لە ناو کۆمەڵگەکەماندا بڵاودەبنەوە و دەگوازرێنەوە و بۆگەن و ژەهراویمان دەکەن.

**نەوەی چوارەمی جەنگ (4GW)**

دوای ڕیفراندۆمی سەربەخۆیی کوردستان ٢٠١٧، وڵاتانی داگیرکەری کوردستان بڕیاریان داوە کە ئەم کیانە کوردستانییە لەناو ببەن، یان لاواز و ناکارا و بێ نمودی بکەن، جێبەجێکردنی



**هەڵگورد عەبدولوەهاب جندیانی**

بۆ گوڵان نووسیویەتی

ئەم کارەش تەنیا بە ئامرازە کۆنەکان (هێزی ئاگر و ئاسن)ـەوە زۆر دژوار و نرخدارە و دوور نییە وەکو ڕاپەڕین و کۆچ و ڕەوی ١٩٩١ بە قازانجی گەلی کوردستان و بە زیانی داگیرکەرانی بشکێتەوە، بۆیە لە ڕێی ئامرازە نەرمەکانەوە ئەم جەنگەیان پەیڕەو دەکەن، کە بواری تۆڕی کۆمەڵایەتیی ئینتەرنێت باشترین و هەرزانترین مەیدانی جەنگە کە بەبێ خوێنڕشتن و ئاگر و ئاسن، لە ڕێی خودی کۆمەڵگەی گەلی کوردستانەوە هەوڵی ڕووخاندنی تاکە ئومێدی نەتەوەی کورد دەدەن، ئەویش بە هۆی ئەو جۆرە جەنگەی کە بە نەوەی چوارەمی جەنگ (4GW) ناسراوە.

**نەوەی چوارەمی جەنگ چییە؟**

کورتترین و سادەترین پێناسە بۆ ئەم جۆرە جەنگە ئەوەیە کە:

لە جەنگە باوە کۆنەکاندا بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتێك، کیانێك، کۆمەڵگەیەك، هەمیشە جەنگ لە نێوان دوو بەرەی جەنگاوەری چەکدارەوە دروست دەبوو، بەڵام لە نەوەی چوارەمی جەنگدا دەوڵەتێك بۆ ڕووخاندنی دەوڵەتێکیتر و داگیرکردنی، هێزی چەکدار و سەربازگەکانی ئەم وڵاتە ناکاتە ئامانج، بەڵکو میللەت و کۆمەڵگەکە و چین و توێژەکانی دەکاتە ئامانج، ئەم کارەش بە ئامرازە نەرمەکانەوە دەبێت،/ نەوەك بە ئامرازی ڕەق (هێزی ئاگر و ئاسن)، بەم شێوەیە بە هۆی (نەوەی چوارەمی جەنگ)ـەوە میللەت و کۆمەڵگەکان لەناوخۆدا دەڕووخێندرێن، کە ئەوەش باشترین ماك و هەوێنە بۆ ڕووخاندنی دەوڵەت و وڵات و کیان و هێزە چەکدارەکانیان.

**دەرەنجام**

هەنوکە، ئەوەی لە کوردستاندا دەگوزەرێت، کتومت ئەم جەنگە نهێنییەیە کە بە (نەوەی چوارەمی جەنگ) ناسراوە، بە ڕاستەوخۆ بێت، یان ناڕاستەخۆ، یان نهێنی و بزرۆکە بێت، ئەم جەنگە لەلایەن داگیرکەرانی کوردستانەوە سەرکردایەتی و ئاراستە دەکریت، ئامانجیش ڕووخاندن و تێکشکاندنی میللەت و توێژەکانی کۆمەڵگەی کوردستانە بە هەموو چین و پێکهاتەکانیەوە، سەربازەکانی ئەم شەڕە خۆکوژییەش ئێمەین، منم، تۆی، ئەویتر و ئەوانیتر کە هەر هەموومان (خەڵکی ژیر، سەلار، سادە، ڕۆشنبیر، نەخوێندەوار، نەزان، زانا و بیرمەند) بەبێ جیاوازی کەوتووینەتە ناو داوی داگیرکەران و بە خۆڕایی و بەبێ بەرامبەر بووینەتە فیداکار و سەربازێکی ونی لەشکری داگیرکەران و ئەم جەنگە چەپەڵە نهێنییەیان بۆ بەڕێوە دەبەین.

هیوادارم پەیام و زانیارییەکەم گەیشتبێتە خوێنەران.

**فەرهەنگۆکە:**

قەپەنگ: لە تەلارسازی کۆنی ناوچەی رواندز و حەوزی سۆران و باڵەکایەتیدا، قەپەنگ لە شێوەی باڵکۆنێکی گەورەدا بوو، کە بۆ دانیشتن و بینین تیایدا زۆر خۆش و جوان و پان (پانۆراما) بوو.



**پڕۆفیسۆر دکتۆر ئازاد عوبێد**
**شارەزا لە مێژووی هاوچەرخ بۆ گوڵان:**

# حزبایەتیی تەسک زیانی گەورەی پێ گەیاندووین و بیری نەتەوەیی کاڵ کردووەتەوە

**مێژووی بزافی هاوچەرخی کورد پڕیەتی لەو پەند و عیبرەتانەی کە باس لە ڕاپەڕین و شۆڕشی کورد و شکستەکان دەکات، کە بۆ ئێمەی کورد بەسوودە، بە تایبەتی بۆ بەهێزکردنی بیری نەتەوەیی کورد، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم پرسە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی پرۆفیسۆر دکتۆر ئازاد عوبێد شارەزا لە مێژووی هاوچەرخی کورد کرد، لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** وەك پسپۆڕ و شارەزایەکی مێژوو ئەگەر لە چەند دێڕێکدا باسی مێژووی هاوچەرخی کوردستان بکەیت، چی دەنووسیت؟**

- مێژووی بزاڤی هاوچەرخی کورد چەندین میرنشینی دیاری بە خۆیەوە بینیوە، وەك: بابان، سۆران، ئەردەڵان، بادینان، بۆتان، کە تا ڕاددەیەکی باش دەسەڵاتی خۆجێییان پەرەی سەندبوو، بەڵام هەر کە بوونە جێی مەترسی بۆ دەوڵەتی عوسمانی، سەرکوت کران و لەناو بران، لە دوای جەنگی یەکەمی جیهانییەوە، بەپێی گفت و بەڵێنی وڵاتانی زلهێزی براوەی جەنگ، کورد بەتەمای گۆڕانێکی باش بوو، بەڵام بەداخەوە وێڕای چەندین بزاڤ و ڕاپەڕین و شۆڕش کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان بەرپا بوون، هیچیان لێ شین نەبوو. ڕووداوەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهانی و دابەشبوونی دەوڵەتی عوسمانی و پارچەپارچەبوونی کوردستان و شۆڕشی شێخ مەحموود و شۆڕشەکانی بارزان و دامەزراندنی چەندین کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی و، پاشان پارتی دیموکراتی کوردستان و چاپکردنی ڕۆژنامە و گۆڤار، هەمووی کۆمەڵە ڕووداوێکی گرنگ و مێژوویین کە باسکردن و هەڵسەنگاندنی توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی مێژوویی قووڵیان دەوێت و، زانایان و مێژوونووسان هەرگیز ناتوانن لە دووتوێی دیمانە و وتارێکدا هەقی تەواوەتی خۆی بدەنێ. لە ناو هەموو ئەم ڕووداو و کارەساتانەدا کورد بەردەوام قوربانی بووە و کۆمەڵکوژکراوە و مافەکانی لێ زەوت کراوە، کورد لە هەرچوار پارچەی کوردستان لەپێناو پاراستنی ماف و کەرامەتیاندا بەردەوام لە ڕاپەڕین و شۆڕشدا بوون، تەنانەت شۆڕشێکی گەورەی وەك شۆڕشی ئەیلول، کە وەك شۆڕشێکی سەرتاسەری زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی کوردستان لە دەوری بارزانی کۆببوونەوە، بەتایبەتیش (١٩٧٤-١٩٧٥) لە چاوترووکانێکدا توایەوە، بە گشتی کورد بەردەوام قوربانییەکی گەورەی مێژوو بووە، کە بەداخەوە نەك تەنیا لەلای دوژمنەکانمان، بەڵکو لەلای خۆشمانەوە کەسانێك بە ناوی چاودێری سیاسی، بێ ئەوەی خاوەنی زانیاری و زانست و هیچ شارەزاییەك بن، خوێندنەوەی سەرپێیانە و هەڵەی بۆ دەکەن.

**کوردەکان لە هەرچوار پارچەی کوردستان لەپێناو پاراستنی ماف و کەرامەتیاندا بەردەوام لە ڕاپەڕین و شۆڕشدا بوون**

*** بە درێژایی مێژوو کورد لە ناوچەکەدا بەردەوام کارەسات و نەهامەتیی بەسەردا هاتووە، پرسیار لێرەدا ئەوەیە بۆ دەبێت بەردەوام مێژووی پڕ لە کارەسات وماڵوێرانی لەگەڵ ئێمەی کورد خۆی دووبارە بکاتەوە؟**

- کوردستان هەمیشە بووەتە گۆڕەپان و شوێنی ململانێی وڵاتانی زلهێز، ڕووسەکان و ئینگلیزەکان و عوسمانییەکان و ئێرانییەکانیش، کە لەو سەردەم و قۆناغەدا وێڕای کوشتن و تاڵانکردن و سووتان و گرانی و برسییەتی ڕوویداوە، ئەوا لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کورد زیانمەندی گەورە بووە، لە دوای جەنگەکەش کورد لە دوو بەشەوە ئەمجارە بەسەر چوار بەشدا دابەش کرا، کوردەکان لە مێژوودا غەدرێکی گەورەیان لێ کرا، چ لە لایەن هێزە کۆلۆنیالیزمەکانەوە بێت، یان لەلایەن ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا دابەش کراوە، ئەوە وێڕای خیانەت و دووبەرەکی و دواکەوتوویی خۆشمان، من هۆکاری ناوخۆیی بە یەکێك لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو هەموو ڕووداو و کارەساتانە دەبینم، کە بە درێژایی مێژوو بە سەر گەلی کورددا هاتوون.

**لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کورد زیانمەندی گەورە بووە، لە دوای جەنگەکەش کورد لە دوو بەشەوە ئەمجارە بەسەر چوار بەشدا دابەش کرا**

**هۆکاری ناوخۆیی بە یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی ئەو هەموو رووداو و کارەساتانە دەبینم، کە بە درێژایی مێژوو بە سەر گەلی کورددا هاتوون**

**زۆربەی مێژووی کۆنی کورد بە شاراوەیی ماوەتەوە و پێویستی بە کەسانی شوێنەوارناس و شارەزای مێژووی کۆن هەیە**

**فارس و تورک و عەرەب لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و تێڕوانینی خۆیانەوە مێژووی کوردییان بۆخۆیان نووسیوەتەوە**

*** بۆچی کورد خۆی مێژووی خۆی نەنووسیوەتەوە، سەرەڕای ئەوەی لە هەموو ڕووداوە مێژووییەکاندا حزووری هەبووە؟**

- بە گشتی هۆکار ئەوە بووە کە خاوەنی خۆی نەبووە و دەسەڵاتی سەربەخۆی خۆی نەبووە، با باسی مێژووی کۆنی کورد نەکەین، کە زۆر کەم لەبارەیەوە نووسراوە و، تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، زۆربەی مێژووی کۆنی کورد بە شاراوەیی ماوەتەوە و پێویستی بە کەسانی شوێنەوارناس و شارەزای مێژووی کۆن هەیە، ئەگەرچی هەنووکە دوای کردنەوەی بەشی شوێنەوار لە هەندێ لە زانکۆکانی کوردستان، خەریکە لەو بوارەشدا کار دەکرێت، بەڵام فارس و تورك و عەرەب لە ڕوانگەی بەرژەوەندی و تێڕوانینی خۆیانەوە مێژووی کوردییان بۆخۆیان نووسیوەتەوە، پێموایە بە دەگمەن کەسێکی بە ویژدان و زانا هاتبێت باسێکی ڕاست و دروست و زانستیی بۆ شۆڕش و ڕاپەڕین و تەنانەت شکستەکانیشمان نووسیبێت. هەرچەندە لە دوای ڕاپەڕین و دامەزرانی حکومەتی کوردستان لە باشوور، هەندێك کاری باش و زانستی بۆ نووسینی مێژووی خۆمان کراوە.

دەبێ باسی ئەوەش بکەین، کەوا ئێمە خۆمان لە ناوخۆدا گرفت و کێشەمان زۆر زۆر بووە، گرفتی کورد لەوەدایە کە هەر وا پارچە پارچە بووە و یەکگرتوو نەبووە، هەر سەرکردە و کەسایەتییەکی تێدا دەرکەوتبێت، کەسانێکی دیکە لە دژی ڕاوەستاونەتەوە و سەریان بۆ دانەنواندووە، لە کاتێکدا ئامادەییان تێدا بووە بۆ دوژمنەکانمان سەر دابنوێنن. ئەم پارچەپارچەبوونە بۆ کۆمەڵێك هۆکار دەگەڕێتەوە، وەك نەبوونی هێز و هەڵکەوتەی جوگرافیای کوردستان لە نێوان دوو ئیمپڕاتۆری عوسمانی و سەفەوی و، هەروەها نەبوونی کەنارێکی ئاوی، بۆیە کورد لێکدابڕانی زۆرە، بە هۆی زنجیرە شاخوداخانەکانی و نەبوونی ڕێگاوبانی هاتوچۆی ئاسان و سەختیی ناوچەکەی و نەبوونی ئابوورییەکی تۆکمە و بەهێز، کە ئابوورییەکەی خۆبژێوی بووە و سیفەتێکی خۆجێیی و ناوچەگەرێتی هەبووە، ئەمانەش هەموو بوونەتە هۆی دروستبوونی چەندین زاری جیاجیا، کە تەنانەت لە نێوان دوو گوندی هاوسێشدا بە ڕوونی جیاوازیی کەلتوور و جلوبەرگ دەردەکەوێت، لەمەشدا دوژمنە تەقلیدییەکانی ناوچەکەش ڕۆڵی گەورەیان هەبووە بۆ زیاتر قووڵکردنەوەی ئەو لێکدابڕانە.

***مەبەستت لە دوژمنە تەقلیدییەکانی ناوچەکە (حوکمڕانەکانی عەرەب و فارس و تورك)ـە کە کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی ناوچەکەدا دابەش بووە؟**

- چوار دەوڵەتی عێراق، سووریا، تورکیا و ئێران ئەگەر لەسەر گەلێك شت ناکۆك بن، لە بەرانبەر دژایەتیکردنی دۆزی ڕەوای گەلی کورددا یەك هەڵویستن، کورد دۆستی نەبووە، وەك دەگوترێت تەنیا چیاکان دۆستیانن، ئەم حاڵەتە بۆ ئێستاش درێژەی هەیە، چونکە ئەوەندەی وڵاتانی بڕیاربەدەست حیساب بۆ ئەو دەوڵەتانە و نەتەوەکانیان دەکەن، ئەوەندە بۆ ئێمەی کوردی ناکەن، ڕەنگە ئەمە بۆ لاوازیی لایەنی دیپلۆماسی و سیاسی و سەربازیی خۆشمان بگەڕێتەوە، تەنانەت وەکو هەرێمی کوردستان، ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە بەو توانا دارایی و سیاسی و میدیایی و پەیوەندییە بەهێزەی هەمانە، لۆبییەکی بەهێز لە دەرەوەی وڵات دروست بکەین، کە دەکرا هیچ نەبێت لەو وڵاتانەی بڕیار بەدەست و زلهێزن، لۆبییەکی بەهێزمان بۆ گۆڕینی ئاراستەی ڕووداوەکان دروست بکردایە، بوونی هەندێ فکر و ئایدیای جیاواز و دوور لە فکری نەتەوەیی زیانی بە دۆزی ڕەوای کورد گەیاندووە.

*** هۆکاری ئەو لاوازیی هەستی نەتەوەییە لەلای زۆر لە حزبە کوردستانییەکان بۆچی دەگەڕێتەوە، تەنانەت هێزێکی وەکو پەکەکە دژی ئاڵای کوردستان و هەموو سیمبولی نەتەوەش دەوەستێتەوە؟**

- بوونی کورد لە ناوەڕاستی دوو ئیمپراتۆریەتی گەورەی سەفەوی و عوسمانی گوشار و زیانێکی گەورەی لەسەر بووە، تەنانەت دەرکەوتن و زاڵبوونی نەتەوەی عەرەبیش کە لە دوای دەرکەوتنی ئیسلامەوە بەو ناوچانەدا بڵاو بوونەتەوە، هەمیشە خاکی کوردستانیان بۆ یەکلاکردنەوەی ململانێکانیان بەکار هێناوە، نەتەوە و حوکمڕانەکانی دەوروبەرمان هەر بە دوژمنایەتیی گەلی کوردەوە نەوەستاون، تەنانەت

لە نێوخۆی کوردستانیشدا حزب و دەستە و تاقم و کەسانێکیان بۆ خۆیان بەکار هێناوە، هەر وەك چۆن لە مێژوودا میرنشینە کوردەکانیش دابەش بوون بە سەر ئەو هێزانەدا، یان بچووکتر بوون و نەیانتوانیوە ڕووبەڕووی ئەو ئیمپراتۆریەت و هێزانە ببنەوە و، بە زەبری هێزی سەربازی کۆتایی بە فەرمانڕەواکانیان هاتووە، بۆ نموونە: سەردەمی میرنشینی سۆران و سەردەمی محەمەد پاشای ڕواندزی، دەسەڵاتی تا شنۆ لە ڕۆژهەڵات ڕۆیشتووە و لە ڕۆژئاواش تاوەکو مووسڵ، کەچی هەر نەیتوانیوە ڕووبەڕووی دەوڵەتی عوسمانی ببێتەوە و، ئەو دەوڵەتانەی دەوروبەر برا و مام و ئامۆزاکانی ئێمەیان لە دژی یەکدی بەکارهێناوە، تا میرنشینەکان بێ هێز بوون و دواتر ڕووخاندوویانن.

*** بوونی سەرکردە و سیمبولەکانی نەتەوە تا چەند گرنگە بۆ کۆکردنەوە و بەهێزبوونی هێزی نەتەوەیی؟**

- دوژمنانی کورد بەردەوام کاریان بۆ ناشیرینکردن و پەراوێزخستنی سەرکردەکان کردووە، چونکە نایانەوێت کورد نەتەوە و خاوەنی بیری نەتەوەیی بێت، سەرکردەیەکی کاریزمای وەکو مەلا مستەفا بارزانی لە ڕۆژگاری شۆڕشی ئەیلولدا بۆ یەکگرتنی کورد و بەهێزبوونی کورد ڕۆڵێکی دیاری هەبوو، لە ڕۆژهەڵاتیش پێشەوا قازی محەمەد، بەڵام بوونی بیری حزبایەتیی تەسك زیانی گەورەی پێ گەیاندووین و بیری نەتەوەیی کاڵ کردووەتەوە.

*** بەردەوام مێژوو پەند و عیبرەتە بۆ ئێستا و ئایندە، ئایا لەم واقیعە تاڵەی مێژووی کورد و لەم هەموو ڕاپەرین و شۆڕشەدا چی فێر دەبین؟ ئایا وەکو پسپۆڕێکی بواری مێژوو پێتان وایە چۆن دەتوانین بۆ بەهێزبوونی بیری نەتەوەیی کورد سوود لە مێژوو وەربگرین؟**

- کورد چەند لە بیری نەتەوەیی دوور بکەوێتەوە، ئەوەندە زیانی زیاتری بەر دەکەوێت، ئەوەی کوردی وەکو گەلێك و خاکێك لەم ناوچەیەدا هێشتووەتەوە، بیری نەتەوەیی و کوردایەتییە، پێشمەرگە و حکومەت و پەرلەمان و قەوارەی هەرێمی کوردستان بەرهەمی مێژووی سەرکردە و شۆڕش و قوربانییەکانی ڕابردوویەتی، بەداخەوە ئێمە تا ئێستا نەمانتوانیوە سوپایەکی یەکگرتووی بەهێزی کوردستانیمان هەبێت، بۆ پارێزگاریکری لە قەوارەی هەرێم، ئێمە هەمیشە هێز و سوپایەکی بێهێز بووین بەرانبەر بە وڵاتانی ناوچەکە، ئەوەتا بەرانبەر دەوڵەتی عێراق نەمانتوانی پارێزگاری لە خاك و ناوچە کوردستانییەکان بکەین، ئەوجا بەرانبەر بە وڵاتانی وەکو ئێران و تورکیا چۆن دەتوانین بەم پەرتەوازەییە بوەستینەوە؟ مێژوو خۆی دووبارە دەکاتەوە، بەڵام بە شێوازێکی جیاواز، وەك ڕاپەرینی شێخ عەبدولسەلامی بارزانی و لە ساڵی ١٩١٣ مەلا سەلیم و دواتر ساڵانی ١٩٢٢ و ١٩٢٥ و ١٩٢٧ی سمکۆی شکاك و شێخ ئەحمەد و مەلامستەفای بارزان و کۆماری کوردستان لە مەهاباد و شۆڕشی ئەیلوول، کە بوونەتە قوربانی بەرژەوەندیی زلهێزەکان و پشتگوێخستنی دۆستەکانی کورد وەکو ئەوەی ئەمریکا لە ڕیفراندۆم بینیمان. بەداخەوە لە ئێستادا بە بۆچوونی جیاواز و بە ناوی جیهانگیری و ئایدیۆلۆژیای نانەتەوەیی، دژی زمان و ئاڵا و نیشتمان و ڕەمزە نەتەوەییەکانمان دەوەستنەوە، من بۆچوونم وایە کە پێویستە هەرچی پارتە ئیسلامییە سیاسییەکان و تەنانەت شیوعییەکان و حزب و پارتە سیاسییەکانی دیکەش هەر هەموویان لایەنی نەتەوەییان زیاتر زاڵ بێت بە سەر لایەنی ئایدیۆلۆژیایاندا، چونکە کورد لە هەموو شوێنێك بە هۆی کوردبوونیەوە غەدری لێ دەکرێت، سەبارەت بە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیش، کورد نەتەوەیەکی تا سەر ئێسقان موسڵمانە و هەستی ئایینی بەرزە، بەڵام نەیتوانی وەك ئەوانی دیکە بۆ ژیانی سیاسی بەکاری بهێنێت، کەچی نەتەوە موسڵمانەکانی دیکە ئایینی پیرۆزی ئیسلامیان بۆ خۆیان کردە قەڵغان و بۆ بەهێزبوونی ئیمپراتۆریەت و حوکمڕانەکانیان بەکاریان هێنا. خانی و جزیری و نالی و سالم و کوردی و حاجی قادری کۆیی و مەلای گەورە و سەدان زانای ئایینیی کورد خزمەتی زۆری نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئایینیشیان کردووە، بەداخەوە کورد هەرگیز سوودی لە پەندەکانی مێژوو وەرنەگرتووە و هەڵەکان دووبارە دەکاتەوە، بە پلەی یەکەم یەکڕیزی و یەکگرتنی کورد لە نێوخۆدا بەردی بناغەی سەرکەوتنە، بەڵام.. بەداخەوە.

**گرفتی کورد لەوەدایە کە هەر وا پارچە پارچە بووە و یەکگرتوو نەبووە، هەر سەرکردە و کەسایەتییەکی تێدا دەرکەوتبێت، کەسانێکی دیکە لە دژی ڕاوەستاونەتەوە و سەریان بۆ دانەنواندووە، لە کاتێکدا ئامادەییان تێدا بووە بۆ دوژمنەکانمان سەر دابنوێنن**

**تا ئێستا نەمانتوانیوە بەو توانا دارایی و سیاسی و میدیایی و پەیوەندییە بەهێزەی هەمانە، لۆبییەکی بەهێز لە دەرەوەی وڵات دروست بکەین**

**نەتەوە و حوکمڕانەکانی دەوروبەرمان هەر بە دوژمنایەتیی گەلی کوردەوە نەوەستاون، تەنانەت لە نێوخۆی کوردستانیشدا حزب و دەستە و تاقم و کەسانێکیان بۆ خۆیان بەکار هێناوە**



**مامۆستا عەبدوڵا دەروەکۆتری**

**وتاربێژی مزگەوتی مەلاغەفوور لە ڕانیە بۆ گوڵان:**

# پێکەوەژیان و لێبووردەیی لە کوردستاندا بەرهەمی زانا و مامۆستایانی ئایینییە

# مامۆستایانی ئایینی لە حوجرەی مزگەوتەکاندا گەنجەکانیان لەسەر ڕەسەنایەتیی ئایین پەروەردە کردووە

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام، ئایینی ئاشتی و لێبووردەیی و پێکەوەژیانە، لەمەش زیاتر کە سەیری مێژووی بەرزی مزگەوت و حوجرە و تەکیە و خانەقاکانی کوردستان دەکەین، هەموو کات سەرچاوەی ئیشق و میهرەبانی و خۆشەویستیی خودا بووە، بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی مامۆستا عەبدوڵا دەروەکۆتری وتاربێژی مزگەوتی مەلاغەفوور لە ڕانیە کرد. لێرەدا پوختەی قسەکانی بڵاودەکەینەوە.**

*** وەك مامۆستایەکی شارەزا لە فیقهی ئیسلامیدا، ئایا لێبووردەیی و پێکەوەژیان و ئاشتی لە دیدی ئایینی پیرۆزی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- پێکەوەژیان لە ئیسلامدا زۆر بە ڕوونی و جوانی بانگەشەی بۆ کراوە، لە ئیسلامدا پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای مرۆڤدۆستی و تەبایی و برایەتی و کاری خێرخوازی و باشە و دوورکەوتنەوە لە زیانگەیاندن بە بەرامبەر دامەزراوە، هەروەکو لە قورئانی پیرۆز و فەرموودەکاندا هاتووە و بە ڕوون و ئاشکرایی داوا لە موسڵمانان دەکات ڕێز لە بەرامبەر بگرن و توندوتیژی بەرامبەر یەکتر نەکەن، ئەمەش بەو واتایە دێت کە هەر کەسێك لە ناو موسڵماناندا بژی و زیانی بۆ موسڵمانان نەبێت و دژایەتی موسڵمانەکان نەکات و وڵاتیان تێك نەدات و ئاشوپ و پشێوی نەنێتەوە، دەبێت ڕێزی تایبەتی لێ بگیرێت، لە قورئانی پیرۆزدا هاتووە: (يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُمْ مِنْ ذَكَرٍ وَأُنْثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِنْدَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ)، واتا ئەی خەڵکینە ئێمە ئێوەمان لە نێر و مێ دروست کردووە و، ئێوەمان کردووە بە نەتەوە و هۆز و تیرەی جیاواز، بۆ ئەوەی یەکتر بناسن و هاوکاریی و یارمەتیی یەکتر بدەن و سەر زەوی ئاوەدان بکەنەوە، نەك کار بۆ دژایەتی و شەڕ و شۆڤێنییەت و ڕەگەزپەرستی بکەن، ئەمە کاری دونیاییە، بۆ قیامەتیش لای خودای گەورە بە تەقواترینتان باشترینتانە، هاوکات بە دەقی قورئانی پیرۆز خودای گەورەو میهرەبان ڕێنمایی بە پێغەمبەرمان (د.خ) دەکات و دەفەرموێت: (لَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ لَمْ يُقَاتِلُوكُمْ فِي الدِّينِ وَلَمْ يُخْرِجُوكُمْ مِنْ دِيَارِكُمْ أَنْ تَبَرُّوهُمْ وَتُقْسِطُوا إِلَيْهِمْ إِنَّ اللَّهَ يُحِبُّ الْمُقْسِطِينَ* إِنَّمَا يَنْهَاكُمُ اللَّهُ عَنِ الَّذِينَ قَاتَلُوكُمْ فِي الدِّينِ)، واتا خودای گەورە قەدەغەی ئەوەتان لێ ناکات، ئەوانەی شەڕیان لەگەڵ ئێوە نەکردووە و دوژمنایەتیی ئێوە ناکەن، لەسەر خاك و خانوو و وڵات و نیشتمانی خۆتان بەدەریان نەناون، چاکەیان لەگەڵ بکەن و لەگەڵیاندا دادگەر بن، خودای گەورە و میهرەبان دادگەرانی خۆش دەوێت.

خۆ ئەگەر بە قووڵایی مێژووی ئیسلامدا ڕۆبچین، دەیان پەند و عیبرەتی جۆراوجۆر دێتە بەر چاومان، کە هەر هەموویان باسی ڕێزگرتن لە مرۆڤایەتی و پێکەوەژیان دەکەن، هەرخۆی لەخۆیدا پێغەمبەرمان(د.خ) کاتێك لە شاری مەدینە بوو، پەیمانی مەدینەی دەرکرد و خۆی ئەو پەیماننامەیەی واژۆ کرد، کە لە نێوان دانیشتووانی مەدینەدا بە جیاوازیی ئایین و هۆز و تیرەکان دەرکرا، ئەوەی حیسابی بۆ کرا لەو پەیماننامەیەدا، هاونیشتمانیانی ئەو شارە بوون کە دەکرا پێی بگوترێت پەیماننامەی هاووڵاتیبوونی مەدینە، بەجیاوازیی ئایین و ئایینزاکانیەوە. لەو پەیماننامەیەدا مافی ئازادی و بیروڕای جیاواز و ئایین و ئایینزایی دیاری کرا و، جیاوازی لە نێوان هیچ نەتەوە و ئایین و ئایینزایەکدا نەکرا. لەو پەیماننامەیەی مەدینەدا مافی تەواو درا تەنانەت بەو جوولەکانەی کە زۆر دژایەتی پێغەمبەر (د.خ)یان دەکرد و بەشداریی هەموو ئەو پیلان و دوژمنکارییانەیان کردبوو، کە دژی پێغەمبەر (د.خ) و هاوەڵانی و موسڵمانەکان و ئایینەکە دەکرا، لە یەکێك لە بەندەکاندا نووسرابوو (لليهود ما للمسلمين و عليهم ما عليهم) واتا موسڵمانەکان چ مافێکیان هەیە، جووەکانیش هەمان مافیان هەیە و هەموو ئەو ئەرکانەی دەکەوێتە سەر موسڵمانەکان لە پارێزگاری و لە ئیشوکاری کۆمەڵایەتی و کڕین و فرۆشتن و مافەکانیان، هەمان ئەرك و ماف دەکەوێتە سەر جووەکانیش.

*** هەموو ڕێبەر و سەرکردەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردستان، لە حوجرە و مزگەوت و تەکیە و خانەقاکاندا هەڵکەوتوون و ڕێبەرایەتییان بۆ سەربەخۆیی کوردستان کردووە، هەمووشیان ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەریان (د.خ) کردووە بە دروشم کە دەفەرموێت: «خۆشەویستیی نیشتمان لە ئیمانەوەیە»، ئایا شەرعییەتی پارێزگاریگردن لە نیشتمان لە قورئان و شەریعەتی ئیسلامەوە چۆن ڕاڤە دەکەن؟**

- لە ئیسلامدا هیچ ڕێگرییەك نییە لەوەی موسڵمانان خاك و وڵات و نیشتمانی خۆیان خۆش بوێت و پارێزگاری لێ بکەن، پێغەمبەر (د.خ) کاتێك لە مەککە دەرکرا و خەڵکی مەدینە پشتیوانییان لێ کرد و، زۆریش پاڵپشت و هاوکاری بوون، بەڵام پێغەمبەرمان (د.خ) لەبەر ئەوەی مەککە شوێنی لەدایکبوون و منداڵی و گەنجێتیی خۆی بوو، سۆزی تایبەتی بۆ شار و خاکەکەی هەبوو، فەرمووی: «ئەی مەککە ئەگەر دەریان نەکردمایە، هەرگیز بەجێم نەدەهێشتی». ئیسلام تەنیا ڕێگەی لە شۆڤێنی و ڕەگەزپەرستی و توندوتیژی گرتووە، ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاراستن و بەرگریکردن لە خاك و وڵات بە کارێکی زۆر بەرز و پیرۆز دادەنێت و، پاراستنی ژینگە و پاکوخاوێنڕاگرتن و ڕێزگرتن لە سرووشت و دارودرەخت و ئاو و هەواکەی بە ئەرکی سەرشانی موسڵمانانی داناوە و، نابێت ژیانی خەڵکی بخەیتە مەترسییەوە، بە شاهیدی دەزگاکانی ئاسایش کە وێڕای ئەوەی درێژترین سنوورمان لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هەیە، سوپاس بۆ خودا کە کەمترین خەڵکمان چوونەتە ناو ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە، ئەمە لە کاتێکدا لە وڵاتانی ئەمریکا و ئەورووپا و جیهانەوە کە چەند دوورن لە سنوورەکانی داعش، کەچی بە دەیان کەس چوونەتە ناو ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە، لە فەرموودەکانی پێغەمبەردا تەنانەت لابردنی بەردێکی لەسەر ڕێگادا بە خوداپەرستی داناوە، پێغەمبەر (د.خ) دەفەروێت: ئەگەر وتیان ئەوە ڕۆژی قیامەت هات، تۆش نەمامێکت بە دەستەوە بوو بیچێنە، ئەمەش هەمووی لە پێناو خاك و نیشتمان و ڕێزگرتن لە هاووڵاتیانە.

*** لە کوردستاندا بێجگە لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام، چەندین ئایینی دیکەش هەن، بەڵام سوپاس بۆ خودا، لە کوردستاندا لێبووردەیی و پێکەوەژیان بە ئاستێکە لە جیهانی ئیسلامیدا نموونەی نییە، ئایا ئەو کەلتوورە ڕەسەنەی موسڵمانێتیی کورد لە چییەوە سەرچاوەی گرتووە؟**

- جوانیی ئەو پێکەوەژیان و لێبووردەییەی لە کوردستاندا هەیە و چەندین ئایین و ئایینزا بە ئازادانە خواپەرستی خۆیان دەکەن، هەموو ئەمانە بۆ ئایینی پیرۆزی ئیسلام و تێگەیشتنی میللەتی کورد دەگەڕێتەوە و، بۆ بنەماکانی پیرۆزی ئیسلام و ڕۆڵ و تێگەیشتنی

**هەر کەسێک لە ناو موسڵماناندا بژی و زیانی بۆ موسڵمانان نەبێت و دژایەتی موسڵمانەکان نەکات و وڵاتیان تێک نەدات و ئاشوپ و پشێوی نەنێتەوە، دەبێت ڕێزی تایبەتی لێ بگیرێت**

**ئایینی پیرۆزی ئیسلام پاراستن و بەرگریکردن لە خاک و وڵات بە کارێکی زۆر بەرز و پیرۆز دادەنێت و، پاراستنی ژینگە و پاکوخاوێنڕاگرتن و ڕێزگرتن لە سرووشت و دارودرەخت و ئاووهەواکەی بە ئەرکی سەرشانی موسڵمانانی داناوە**

**بە شاهیدی دەزگاکانی ئاسایش کە وێڕای ئەوەی درێژترین سنوورمان لەگەڵ ڕێکخراوی تیرۆریستیی داعش هەیە، سوپاس بۆ خودا کە کەمترین خەڵکمان چوونەتە ناو ئەو ڕێکخراوە تیرۆریستییەوە**

زانایانی گەورەی کوردی موسڵمان، پێکەوەژیان و ڕێزگرتن لە مێژووی کۆنی کورددا هەبووە و، هەموو ئایین و ئایینزاکان پێکەوە ژیاون و گوندی مەسیحی لە تەنیشت گوندی موسڵمان بوون و تەبایی و ڕێزێکی زۆریان بۆ یەکتر هەبووە، ئەمەش هەمووی بۆ ئەو پەیامە جوانەی زانایانی کوردی ئیسلام دەگەڕێتەوە، کە دەرچووی حوجرە و تەکیە و مزگەوتەکانی کوردستان بوون، بە ناوی ڕەسەنی ئیسلام پەیامێکی زۆر جوانیان بە خەڵکی کوردستان ڕاگەیاندووە، کە بۆ پەیامی پیرۆزی ئیسلام دەگەڕێتەوە. دەرچووی حوجرەکان، ئەوانەی لەسەر دەستی زانایانی ئیسلام پەروەردە بوون، هۆکاری سەرەکیی ئەو سەقامگیری و ئاشتی و تەباییەن کە لەناو کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە. فەرموودەی پێغەمبەر(د.خ) هەیە کە نابێت بە گاڵتەش هیچ ئایینزایەکی دیکە بترسێنیت. پێغەمبەرمان (د.خ) نەهی لێ کردووە و تەنانەت نابێت پەیمانی لەگەڵ بشکێنی و ژیانی لێ تێك بدەیت و دەستدرێژی بکەیتە سەر ماڵ و سامانیان.

*** زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان هەموو کات لەسەر مینبەرەکانەوە پێشەنگ و پێشەوای کۆمەڵگە بوون، لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستاندا هەوێنی یەکڕیزی و تەبایی و پێکەوەژیان بوون، ئایا لەم قۆناخەدا کە پێویستمان بە تەبایی و پێکەوەژیان و لێبووردەیی هەیە، ئەرکی سەر شانی زانا و مامۆستایانی ئایینی ئیسلام لەسەر مینبەرەکان دەبێت چی بێت و، چۆن پارێزگاری لەو مێژووە دەکەن کە زانایانی ئیسلامیی پێش ئێوە لە کوردستان دروستیان کردووە؟**

- گوتاری سەرکەوتووی ئایینیی زانایان و مامۆستایانی ئایینی وای کردووە کە توندوتیژی لەناو ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستاندا جێگای نەبێتەوە، کە زانایانی ئیسلام گەنجیان لەسەر پەروەردە کردووە لە ڕێگەی مینبەری مزگەوتەکان و گوتاری ئایینی و حوجرەی مزگەوتەکانەوە، سەقامگیری و ئاشتی و پێکەوەژیان بەرهەمی زانا و مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە، کە بە سەدان فەقێ لە حوجرەکاندا لەسەر دەستی ئەوان پەروەردە بوون، بۆیە دەبێت جارێکی دیکە هەموو ئەو حوجرانە ببووژێندرێنەوە و لەلای مامۆستا و زانای خۆماڵی کورد خوێندن بخوێنن، نەك بچنە پایتەختەکانی ئەم وڵات و ئەو وڵات و بە فکری دوور لە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام پەروەدە بکرێن. تا خاوەنی تەریقەتی ئەو زانا و مامۆستا بەرز و لێهاتووانەی کورد بین، ئەو ئارامی و ئاسایشەی لە کوردستان هەیە، هەر بەردەوام دەبێت و مومکین نییە هیچ فکرێکی توندوتیژی و توندڕەوی لەناو ئێمەی موسڵماندا جێگای ببێتەوە. ئەرکی سەرشانی زاناو وتاربێژ و مامۆستایانی ئایینی بە ئایینە جیاوازەکانیشەوە کە نوێنەرایەتیی ئایین و ئایینزا و مەزهەبێکی دیاریکراو دەکەن، ئەوەیە کەوا کار بکەن لەپێناو پارێزگاریکردن لەو پێکەوەژیانە ئایینییەی کە لە کوردستان هەیە.

*** سالانێکە بە هۆکاری سیاسی بێت، یان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا، دیاردەیەکی نامۆ بە مێژووی بەرزی موسڵمانیەتیی کوردستان هاتووەتە کوردستانەوە، ئەویش دیاردەی توندڕۆیی و توندوتیژییە، ئایا زانایانی ئیسلامی کوردستان چۆن ڕێگە لەم دیاردە نامۆیە دەگرن؟**

- زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئێمە کارە قێزەوەنەکانی کەسان و گرووپێك بەسەر ئیسلامدا ساغ دەکەنەوە، ئەمە گەورەترین خزمەتە بەو گرووپە لادەر و تێکدەرانە، چونکە ئیسلام بێبەرییە لە کاری توندوتیژی و توندڕەویی و زیانگەیاندن بە خەڵك، سالانێك حزبی بەعس بە ناوی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کە ئەنفال بوو، دەهات گوندەکانی تێك دەدا و دەیسووتاندن و خەڵکەکەی ڕاپێچی بیابانەکان دەکرد و دەیکوشتن، لە کاتێکدا ئەم وشەیە لە دژی میللەتێکی موسڵمان هەرگیز بەکار نایەت، یان ئەوەی ئێستا تیرۆریستانی داعش ئەنجامی دەدەن و بە ناوی ئیسلامەوە کارە قێزەوەنەکانیان جێبەجێ دەکەن و، گەورەترین تاوان لە دژی خەڵکی مەدەنی و گوندنشین و مەڕدار و بەشمەینەت ئەنجام دەدەن، لە کوێی ئیسلامدا هاتووە تۆ بچیت گوللە قازیفە بنێیت بە ماڵێکەوە ژن و منداڵی تێدا بێت، ئەمە تاوانێکی قێزەوەنە، ئێمەی مامۆستایانی ئایینی بە توندی ڕیسوای دەکەین و ڕەتی دەکەینەوە.

**گوتاری سەرکەوتووی ئایینیی زانایان و مامۆستایانی ئایینی وای کردووە کە توندوتیژی لەناو ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستاندا جێگای نەبێتەوە**

**زۆر لە ڕۆشنبیرانی ئێمە کارە قێزەوەنەکانی کەسان و گرووپێک بەسەر ئیسلامدا ساغ دەکەنەوە، ئەمە گەورەترین خزمەتە بەو گرووپە لادەر و تێکدەرانە**

**حزبی بەعس بە ناوی ئایەتێکی قورئانی پیرۆز کە ئەنفال بوو، دەهات گوندەکانی تێک دەدا و دەیسووتاندن و خەڵکەکەی ڕاپێچی بیابانەکان دەکرد و دەیکوشتن، لە کاتێکدا ئەم وشەیە لە دژی میللەتێکی موسڵمان هەرگیز بەکار نایەت**



جوان سەعدوڵا ڕەشید

بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆییەکانی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین بۆ گوڵان:

# بە تەواوکردنی بەشە ناوخۆیی ناو کەمپی زانکۆ زۆربەی گرفتەکانی بەشە ناوخۆییەکانی زانکۆی سەڵاحەدین چارەسەر دەبێت

**لە قۆناخی زانکۆدا ژمارەیەکی زۆری قوتابیان ڕوو لە بەشە ناوخۆییەکان دەکەن؛ لە وەرزی زستانیشدا بە هۆی گرفتی کارەبا و نەبوونی ئاوی گەرم و پێداویستییەکانی دیکەوە، قوتابیان دوچاری گرفت دەبنەوە و، لە هەندێك زانکۆ قوتابیانی زانکۆ دەست بە خۆپیشاندان دەکەن، کەسانێك و گرووپی جیاجیاش بۆ بەرژەوەندیی خۆیان ئاراستەی خۆپیشاندانەکان دەگۆڕن و، هەندێك جار ئەجێندا و مەرامی تایبەتی و دوور لە ویست و خواستی نارەزایەتییەکانی قوتابیان تێکەڵی خۆپیشاندان دەکرێت.**

گرفتی بەشە ناوخۆییەکان لەلایەن ئیدارەی زانکۆکانەوە چارەسەر ناکرێن و، زۆربەی جاریش لەلایەن وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە هەنگاوی خێرا نانرێت، لە کاتێکدا دەکرێت قەیرانی دارایی و پشتگوێخستنی گرفتە سادەکان لە وەرزی هاویندا چارەسەر بکرێت، نەوەك لە ناو دەوامی خوێندندا بیر لە چارەسەرکردن بکرێتەوە، لەگەڵ ئەمەشدا مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەگەڵ ژمارەیەك لە نوێنەرانی قوتابیان کۆبووەوە و، لە نزیکەوە گوێبیستی گرفت و داواکارییەکانیان بوو، لە ناویشیاندا داواکاریی دابینکردنی پێداویستییەکانی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان کە ئەنجومەنی وەزیران بڕیاری خەرجکردنی بودجەیەکی دا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەتایبەتی باشکردنی ژیان لە بەشە ناوخۆییەکاندا. بۆ قسەکردن لەسەر ئەم بابەتە، گۆڤاری گوڵان گفتوگۆیەکی لەگەڵ جوان سەعدوڵا ڕەشید بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆییەکانی کچانی زانکۆی سەڵاحەدین سازکرد و، سەبارەت بە گرفت و کێشەکانی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان گوتی: «گرفتی بەشە ناوخۆییەکانی قوتابیان، گرفتێکی کەڵەکە بووە و بۆ چەندین ساڵ لەمەوبەر دەگەڕێتەوە و، قەیرانی دارایی و بڕینی بودجە و خراپبوونی بارودۆخی

بژێوی ژیان و ڕاوەستانی زۆربەی پڕۆژەکان بۆ چەندین ساڵ، کاریگەریی خراپی لەسەر ئاڵۆزبوونی گرفتەکە هەبووە، لە کاتێکدا تادێت ژمارەی قوتابیان ڕوو لە زیادبوونە و، لەگەڵ ئەم زیادبوونەشدا داواکاری و پێداویستییەکانیشیان زیاد دەبێت، هەر لە ڕووی بینایە و شوێن و پێداویستییەکانی قوتابیانەوە، تا نۆژەنکردنەوەی بەشە ناوخۆییەکان و دابینکردنی پێداویستییەکانی وەك کارەبا و ئاوی گەرم و گەرمکەرەوە. سەبارەت بە زیادبوونی ژمارەی قوتابیان کە تادێت ڕوو لە زیادبوون دەکات و، هەموو قوتابیەکیش لە توانایاندا نییە شوقە و خانوو بەکرێ بگرێت، لە کاتێکدا گرفتی نەبوونی خانووی کرێ خۆی لە شارەکاندا هەیە، بۆ نموونە: بەشە ناوخۆییەکانی ١٨ شوبات لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەنیا توانای نیشتەجێبوونی ١١٠٠بۆ ١١٥٠ قوتابی هەیە، لە کاتێکدا تادێت ژمارەی قوتابیان ڕوو لەزیادبوونە، ئەمە وێڕای ئەوەی ئەم بەشە ناوخۆییەش پێویستی بە نۆژەنکردنەوە و فراوانکردن هەیە».

دابینکردنی پێداویستییەکانی بەشەناوخۆییەکانی قوتابیان لەلایەن زانکۆکان و وەزارەتی خوێندنی باڵاو توێژینەوەی زانستییەوە گرنگییەکی تایبەتی هەیە، لەم بارەیەوە بەڕێوەبەری بەشی ناوخۆیی قوتابیانی ١٨ی شوبات گوتی: «بەشە ناوخۆیی قوتابیان پێداویستی زۆرە، هەر لە ئیشپێکردنی مۆلیدەوە بۆ دابینکردنی کارەبا کە (مۆلیدەکانی کۆن بوون) تا دابینکردنی گازوایل و چاککردنەوەی ئامێرەکانی جلشۆر و نۆژەنکردنەوەی تانکییەکانی ئاو، هەڵبەت بە سوپاسەوە سەرۆکایەتیی ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەدین گازوایلی بۆ دابین کردووین، بەڵام تەمەنی بەکارهێنانی مۆلیدەکان تەواو بووە و بەردەوام دەشکێن و پێویستیان بە چاککردنەوە هەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی دەنگیشیان زۆر گەورەیە، لە لایەکی دیکەوە ژمارەیەك لە تانکییەکانی ئاوی خواردنەوە خراپ بوون و پێویستیان بە گۆڕینە، ئەمە وێڕای کۆنی و بێکەڵکیی جلشۆرەکان».

بەڕێوەبەری بەشە ناوخۆییەکانی کچانی زانکۆی سەلاحەدین سەبارەت بە سەردانەکەی مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ بەشە ناوخۆییەکان و، لە نزیکەوە گفتوگۆی لەگەڵ قوتابیان، ڕایگەیاند: «سوپاسی ڕێزدار مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، کە خەمخۆری دابینکردنی پێداویستی و خواستی قوتابیان بوو و، بەشە ناوخۆییەکانی ١٨ شوباتی بە سەر کردەوە و لە نزیکەوە بە وردی باسی کێشەکان و ڕێگەچارەکان کرا، ئەوەی جێگای خۆشحاڵیی نوێنەری قوتابیان بوو، ئەو پشوودرێژییەی ڕێزدار سەرۆکی حکومەت بوو لەگەڵ قوتابیاندا، کە وەکو باوکێك خەمخۆری چارەسەرکردنی کێشەکانیان بوو، تا ڕاددەیەکی باش لە چارەسەرکردنی زۆربەی کێشەکاندا بەڵێنی پێ داین و، زۆر لە وەزارەتە پەیوەندیدارەکانیشی ڕاسپارد بۆ بەدەنگەوە هاتنی کێشە و گرفتەکانمان».

سەبارەت بە ڕۆڵی ڕێکخراوە خێرخوازییەکان و وەبەرهێنەران و سەرمایەداران، بە تایبەتی لە شاری هەولێر، جوان سەعدوڵا گوتی: «دەزگای خێرخوازیی بارزانی چەندین ساڵە هاوکاری و پاڵپشتی کردووین، بەتایبەتی لە دابینکردنی سەبەتەی خۆراك و دابینکردنی دۆشەك و بەتانی و پێداویستییەکانی دیکە، ئەمە وێڕای ئەوەی زۆر لە سەرمایەدارانیش لە ڕێگەی ئێمەوە ڕاستەوخۆ خۆیان کۆمەك و هاوکاریی قوتابیانیان کردووە لە بەشە ناوخۆییەکان، بەڵام بە هۆی کۆرۆناوە ئەم هاوکاریی و پاڵپشتییە کەم بووەتەوە، لە دوو ساڵی ڕابردوودا بەردەوام لە ڕێگەی کۆمپانیای کارەوە هاوکاری و پاڵپشتی سەبەتەی خۆراکی هەبووە، زۆر لە دەوڵەمەندەکانی شاری هەولێریش ناوبەناو ڕاستەوخۆ هاوکاریی قوتابیان دەکەن».

لە بارەی پێویستیی بەشە ناوخۆییەکان بە نۆژەنکردنەوە و فراوانبوونیان، جوان سەعدوڵا گوتی: «ژمارەی قوتابی هەموو ساڵێك ڕوو لە زیادبوونە، ئێمەش ساڵانە ڕێژەیەکی زیاتر لە قوتابیان وەردەگرین، بۆیە بە دڵنیاییەوە پێویستمان بە فراوانکردنی بەشە ناوخۆییەکان هەیە، لە شوێنی کەمپی زانکۆی سەلاحەدین پڕۆژەیەکی بەشە ناوخۆیی هەیە کە ٩٩٪ی تەواو بووە، بەڵام بە هۆی قەیرانی داراییەوە پارەی پێویست نەدراوە بە بەڵێندەرەکە، خۆ ئەگەر ئەو پڕۆژەیە تەواو ببێت و کەلوپەلەکانی بکڕدرێت، ئەوا دوور دەکەوینەوە لە بەکرێگرتنی باڵەخانەکان، چونکە ئێمە هەشت باڵەخانە بۆ کچان و پێنج باڵەخانەمان بۆ کوڕان بە کرێ گرتووە، ئەمەش تێچووەکەی زۆر لەسەر حکومەت دەکەوێت، بەڕای من هەموو زانکۆیەك پێویستە بەشە ناوخۆیی خۆی هەبێت».

**بەشە ناوخۆییەکانی ١٨ شوبات لە زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر تەنیا توانای نیشتەجێبوونی ١١٠٠بۆ ١١٥٠ قوتابی هەیە، لە کاتێکدا تادێت ژمارەی قوتابیان ڕوو لەزیادبوونە**

**ئەنجومەنی زانکۆی سەلاحەدین گازوایلی بۆ دابین کردووین، بەڵام تەمەنی بەکارهێنانی مۆلیدەکان تەواو بووە و بەردەوام دەشکێن و پێویستیان بە چاککردنەوەهەیە، ئەمە وێڕای ئەوەی دەنگیشیان زۆر گەورەیە**

**ڕێکخراوی خێرخوازیی بارزانی چەندین ساڵە هاوکاری و پاڵپشتی کردووین، بەتایبەتی لە دابینکردنی سەبەتەی خۆراک و دابینکردنی دۆشەک و بەتانی و پێداویستییەکانی دیکە**



## دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح

بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر بۆ گوڵان:

# نیشانەی ئەم ڤایرۆسە تازەیەی کۆرۆنا توندترە لەو شەپۆلانەی پێشتر هەبووە

# بەپێی ئەو توێژینەوانەی بۆ ڤایرۆسی کۆرۆنا کراون، پاش شەش مانگ لە وەرگرتنی ژەمی دووەم پێویستە ژەمی سێیەم وەربگیرێت

## هەر دەرمانخانەیەک دەرمان لەو نرخەی دیاریکراوە گرانتر بدات، ڕێکاری یاسایی بەرانبەری دەگیرێتەبەر

**دەرکەوتنی زنجیرەیەکی تازەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جارێکی دیکە جیهانی تووشی شپرزەیی کردەوە، کە زیاتر لە ئەفریقا بڵاوبووەتەوە و وا چاوەڕوان دەکرێت، کە وەك ڤایرۆسەکانی پێشتر لە هەموو دونیا بڵاو ببێتەوە، ئەگەرچی ئەم جۆرە نوێیەی ڤایرۆسی کۆرۆنا توێژینەوەیەکی وای لەسەر نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو کەسانەی کە تووشی ئەم ڤایرۆسە تازەیە بوون، نیشانەکانی تا ڕادەیەك لەوانەی پێشتر توندترە، هاوکات باس لەوەش دەکرێت کە پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی ڤاکسینەکەیان بەرهەم هێناوە، گۆڕانکاری لە ڤاکسینەکەدا بکەن، سەبارەت بەوەی چ ئامادەکارییەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم شەپۆلە نوێیەی کۆرۆنا کراوە و، ئایا بڕی پێویست لە ئۆکسجین و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لە نەخۆشخانەکاندا هەیە، گوڵان بە پێویستی زانی کە دیمانەیەك لەگەڵ دکتۆر دلۆڤان محەمەد فاتح بەڕێوەبەری گشتیی تەندروستیی هەولێر ساز بکات.**

*** دەرکەوتنی نەوەیەکی تازەی ڤایرۆسی کۆرۆنا جاریکی دیکە جیهانی تووشی شپرزەیی کردووە و، مەترسییەکە لەوەدایە کە ئەم جۆرەیان توانای بڵابوونەوەی زۆر بەهێزە، زانیاریی نوێ سەبارەت بەم ڤایرۆسە تازەیە چییە؟**

- ئەو جۆرە ڤایرۆسە، ڤایرۆسی گۆڕاویان پێ دەگوترێت، لە سەرەتاوە چەندین گۆڕانی بەسەردا هاتووە و، ئەم ڤایرۆسەی ئێستا زیاتر لە ئەفریقا بڵاو بووەتەوە و، چاوەڕوان دەکرێت لە هەموو دونیا و لە هەرێمی کوردستانیش بڵاو ببێتەوە، وای بۆ دەچین نیشانەکانی هەر وەك کۆڤید ١٩بێت، ئەگەرچی توێژینەوەیەکی وای لەسەر نەکراوە، بەڵام باس لەوە دەکرێت کە بەپێی ئەو کەسانەی تووشی ئەو ڤایرۆسە تازەیە بوون، نیشانەکانی تا ڕادەیەك لەوانەی پێشوو توندترە، هاوکات شتێکی دیکە لەسەر ئەو ڤایرۆسە تازەیە ئەوەیە کە دڵنیا نین ئەو ڤاکسینەی ئێستا کە هەیە، کاریگەری لەسەری هەبێت و نەهێڵێت تەشەنە بکات، هەر بۆیە باس لەوەش دەکرێت کە پێویستە ئەو کۆمپانیایانەی ڤاکسینەکەیان بەرهەم هێناوە، گۆڕانکاری لە سەری دروست بکەن، بەڵام ئەمەش تا ئێستا پشتڕاست نەکراوەتەوە. ئەو ڤایرۆسە لەوانەی پێش خۆی خێراتر بڵاو دەبێتەوە. بەڵام ڤاکسینیش فاکتەرێکی ئەساسییە و ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەبینێت بۆ بەهێزکردنی بەرگریی لەش لە دژی ڤایرۆسەکە، چونکە ڤایرۆسەکانی پێشتر ڤاکسینەکە کاریگەریی لەسەریان هەیە و، ئەوانەی ڤاکسینیان وەرگرتووە بە سووکتر تووشی پەتاکە دەبن، لەوەی کە ڤاکسینی وەرنەگرتووە. لەلایەکی دیکەوە ئەو جۆرە تازەیە دیار نییە کە ڤاکسینەکە کاریگەری لەسەری هەیە، یان نا، بەڵام کاتێك ڤاکسینەکە کەم و زۆر کاریگەری لەسەر هەبێت، ئەوە وەك ڤایرۆسە گۆڕاوەکانی دیکە دەبێت، بەڵام بۆی هەیە کەسی تووشبوو نیشانەکانی تێدا توندتر بێت.

**ئەم ڤایرۆسەی ئێستا زیاتر لە ئەفریقا بڵاو بووەتەوە و، چاوەڕوان دەکرێت لە هەموو دونیا و لە هەرێمی کوردستانیش بڵاو ببێتەوە، وای بۆ دەچین نیشانەکانی هەر وەک کۆڤید ١٩بێت**

**لە سەرەتای ساڵی تازەوە هەموو فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەت و ئەوانەی لە شوێنە گشتییەکان و چێشتخانەکان و...هتد کار دەکەن، هاوکات ئەوانەی سەردانی دامودەزگاکانی حکومەتیش دەکەن، پێویستە کارتی ڤاکسینیان هەبێت**

**لەسەر پێشنیاری لێژنەی زانستیی ئێمە و لێژنەی زانستیی بەغدا، کە ئەوانیش چەند رۆژە بڕیاریان داوە ژەمی سێیەمی ڤاکسین بە هاووڵاتیان بدرێت**

*** وەك ئەوەی لەسەر ئاستی جیهان هەستی پێ دەکەین، خەڵکی زۆر دژی کەرەنتینە و لۆك داونن، بێگومان لە کوردستانیش خەڵك لە کەرەنتینە بێزارە، ئایا ڕێنمایی پێویست بۆ ڕێگرتن لە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتا تازەیە چییە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی داواکاریی نوێمان لە ژووری ئۆپەراسیۆن پاڵپشت بە بڕیارەکانی لێژنەی باڵای کۆرۆنا، ئەوە بووە کە لە سەرەتای ساڵی تازەوە هەموو فەرمانبەرانی دامودەزگاکانی حکومەت و ئەوانەی لە شوێنە گشتییەکان و چێشتخانەکان و...هتد کار دەکەن، هاوکات ئەوانەی سەردانی دامودەزگاکانی حکومەتیش دەکەن، پێویستە کارتی ڤاکسینیان هەبێت، کە هەر دوو ژەمی وەرگرتبێت، یان پشکنینی هەفتانەی کۆرۆنایان هەبێت، چونکە تا ئێستا تاکە ڕێگە کە سەلمێندرابێت بۆ ئەوەی پەتاکە کۆنترۆڵ بکات، ئەو ڤاکسینەیە، هەروەها ڕێنماییە تەندروستییەکانیش جێبەجێ بکرێن، بەتایبەتی بەستنی دەمامك و نەچوونە شوێنی قەرەباڵغ تا کەمترین بەریەککەوتن دروست ببێت، ئەگەرچی ئەوەی ئێمە وەك لایەنی پزیشکی جەختی لەسەر دەکەینەوە، ئەوەیە کە خەڵك پێویستە ژەمە ڤاکسینەکان وەربگرن.

*** ئەوەی جێگەی دڵخۆشییە ئەوەیە کە ڕێژەیەکی باش لە خەڵکی کوردستان ڤاکسینیان وەرگرتووە، ئەمەش جۆرێك لە بەرگری لە لەشی مرۆڤدا زیاد دەکات، ئێستا پاش وەرگرتنی ژەمی دووەم لە ڤاکسین، چاوەڕوان دەکرێت ژەمی سێیەم دەست پێ بکات، ئایا ئەو بەرگرییەی کە ڤاکسینی کۆڤید دروستی دەکات، کاتییە؟**

- لە سەرەتادا بڕیار ئاوا بووە بۆ دروستبوون و بەهێزبوونی بەرگریی لەش لە مرۆڤدا دوو ژەمی ڤاکسین وەربگیرێت و، نێوانی هەر دوو ژەمەکانی زۆربەی ڤاکسینەکان ٢١ ڕۆژ بێت، بەڵام لە هەندێ وڵاتدا تاقی کرایەوە، پاش شەش مانگ لە وەرگرتنی هەردوو ژەمی ڤاکسینەکان، ژەمێکی دیکە کە ژەمی سێیەمی پێ دەگوترێت، وەربگیردرێت. لەسەر پێشنیاری لێژنەی زانستیی ئێمە و لێژنەی زانستیی بەغدا، کە ئەوانیش چەند ڕۆژە بڕیاریان داوە ژەمی سێیەمی ڤاکسین بە هاووڵاتیان بدرێت، بەڵام تا ئێستا بڕیارەکە بە فەرمی بە دەستمان نەگەیشتووە، بەڵام ئێمە لە بەر بەرژەوەندیی هاووڵاتیانمان و گرنگیی ئەو بابەتە بڕیارمان داوە کە دەست بە پێدانی ژەمی سێیەم بکەین، هەر چەندە تا ئێستا هاووڵاتیان ئاگاداری ئەو بڕیارە نین، بەڵام بە شێوەیەکی زانستی پشتڕاست کراوەتەوە کە پاش شەش مانگ لە وەرگرتنی ژەمی دووەمی ڤاکسین، پێویستە ژەمی سێیەمیش وەربگیرێت. لە سەرەتادا بۆ هەموو خەڵك و لایەك ڕوون بووە کە ڤایرۆسی کۆرۆنا زوو زوو زانیارییەکانی گۆڕانکاری بەسەردا دەهات و ڤاکسینەکەش بە هەمان شێوەیە، چونکە تا ئێستا توێژینەوەی زۆری لەسەر نەکراوە، بەڵام بەپێی ئەو توێژینەوانەی کراون، پێویستە پاش شەش مانگ ژەمی سێیەم لە ڤاکسین وەربگیرێت، هەروەها پێشبینی دەکرێت کە پاش شەش مانگ لە تێپەڕبوونی ژەمی سێیەمی ڤاکسین، پێویست بکات ژەمێکی دیکەش وەربگیردرێت.

*** ئێمە ئێستا لە وەرزی سەرماداین و لەم وەرزەشدا بڵاوبوونەوەی هەڵامەت زۆر فراوان دەبێت، کە ئێستا بە هەموو هەڵامەتێك دەگوترێت کۆرۆنا، ئایا تا چەند توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ئەم پەتایەمان هەیە، ئەگەر خوانەخواستە شەپۆلێك ڕوو لە کوردستان بکات؟**

- جیاکردنەوەی ئەنفلۆنزا لەگەڵ پەتای کۆرۆنا دەستنیشان دەکرێت لە ڕێگای پشکنینی(PCR) بۆ دیاریکردنی پەتای کۆرۆنا، یان دەکرێت پشکنینی ڤایرۆسی ئەنفلۆنزا ئەنجام بدرێت و ئەو هەڵامەت و ئەنفلۆنزایانەی ئێستا هەیە، بەتایبەتی لەم وەرزەدا ئەوە ١٠٠٪ کۆرۆنا نییە و لە کاتێکدا کە پەتای کۆرۆنا هەیە، ئەوە مەرج نییە ڤایرۆسەکانی دیکە وەك ئەنفلۆنزا بن، بەڵکو نەخۆشییەکانی دیکەش هەن، بەڵام لە بەر ئەوەی نیشانەکانیان لێك نزیکە، ئەوە باشترین ڕێگا چارەسەر ئەوەیە کە پشکنینی(PCR) بۆ کۆرۆنا ئەنجام بدرێت، بۆ دڵنیابوون لە حاڵەتی نەخۆشییەکە و لە هەردوو حاڵەتدا پێویست دەکات سەردانی پزیشکی پسپۆڕ و تایبەتمەند بکرێت. هەرچەندە

نیشانەکانیان لێك نزیکە، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنا کاریگەری لەسەر بۆڕیی هەناسە دروست دەکات و کەسی تووشبوو تەنگەنەفەس دەبێت، سەبارەت بە بەرەنگاربوونەوە بۆ ئەو شەپۆل و جۆری تازەیەی کۆرۆنا، ئێمە تواناکانمان سنووردارە و ئەوەندە قەرەوێڵەیەی هەمانە، زیاترکردنی زۆر زەحمەت و ئەستەمە، بەڵام گشت پێداویستی و ئامادەکارییەکان فەراهەم و بەردەستە وەك چۆن لە شەپۆلەکانی دیکەی کۆرۆنا هەر هەموو ئامادەکارییەك بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان هەبوو، بەردەوامیش بەدواداچوون بۆ نەخۆشخانەکانی تایبەت بە کۆرۆنا دەکرێت و تەئکید لەسەر ئەوە دەکرێتەوە کە بڕی پێویست لە ئۆکسجین و دەرمان و پێداویستیی پزیشکی لە گشت نەخۆشخانەکان فەراهەم بکرێت و لە ئامادەکاریدا بن لە کاتی ئەوەی کە تووشبوو بەو ڤایرۆسە زیاتر بێت و لە ماوەی شەپۆلەکانی دیکەی ڕابردوو بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی هەر نەخۆشخانەیەکی کەرتی تایبەت دوو قەرەوێڵە دابین دەکات، یان تایبەت دەکات بۆ ئەو پەتایە لە کاتێکدا لە نەخۆشخانەکانی حکومەت جێگا نەمابێت.

*** خەڵك زۆر گازندە لە گرانیی نرخەکانی نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکەن و دەڵێن بازرگانی پێوە دەکەن و بارگرانیی ماددی بۆ هاووڵاتی دروست دەکەن. پرسیار ئەوەیە وەکو حکومەت چۆن ڕێوشوێنی پێویست لەگەڵ ئەو نەخۆشخانانە دەگرنەبەر بۆ ئەوەی خەڵك لە کاتی پێویست بتوانێت بچێتە ئەو نەخۆشخانانە؟**

- بە شێوەیەکی گشتی ئێمە پێمان خۆشە ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە نەخۆشخانە دەبێت، ڕوو لە نەخۆشخانە حکومییەکان بکەن، چونکە لە نەخۆشخانەکان زۆربەی داودەرمان و پێداویستیی پزیشکی و تەندروستییەکانیان بۆ دابین کراوە و بەپێی پێویستیش شوێن هەیە، بەڵام لە کاتێکدا لە نەخۆشخانە حکومییەکان شوێن نەما، یان نەخۆش بە ئارەزووی خۆی ڕوو لە نەخۆشخانە ئەهلییەکان دەکەن، ئەوە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی نرخەکان دیاری کراون، بەتایبەتی بۆ نەخۆشانی کۆرۆنا و لە کاتێکدا سەرنجیان هەبوو کە نرخەکان بە دەر لە ڕەزامەندیی وەزارەتە، یان نرخەکان گرانترە لەوەی وەزارەت دیاری کردووە، ئەوە لە وەزارەت لیژنەی بەدواداچوون بۆ نرخەکان هەیە و لە ناو هەموو بەڕێوەبەرایەتییەکان و بەڕێوەبەرایەتیی گشتی تەندروستیی هەولێر بەشی پشکنین و دڵنیایی جۆریمان هەیە، کە ئەو بەشە ڕۆژانە سەردانی سەنتەر و بنکە و نەخۆشخانە تایبەتەکان دەکەن، بۆ ئەوەی دڵنیا بن لەوەی کە ئەو پێداویستییانەی دابینی دەکەن و، لەناویشیاندا نرخەکان بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی تەندروستی بێت.

*** لایەنێکی دیکە کە پەیوەستە بە نەخۆشییەکان مەسەلەی نرخی گرانیی دەرمان و شێوازی جۆراوجۆری دەرمانە، بۆ نموونە هەر براندێك بە نرخێکە لە هەمان دەرمان. ئایا هەوڵێك هەیە بۆ ئەوەی نرخی دەرمانەکان لە هەموو دەرمانخانەکان هاوشێوە بن، یان هەر دەرمانخانەیەك خۆی و ویژدانی خۆی؟**

- نرخەکان لە ڕێگای سەندیکا تایبەتمەندەکانەوە دیاری دەکرێت و نرخی دەرمانیش لەلایەن سەندیکای دەرمانسازانەوە لەگەڵ ئەو لیژنانەی ئاماژەمان پێ دان، وەك لیژنەی بەدواداچوون کە لە وەزارەت هەیە، بەردەوام سەردانی دەرمانخانەکان دەکەن، بەڵام ئەگەر جیاوازی لە نرخ زۆر بێت، لەو کاتەی لیژنەکانمان سەردانی دەرمانخانەکان دەکەن، سزایان داون، یان ڕێنمایی پێویستیان پێ دراوە، تاوەکو ئەو کارانە چاك بکەنەوە، هەروەها لە کاتێکدا کە نرخەکان لە شوێنێك بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازی هەبێت، بۆ هەمان جۆری دەرمان، ئەوە بە هۆکاری ئەوە بێت کە خاوەن دەرمانخانەکان وەك خۆیان باسی دەکەن، کە شوێنەکەیان کرێی گرانە و ژمارەی کارمەندەکانیان زۆرە، بەڵام لەو حاڵەتانەشدا پێویستە ڕێژەی نرخ و گرانیی دەرمانەکە بە شێوەیەك نەبێت کاریگەری لەسەر خەڵك دروست بکات. ئێمە چەندین جار ئەو حاڵەتانەمان هاتووەتە پێش کە دەرمانێك نرخەکەی لە دەرمانخانەیەك بۆ دەرمانخانەیەکی دیکە دوو هەندەیە، ئەوە سەرپێچی هەژمار دەکرێت و ڕێکاری یاسایی بەرانبەر ئەو شوێن و دەرمانخانەیە گیراوەتەبەر.

**پێشبینی دەکرێت کە پاش شەش مانگ لە تێپەڕبوونی ژەمی سێیەمی ڤاکسین، پێویست بکات ژەمێکی دیکەش وەربگیردرێت**

**بەپێی ڕێنمایی وەزارەتی تەندروستی هەر نەخۆشخانەیەکی کەرتی تایبەت دوو قەرەوێڵە دابین دەکات، یان تایبەت دەکات بۆ ئەو پەتایە لە کاتێکدا لە نەخۆشخانەکانی حکومەت جێگا نەمابێت**

**ئێمە پێمان خۆشە ئەو نەخۆشانەی پێویستیان بە نەخۆشخانە دەبێت، ڕوو لە نەخۆشخانە حکومییەکان بکەن، چونکە لە نەخۆشخانەکان زۆربەی داودەرمان و پێداویستیی پزیشکی و تەندروستییەکانیان بۆ دابین کراوە**

# دەروونزانی و پەروەدەی ژینگەیی وەک پێویستییەکی نیشتمانی


ئامانجی دەروونزانی و پەروەردەی ژینگەیی، بەرچاوڕوونکردنی مرۆڤەکانە لە سرووشتی ئاڵۆزی ژینگە کە لە کارلێکردنی نێوان لایەنە بایۆلۆژی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکانی ژینگەوە سەرچاوەی گرتووە. هەروەها دەروونزانی و پەروەردەی ژینگەیی لە هەوڵی دروستکردنی هۆشیارییەکی نیشتمانییە لە بارەی گرنگیی ژینگە لە بواری پەرەپێدان و لە خەمی بەشدارییپێکردنی خەڵکیشدایە بە شێوازێکی بەرپرسیارانە و کاریگەر لە داڕشتنی ئەو بڕیارانەی کە پەیوەستن بە ژینگەی ئەو کەسانەوە.

دەکرێت دەروونزانی و پەروەردەی ژینگەیی داواکار بێت بۆ گرتنەبەری ڕێگایەك بۆ ژیان کە بوار بدات بە دامەزراندنی پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ژینگەدا و، هەوڵیش بدات بۆ بنیاتنانی هۆشیارییەکی بەهێز سەبارەت بە ڕۆڵی تەواوکاریی ژینگە لە جیهانی ئەمڕۆدا، بە شێوەیەك ئەو بڕیارانەی کە هەر کەسێك دەیدات، ئاسەواری خراپی لێ نەکەوێتەوە لە سەر ئاستی هەموو جیهان.

بۆیە دەروونزانی و پەروەردەی ژینگەیی لە هەوڵی پەرەپێدانی گیانی لێپرساوێتی و هاوکاریشدایە لە نێوان هاووڵاتیانی جیهاندا بە بێ گوێدانە ئاستی پێشکەوتنی هەریەك لەو هاووڵاتیانە، ئەمەش بە مەبەستی پێکهێنانی زەمینەیەك بۆ سیستەمێك کە ژینگەی مرۆڤ بپارێزێت و چاکیشی بکات و پەرەشی پێ بدات. هەموو ئەم ئامانجانەش بەوە بەدی دەهێندرێن کە پرۆسەیەکی پەروەردەیی بەڕێ بخرێت بۆ بڵاوکردنەوەی (ڕۆشنبیری) و (بەها) و (پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی ڕەفتارکردن) بە شێوەیەك کە مرۆڤ بە گرفت و چارەسەرەکانی ژینگە ئاشنا بکات.

سەبارەت بە (ڕۆشنبیری) پێویستە بەرپرسان لە (فێرکردن و پەروەردە) هۆکاری پێویست ئامادە بکەن بۆ ئاستە جیاجیاکانی خوێندن و پەیوەندیی نێوان ئەو هۆکارە بایۆلۆژی و فیزیکی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییانە ڕوون بکەنەوە کە کۆنترۆڵی ژینگە دەکەن، هەروەها پێویستە ژینگە تایبەتەکان بخەنە بەر باس و لێکۆڵینەوە و ئەزموونی مەیدانی، هەموو ئەمانەش بە مەبەستی پەرەپێدانی پڕۆگرامەکانی ڕەفتار و چالاکییەکان بۆ پاراستن و چاککردنی ژینگە.

سەبارەت بە (بەها)کانیش پێویستە پەروەردەی ژینگەیی لە هەوڵی چاککردنی جۆری ژینگە بێت، چونکە ناکرێت گۆڕانکاریی ڕیشەیی لە ڕەفتاری تاکەکانی کۆمەڵ بەرامبەر بە ژینگە



## عەبدولڕەحمان سدیق

بۆ گوڵان دەینووسێت

ئەنجام بدرێت، هەتا ئەو کاتەی زۆربەی ئەو (تاك)انە ئازادانە و هۆشیارانە (بەها)ی ئەوتۆ پەسەند نەکەن، کە جۆرێك لە خۆکۆنترۆڵکردنیان تێدا بڕوێنێت، بۆ ئەوەی ژینگەپارێز بن.

بۆیە دەروونزانی و پەروەردەی ژینگەیی لە هەوڵی ئەوەشدا دەبێت کە ئەوە ڕوون بکاتەوە بۆ (تاك)ەکانی کۆمەڵگە کە (بایەخ) و (بەها) ئەخلاقی و جوانکاریی و ئابوورییەکانی ئەوان ڕۆڵی ئیجابیی لەسەر پاراستنی ژینگە هەیە.

سەبارەت بە (پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی ڕەفتار)یش ئامانج ئەوەیە کە تەواوی تاکەکانی کۆمەڵگە زۆرێك لە توانای پراکتیکی و تەکنەلۆژییان بۆ دابین بکرێت، بۆ ئەوەی چالاکیی ژیرانە لە بواری ژینگەدا ئەنجام بدەن، واتە هەلڕەخساندن لە گشت قۆناغەکانی خوێندندا بۆ دەستەبەرکردنی زانیاری و ڕۆشنبیرییەکی ئەوتۆ کە هانیان بدات بۆ بەشداریکردن لە دانانی چارەسەری گونجاو بۆ گرفتە تایبەتییەکانی ژینگە. هەموو ئەم ئامانجانەش پێکەوە پرۆسەیەکی پەروەردەیی یەکگرتوو پێك دێنن، چونکە ناکرێت بە چالاکیی پەروەردەیی تاك و تەرای لێرە و لەوێ، بچووك و بە تەنیا، بەرنامەیەکی گشتگیر و نوێ بۆ ژینگە پەرەی پێ بدرێت.

بۆیە لە بواری دەروونزانی و پەروەردە و هۆشیاریی ژینگەیی پێویستە زۆر هەنگاو بنرێن لەوانە:

- پەروەردەی ژینگەیی لە ناوەندکانی خوێندن و خوێندنی باڵادا بخوێندرێت.
- داواکردن لە خوێندنی باڵا بۆ زیاترکردنی ژمارەی ماستەرنامە و دکتۆرانامە لە بواری ژینگەدا.
- کردنەوەی زیاتری یانەی ژینگەیی لە قوتابخانەکاندا.
- داهێنانی پێشبڕکێی ژینگەیی لە نێوان قوتابخانەکاندا.
- هەوڵدان بۆ بەخۆماڵیکردنی ئەزموونە جیهانییەکان لە بواری هۆشیاریی ژینگەییدا.
- هاندانی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئامادەکردن و پێشکەشکردنی زیاتری بەرنامە ژینگەییەکان.
- بە چاپ گەیاندنی زیاتری کتێب و نامیلکەی منداڵان لە بواری ژینگەپارێزیدا.
- سوودوەرگرتنی زیاتر لە مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی پسپۆڕ لە بواری کاری ژینگەییدا.
- هەوڵدان بۆ دابینکردنی سەرچاوەی زانستی لە بواری ژینگەدا بە زمانی کوردی.

# پێغەمبەر (د.خ) قەدەغەی کردووە لە جەنگدا ژن و منداڵ بکوژرێن

پێغەمبەر (د.خ) لە چەند غەزوەیەك بینی لە نێو کوژراوانی بەرامبەر ژنی کوژراو هەیە، لەبەر ئەوە قەدەغەی کرد لە جەنگ ژن و منداڵ بکوژرێن. هەر بۆیە قێزەوەنترین تاوانی جەنگ کوشتنی ژن و منداڵ و خەڵکی سڤیلە، پێش هاتنی ئایینی ئیسلام لە جەنگ دەستیان لە هیچ شتێك نەدەپاراست، پیاو و ژن ومنداڵیان دەکوشت، ئەوەی بکەوتایە دەستیان دەیان کردن بە بەندە و کۆیلە و جاریە و کڕین و فرۆشتنیان پێوە دەکردن و، ماڵەکانیان دەڕووخاندن و دەیانسووتاند و، سەروەت و سامانیان بە تاڵان دەبردن، دوای هاتنی ئایینی ئیسلام، ڕێگری لە شەڕ و جەنگ کرا، مەگەر بۆ پارێزگاریکردن لە خۆیان و مافە زەوت کراوەکانیان وەربگرنەوە. قال تعالى قال تعالى (وَقَاتِلُوا فِـي سَـبِيلِ اللَّهِ الَّذِينَ يُقَاتِلُونَكُمْ ولا تعتدوا إن الله لا يحب المعتدين) (البقرة -١٩٠)، واتە: بجەنگن لە پێناو خودا لەگەڵ ئەو کەسانەی لەگەڵتان دەجەنگن (کاتێك ئەوان دەستپێشخەرن) و ستەم مەکەن، خودای گەورە ستەمکارانی خۆش ناوێ. هەروەها ئەوەشمان پێ دەڵێ کە نابێ شەڕ لەگەڵ کەس بکەین، مەگەر ئەو کەسانەی شەڕمان لەگەڵ دەکەن.عَن ابْنِ عُمَرَ -رَضِيَ اللهُ عَنْهُمَا- قَالَ: «وُجِدَتِ امْرَأَةٌ مَقْتُولَةٌ فِي بَعْضِ مَغَازِي رَسُولِ اللهِ ﷺ، فَنَهَى رَسُولُ اللهِ ص عَنْ قَتْلِ النِّسَاءِ وَالصِّبْيَانِ». مُتَّفَقٌ عَليه. واتە: پێغەمبەر (د.خ) لە چەند غەزوەیەك بینی کە ژنی کوژراو هەیە لە نێو کوژراوانی بەرامبەر، پێغەمبەر (د.خ) نەهی لێ کرد و قەدەغەی کردن، کە لە جەنگدا ژن و منداڵ بکوژرێن. چەند یاسایەك هەیە لە جەنگ کە دەبێ موسڵمانان خۆیانی لێ بپارێزن و ئێستە بووەتە یاسای پاراستنی مافی مرۆڤ لە کاتی جەنگ (ژن، منداڵ، کەسانی بەتەمەن، دیل، کەسانی بێ چەك، ئەهلی زیمە، ئەمانە بە هیچ شێوەیەك نابێ بکوژرێن، هەوەها نابێ خانوو بڕووخێندرێت و بسووتێنرێت، نابێ دار ببڕدرێت و بسووتێنرێت، نابێ ڕێگاوبان تێك بدرێت، نابێ کانیاو و ڕووبارەکان تێك بدرێن و ژەهراوی بکرێن، نابێ ئاژەڵ بکوژرێت، جگە لەم خاڵانە بە هیچ شێوەیەك نابێ ئاژەڵ و مرۆڤ، نە بە زیندوویی و نە بە مردوویی بسووتێنرێن). بەداخەوە ئەوانەمان هەمووی بینیوە کە بە سەر کوردی ستەمدیدە هاتوون، بەڵکو لەمانەش زیاترمان بەسەر هاتووە. زیندووترین نموونە لە شەوی هەینی (٢/١٢/٢٠٢١) تیرۆریستانی داعش هێرشیان کردە سەر هاووڵاتیانی سڤیل لە گوندی (خدر جیجە) لە بناری چیای قەرەچوغ و سێ هاووڵاتی سڤیلیان شەهید کرد، کە یەکێکیان منداڵە و تەمەنی یازدە ساڵانە و دوو براکەی تریان مەڕدار و کاسبن، ئەو تاوانانەی تیرۆریستانی داعش ئەنجامی دەدەن، دژی بنەماکانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و یاساکانی نێودەوڵەتی بۆ پاراستنی مافی مرۆڤە، هەروەها لە پێشووتریش کورد تووشی جۆرەها شەڕ بووە، وەکو کۆمەڵکوژی و کیمیاباران و زیندەبەچاڵ و ئەنفال و ڕاگواستنەوە و ئاوارەیی و ئەشکەنجەدان و داگیرکردنی خاك و ماڵ بەتاڵان بردن و، کوشتنی ژن و منداڵ و بەتەمەن و، بەکەنیزەکردنی کچ و ژنانمان و فرۆشتنیان بە وڵاتە عەرەبییەکان، دیسان دەڵێم: بەداخەوە کە دوژمنانی کورد لەو جۆرە کردەوە قێزەونانەیان بەردەوامن، بەڵام میللەتی کورد قەد ژێردەستەییان قبوڵ نەکردووە و ناشی کەن .

لەلایەکی دیکەوە ئەوەی لە سەر خاك و وڵات و ماڵ و نامووسی بکوژرێت، شەهیدە. خودای گەورە جەنگ و کوشتن و ستەمی حەرام کردووە، لە بەرامبەردا بەرگریکردنی بە واجب داناوە، جا بە کێ دەگوترێت شەهید، ئەوەی لە پێناو خودای گەورە دەجەنگێ لە دژی ستەمکار و خوێنڕێژ، هەروەها ئەوانەی لە پێناو خاك و وڵات و ماڵ و سامان و نامووس و پاراستنی ئایین و زمان و نەتەوەکەیان دەکوژرێن، خودای



مەلا رەعد نووری ئۆمەربلی

کارگێڕ و وتەبێژی لقی هەولێری یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

گەورەش بە شەهیدیان حیساب دەکات، جیاوازیشی نییە بەرامبەرەکەیان کافر و بێ باوەڕن، یان مورتەد و هەڵگەڕاوەن، یان موسڵمانن، ئەگەر لە نێوان دوو تاخم موسڵمان شەڕ و پێکدادان دروست بوو، ئەو لایەنەی بەرگری لە خۆیان و نامووس و خاك و ماڵ و سامانیان دەکەن شەهیدن و ئەوەیتر بە شەڕفرۆش و خوێنڕێژ و ستەمکار و داگیرکەر لە قەڵەم دەدرێت،قال تعالى (وَمَن يَقْتُلْ مُؤْمِنًا مُّتَعَمِّدًا فَجَزَآؤُهُ جَهَنَّمُ خَٰلِدًا فِيهَا وَغَضِبَ ٱللَّهُ عَلَيْهِ وَلَعَنَهُ وَأَعَدَّ لَهُ عَذَابًا عَظِيمًا) سورة النساء ٩٣ واتە: هەر کەسێك (جا موسڵمان بێ، یان غەیری موسڵمان)، بە ئەنقەست بڕوادارێك بکوژێت، جەزایەکەی ئاگری دۆزەخە و بەردەوام تیایدا دەمێنێتەوە و، خودای گەورە غەزەبی لێ دەگرێت و، نەفرەتی لێ دەکات و، لە ڕۆژی دواییش قورسترین سزا دەدرێت.قال تعالى (مَن قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا) سورة المائدة ٣٢ واتە: ئەگەر کەسێك کەسێك بکوژێت، کە کەسەکە کەسی نەکوشتووە، یان کارێکی خراپ لەسەر زەوی ئەنجام بدات، تاوانەکەی وەکو ئەوە وایە کە هەموو خەڵکی سەر زەوی کوشتبێ.. ان رسُول اللَّه ﷺ يقولُ: منْ قُتل دُونَ ماله فهُو شَهيدٌ، ومنْ قُتلَ دُونَ دمه فهُو شهيدٌ، وَمَنْ قُتل دُونَ دينِه فَهو شهيدٌ، ومنْ قُتل دُونَ أهْلِه فهُو شهيدٌ. رواه أَبو داود، والترمذي واتە: هەر کەسێك لەسەر ماڵ و سامانی کوژرا، یان لەسەر بەرگریکردن لە نەفس و خوێنی خۆی کوژرا ئەوە شەهیدە، هەر کەسێك لە بەر ئاییینەکەی و لە بەر بەرگریکردن لە خزم و کەسوکاری کوژرا ئەوە شەهیدە. کەواتە ئەوانەی لە خدرجیجە و هەموو ناوچەکانی کوردستان و سەرجەم برا پێشمەرگەکانمان لەبەر ئەم هۆکارانەیە کە شەهید دەکرێن. وعَنْ أَبي هُرَيْرَةَ رضي الله عنه، قالَ: جاء رجُلٌ إِلَي رَسُول اللَّه ﷺ فَقَال: يَا رسولَ اللَّه أَرأَيت إنْ جاءَ رَجُلٌ يُرِيدُ أَخْذَ مَالِي؟ قَالَ: فَلا تُعْطه مالكَ قَالَ: أَرأَيْتَ إنْ قَاتلني؟ قَالَ: قَاتلْهُ. قَالَ: أَرأَيت إنْ قتلَني؟ قَالَ: فَأَنْت شَهيدٌ قَالَ: أَرأَيْتَ إنْ قَتَلْتُهُ؟ قَالَ: هُوَ فِي النَّارِ رواهُ مسلمٌ. واتە، ئەبوو هەریرە دەڵێت: پیاوێك هاتە خزمەت ((رَسُول اللَّه ﷺ)) و گوتی: ئەگەر کەسێك هاتە سەرم و ویستی ماڵم لێ بستێنێ، چی بکەم؟ فەرمووی: ماڵەکەتی مەدەرێ. گوتی: ئەی ئەگەر شەڕی لەگەڵ کردم؟ فەرمووی شەڕی لەگەڵ بکە. گوتی: ئەی ئەگەر ئەو منی کوشت؟ فەرمووی تۆ شەهیدی. گوتی: ئەی ئەگەر من ئەوم کوشت؟ فەرمووی ئەو بۆ ناو ئاگری دۆزەخە. بەڵام ئەوەی جێگای داخە هەندێك لە ژێر ناوی ئیسلامیبوون، یان ڕەوتی ئیسلامیخواز و هەندێك جاش سیاسییەکانی خۆمان بانگەشەی ئەوە دەکەن، کە ئەو هەموو شەهیدەی داومانە، شەهید نین، لەبەر ئەوەی بە بەرنامە و ئەجێندای حزبەکەی ئەوان کار ناکات. بەڵام پێغەمبەر (د.خ) هەڕەشەی دۆزەخی لەو کەسانە کردووە کە درۆ بە ناوی ئەوەوە دەکەن: : قَالَ رَسُولَ اللَّه صَلَّي اللَّهُ عَلَيْهِ وَسَلَّمَ (مَنْ كَذَبَ عَلَيَّ مُتَعَمِّدًا فَلْيَتَبَوَّأْ مَقْعَدَهُ مِنَ النَّارِ) رَوَاهُ مُسْلِمٌ وَالْبُخَارِيُّ. واتە: هەر کەسێك بە ئەنقەست بە ناوی من قسەیەکی کرد و قسەکەش درۆ بوو، ئەوە با شوێنێك لە دۆزەخ (جهنم) بۆ خۆی هەڵبژێرێت، ئەمەش ئەوەمان پێ دەڵێ کە ئەوان کۆمەڵێك درۆیان بە دەمی پێغەمبەرەوە کردووە، بۆ حەڵاڵکردنی کوشتنی ئێمە.

لە کۆتاییدا درووود و سڵاو دەنێرم بۆ گیانی پاکی سەرجەم شەهیدانی سەربەرزی ڕێگای ئازادیخوازیی گەلەکەمان و دوعای سەبر و ئارامییش بۆ خانەوادەی سەربەرزی شەهیدانمان دەکەم. خودای گەورە خاك و وڵات و نیشتمانمان بپارێزێت.

# هەڵسەنگاندنێک بۆ ڕۆڵی میدیای کوردی لە ڕوومالّکردنی تاوانەکانی جەنگدا

**پسپۆڕانی بواری میدیا و زۆربەی چاودێرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی، میدیای کوردی (بە دەنگ و ڕەنگ و نووسراو)یەوە، بەتایبەتی سۆشیال میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان، دەخەنە ژێر جڕومەنگەنەی پرسیار و ڕەخنەی زۆریان لێ دەگرن، جەختیش لەوە دەکەنەوە، کە ڕۆڵی میدیای کوردی لە ڕوومالّکردنی تاوانەکانی شەڕ و کوشتندا زۆرینەیان نەرێنی و ناڕەوا بووە، تەنانەت زۆر جار خزمەتی دوژمنانی کردووە، بۆیە بە پێویستی دەزانن ڕێکارەکانی چارەسەری ئەو ئاریشە گەورەیە بدۆزرێتەوە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان، پتر تاوتوێی ئەو پرسە هەستیارە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**



سەرەتا د. نەزاکەت حسێن کە پسپۆڕی کاری میدیاییە باسی ئەوە دەکات کە «پرسی جەنگ پرسێکی هەستیار و ئاڵۆزە و وابەستەیە بە بواری ئەمنیی وڵاتەوە، بە ژیان و مەعیشەتی هاووڵاتییەوە، بە سەقامگیریی دەروونی و سایکۆلۆژی هاووڵاتی، واتا بە زۆر شێواز کاریگەری دەکاتە سەر تێکڕای ڕەهەندەکانی ژیان، بۆیە مامەڵەکردن لەگەڵ ئەم پرسە جیاوازترە لەو پرسانەی کە لە کۆمەڵگە هەن.» هاوکات دەڵێت: «بێگومان کە جەنگ ڕوو دەکاتە وڵاتێك، تێکڕای بوارەکانی ژیان، نائارامی و ناسەقامگیری بە خۆیانەوە دەبینن، بۆیە میدیا گرنگە مامەڵەیەکی تەندروست، بەرپرسیارانە، پیشەییانە و ئیتیکیانە لەگەڵ جەنگدا بکات، ناتوانین بڵێین میدیای کوردی لە ئاست ئەو پرسە سەرکەوتوو بوویێت، بەڵکو خەمساردە، تەنانەت هەندێك جار شێواندن دروست دەبێت، ئەوەش بۆ ڕێکنەخستنی میدیا لە هەرێمی کوردستان دەگەڕێتەوە، میدیای کوردی وابەستە نەکراوە بە پرەنسیپی نیشتمانی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر یە هاووڵاتی، جگە لەوەی زۆربەی میدیاکان حزبین و بوونەتە

بەشێك لە ململانێی حزبەکان، ئامانج و خواستەکانیش دابەش بوون، بوونی گوتاری هاوبەش، ستراتیژیەتی هاوبەش و بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش لە ناو میدیای کوردیدا نابیندرێت، نەك تەنیا لە پرسی جەنگدا، بەڵکو لە تێکڕای پرسەکانی کۆمەڵگە. هەتا ئەو پەرتەوازییە هەبێت، ناتوانین مامەڵەیەکی تەندروست لەگەڵ جەنگدا بکەین.» گوتیشی: «زۆر جار هێندەی میدیای کوردی خزمەتیان بە میدیای دوژمن کردووە، هێندە خزمەتی نیشتمان و قەزیەکەیان نەکردووە، سۆشیال میدیاش دۆخەکەی زیاتر شێواندووە. من دەڵێم: میدیای کوردی بێ خاوەنە، بەو مانایەی، نە بۆردێك نە ئەنجومەنێك، نە وەزارەتێك و نە لایەنێکی بەرپرسی ڕاستەوخۆ هەیە، ناڵێین بۆ کۆنترۆڵ، چونکە سەردەمی کۆنترۆڵ بەسەرچووە، بەڵام بۆ ڕێکخستن و بۆ دروستکردنی بەرپرسیارێتیی میدیا بوونیان نییە، ئەوەش وای کردووە ئێمە بەردەوام قوربانیی میدیا بین».

ئەو کەسایەتییە ئەکادیمییە جەختی لەوە کردەوە: «چارەسەری ئانیی و بەپەلە ئەوەیە لە کاتی جەنگدا بۆ ڕووماڵکردن ڕێگە بە هەموو ڕۆژنامەنووسێك نەدرێت، هەرچەندە ئێمە دژی ئازادی نین و ڕۆژنامەنووس مافی خۆیەتی زانیاری دەست بکەوێت و بۆ وەرگرەکانی ببات، بەڵام دەکرێ لە بەرامبەردا کەسێکی پرۆفیشناڵ بێت و هەستی بەرپرسیارێتی هەبێت.» پێشنیاری ئەوەشی کرد: «ژووری عەمەلیاتی هاوبەش لە نێوان لایەنی پەیوەندیدار کە ئەمڕۆ لە مەیدانی جەنگدان دروست بکرێت، لەم ژوورەدا ئەوان ڕووماڵی جەنگ بکەن و، زانیاری پێویست بدەن بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بە شێوەیەکی یەکسان، واتە ئەو زانیارییانەی کە پێویستە و کاریگەری ئەمنی و سایکۆلۆژی و کۆمەڵایەتی و ململانێی لێ ناکەوێتەوە، بۆ هاووڵاتیان بگوازرێتەوە و، لە زانیارییەکاندا ڕاستگۆیی تێدا بەرجەستە بێت.» وەك دوا وتەشی گوتی: «پێویستە خاڵێك لەسەر دێر دابنێین، ڕیستارتێك بکەین بۆ ڕزگارکردنی میدیا لە هەرێمی کوردستان و بۆ ئەوەی سیستەمێکی میدیاییمان هەبێت، لە چوارچێوەی کۆمەڵێك پرەنسیپ و ئیتیك و بەرپرسیارێتی و کۆد».

ڕۆژنامەنووس هەڵۆ جەباری، هێما ئەوە دەکات کە «یەکەم کاری ڕۆژنامەنووس گواستنەوەی هەواڵە و دەبێت بە ڕاستی و پاکی هەواڵەکە بگوازێتەوە، دووەم کار پێویستە سەلامەتیی گیانی خۆی بپارێزێت.» سەبارەت بە تیرۆریستانی داعش و بەرگریی پێشمەرگە و ڕۆڵی میدیاش گوتی: «لەم چەند ڕۆژەدا بەداخەوە جموجۆڵەکانی داعش لە دوای خیانەتی ١٦ی ئۆکتۆبەرەوە زیادی کردووە، پێشتریش لە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوودا ئێمە وەکو ڕۆژنامەنووسانی کەرکووك بە باشی مامەڵەمان لەگەڵ ئەو دۆخەدا کردووە و، دەزانین کە تیرۆرستانی داعش مەترسیدارن و دڕندانە ڕەفتار دەکەن، بەڵام کە دەچینە ئەو شوێنانە، نابێت هەموو شتێك بۆ کەناڵەکان بگوازرێنەوە، وەك بڵاوکردنەوەی ژمارە و شوێنی پێشمەرگە و بەتایبەت نیشاندانی خوێن و خۆتەقاندنەوەی داعشەکان، ئەوانە حزمەتە بە دوژمن، لە کەناڵە ئەوروو‌پییەکان هەندێك دیمەن هەن، قەدەغەیە بگوازرێتەوە و ناکرێت خێزان و منداڵ ببینن، بەڵام تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی ئێمە بۆ بە دەستهێنانی لایك و کۆمێنت دیمەنی ناخهەژێن بڵاودەکەنەوە، پێویستە ڕاگەیاندنکار بە جۆرێك مامەڵە بکات کە ڕۆشنایی بداتە خوێنەر و بینەر، هاوکات پێویستە متمانەمان بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و ئاسایشی کوردستان هەبێت.» گوتیشی: «وەکو ڕۆژنامەنووس لە ڕابردوودا هەم جەنگی تیرۆریستانی داعش و هەم جەنگی حەشدی شەعبیم لە کەرکووك بینیوە، کە هەردووکیان مەترسیدارن، بەڵام توانیمان تا ئاستێك لە تەلەفزیۆن ورەی خەڵك بەرز بکەینەوە، ئەمەش سەنگی مەحەکە و دەکرێت بە وریاییەوە مامەڵەی لەگەڵ بکرێت، بەداخەوە لە هەندێك کەناڵ بە ڕوونی زانیاری و شوێن و جێگەی ڕووبەڕووبوونەکە ئاشکرا دەکەن، بەوەی کە پێشمەرگە ئەوندە کیلۆمەتر لە داعشەوە دوورە، یان باسی زەرەر و زیانەکانی پێشمەرگە دەکەن، دوژمنانیش لە ڕێگەی کەناڵەکان و سایتەکانەوە زیانەکان دەزانن، بۆیە دەبێت مامەڵەکردن لە گەڵ ئەم پرسە زۆر بە هەستیاری بێت و، ئاسایشی نیشتمانی نەکەوێتە مەترسییەوە، هەر بۆیە دەبێت حکومەت نەهێڵێت لە کاتی جەنگ هەندێ زانیاریی ورد و شۆێنی هەستیار لە لایەن میدیکارانەوە بڵاو بکرێتەوە، بۆ ئەوەی خوانەخواستە تێرۆرستان و دۆژمنان سوودی لێ وەرنەگرن».

پارێزەر مەنسوور محێ موختار، سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «هەرێمی کوردستان لە ئێستادا، لە بری تەواوی جیهان شەڕی تیرۆرستانی داعش دەکات و لەم نێوەندەشدا لە پێناو ئازادی و حوکمکردنی خۆی بە خۆی، چەندین قوربانی داوە، بەڵام دەسەڵاتی چوارەم کە میدیایە، زۆر بەخراپی مامەڵە لەگەل پرسی جەنگ دەکات و، لە بری ئومێدبەرزکردنەوەی خەڵك و هێزەکان، نائومێدیان دەکات، تەنانەت بەشێکی میدیا و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە مانشێت و هەواڵ بەپەلەکانی کوژراو و بریندار، ئامادەنین بە پێشمەرگە و خەڵکی سڤیل بڵێن: شەهید. وێڕای ئەوەی بەشێکی ئەم هەڵە و کەموکوڕییە بۆ خودی میدیاکە دەگەڕێندرێتەوە، لەهەمان کاتدا، یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردی بێ هەڵە و کەموکووڕی نییە، گەر بگەڕێینەوە بۆ یاسا، لە بڕگەی یەك و دووی ماددەی ٩ی یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردی دەرچووی ژمارە ٣٥ی ساڵی ٢٠٠٧دا هاتووە: سزای دەزگاکانی ڕاگەیاندن تەنیا پێبژاردنە، نەوەك داخستن، تەنانەت ئەگەر هەڵەکانیان دووبارە و سێ بارەش بکرێنەوە. بەڵام دادگە دەشێت دەزگاکە دابخات، بە گەڕانەوەی بۆ یاسای سزادانی عێراقی کە بە ژمارە ١١١، لە ڕێکەوتی ١/١/ ١٩٦٩ دەرچووە، بەڵام لەو کاتیشدا پاڵپشت بە بنەمای یاسایی «الخاص یقید العام»، گەڕانەوەکە نایاسایی دەبێت. بۆیە گەلێك پێویستە ئیدی میدیا و تەنانەت خەڵکی ئاسایش هەست بە بەرپرسیاریەتی بکەن و دەسەڵاتی یاسادانانیش ئەو بڕگە و ماددانەی کاریگەریی خراپیان هەیە لەسەر کۆمەڵگە، هەمواریان بکاتەوە و وایان لێ بکات لەگەڵ ئادابی کۆمەڵگە بگونجێت، نەك کاریگەریی خراپ جێ بهێڵێت».

**میدیا گرنگە مامەڵەیەکی تەندروست، بەرپرسیارانە، پیشەییانە و ئیتیکیانە لەگەڵ جەنگدا بکات**

**میدیای کوردی وابەستە نەکراوە بە پرەنسیپی نیشتمانی و بەرپرسیارێتی بەرامبەر بە هاووڵاتی، جگە لەوەی زۆربەی میدیاکان حزبین و بوونەتە بەشێک لە ململانێی حزبەکان**

**بوونی گوتاری هاوبەش، ستراتیژیەتی هاوبەش و بەرپرسیارێتییەکی هاوبەش لە ناو میدیای کوردیدا نابیندرێت، نەک تەنیا لە پرسی جەنگدا، بەڵکو لە تێکڕای پرسەکانی کۆمەڵگە**

**زۆر بەداخەوە زۆر جار هێندەی میدیای کوردی خزمەتیان بە میدیای دوژمن کردووە، هێندە خزمەتی نیشتمان و قەزیەکەیان نەکردووە، سۆشیال میدیاش دۆخەکەی زیاتر شێواندووە**

# دیاردەی خۆکوشتن و دەرهاوێشتە نەرێنییەکانی

دیاردەی خۆکوشتن لە زۆربەی کۆمەڵگەکانی وڵاتە پێشکەوتووەکان و دواکەوتووەکاندا بە رێژەی جۆراوجۆر و جیاواز بوونی هەیە، بەپێی تازەترین ئاماری تاوانکاری جیهانی رێژەی خۆکوشتنی مرۆڤ لە سەرتاسەری جیهان بەردەوام روو لە زیادبوون و هەڵکشانە، هەروەکو دەبینین کۆمەڵگەی کوردیش هیچی کەم نییە لە کۆمەڵگەکانی تری وڵاتان، بەداخەوە لە ئێستادا رێژەی خۆکوشتن رۆژ بەرۆژ روو لەزیاد بوون و هەڵکشاندایە و مەترسیدارە، ئەمە لە کاتێکدایە ئەم دیاردەیە نامۆیە بە کلتوری نەتەوایەتی و کوردەواری و کلتوری ئایینداری.

بێگومان کۆمەڵێك هۆکارو فاکتەر هەن وا لە مرۆڤ دەکەن کە ببێتە هۆی ئەنجامدانی ئەم کارە، چونکە بێ هۆکار هیچ مرۆڤێکی ژیر ناتوانێت بڕیارێکی وا مەترسیدار بدات و ژیانی خۆی بفەوتێنێت، ئەمەش بۆ چەند فاکتەرێك دەگەڕێتەوە کە مرۆڤ وا هەست دەکات خۆکوشتن یان خودکوژی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بە تاکە رێگە دەزانن، ئەمەش وەکو لاوازبوونی رۆحی ئیمان و فەرامۆشکردنی دینداری، کاریگەری نەرێنی، تێکچوونی باری خێزانی و سەرهەڵدانی چەندین کێشەی خێزانی، سەختی و دژواری ژیان و گوزەران و، تێکچونی لایەنی دەروونی تاك یان توشبوونی بە نەخۆشی دەروونی، ئەمانە کاریگەرییان هەیە لەسەر تاك کە هەوڵی خۆکوشتنی بدات.

خۆکوشتن یان خودکوژی بریتییە لەوەی کەوا کەسێك بە مەبەستەوە خۆی بکوژێت، کە ئەم کارەش لە حاڵەتی بێتاقەتی و فشار و هەراسان بوون یان توورەیی و هەڵچوون روو دەدات، لە روانگەی دەروونزانییەوە بەهۆی تێکچوونی باری دەروونی و لە دەستدانی هاوسەنگی نێوان خودی خۆی لەگەڵ ژینگەی دەوروبەری دەبێتە هۆی ئەوەی تاك پەنا بباتە بەر ئەم کارە و ئەنجامی بدات، من لەم بابەتەدا باسی چەند خاڵێکی گرنگ دەکەم کە وا لە تاکەکان دەکات پەنا ببەنە بەر خۆکوشتن:

- تێکچوونی باری دەروونی بە هۆکارێکی سەرەکی دادەندرێت و توشبوون بە نەخۆشییەکانی دەروونی وەکو نەخۆشی خەمۆکی، شیزیۆ فرینیا، دڵەڕاوکێ، نائارامی، دڵتەنگی، گۆشەگیری، یان ئاڵوودە بوون بە مادەی هۆشبەر.
- بێ ئومێد بوون و لە دەستدانی شتە بەنرخەکانی ژیان و نەبوونی پشتیوانی خێزان و فەرامۆشکردنی لەلایەن کەسە نزیکەکانی.
- فەرامۆشکردنی ئایین و دینداری و تێکەڵ بوون بە ئایین و رەگەز و کەلتوری کەسانی دیکە کە وادەکات کاریگەری نەرێنی هەبێت لەسەر لایەنی دەروونی تاك.
- تێکچوونی پەیوەندی خێزان و سەرهەڵدانی چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی و خێزانی، وێڕای نەبوونی پرۆگرامێکی پەروەردەیی تەندروستی باش کە کاریگەری لەسەر کەسایەتی تاك هەیە.
- کێشەکانی ژیان وەکو سەختی و دژواری ژیان بەڕێکردن و هەژاری و نەخۆشی و



ئیمان محەمەد شێرکاوەیی

نارەحەتی و ناعەدالەتی لە کارکردن و جیاوازی نێوان تاکەکان لە کۆمەڵگادا کە بە یەکێك لە هۆکارەکانی خۆکوشتن دادەندرێت.

- ڕەشبینی و تێڕوانینی ژیان بە شێوازێکی نەرێنی، بێ هیوابوون و گۆشەگیری، تێکەڵاو نەبوونی لەگەڵ کەسانی نوێدا لە ژیان، نەگونجانی خودی لەگەڵ ڕووداوەکانی دەووروبەری و دڵتەنگ بوون بۆ ماوەی چەندین هەفتە.
- کەم بوونەوەی پەیوەندییە کومەڵاییەتییەکان بەگشتی و کەم بوونەوەی ڕێژەی هاوسەرگیری و خۆشەویستی و لێبوردەیی نێوان کەسەکان بە تایبەتی و بەرزبوونەوەی ڕێژەی تەڵاق و خیانەت و ناپاکی نێوان هاوسەران کاریگەری هەیە لەسەر تاك کە پەنا بباتە بەر خۆ کوشتن.

بەشێوەییێکی گشتی دروستبوونی کێشە کۆمەڵایەتیەکان و نەخۆشی دەروونی گرنگترین هۆکاری سەرەکین بۆ ئەوەی تاك ڕێگای خۆکوشتن بگرێتەبەر.

هەروەها باوترین شێوازی خۆکوشتن کە تاك بەکاریان دێنێت بریتییە لە خۆ لە سێدارەدان و خۆهەڵواسین، بەکارهێنانی چەك، خواردنی دەرمان و ژەهر و مانگرتن لە خواردن و خواردنەوە، لێکۆڵینەوەکان ئەوەشیان سەلماندووە کە ڕێژەی خۆکوشتن زیاتر لە ناو ڕەگەزی نێر ڕوودەدات نەوەك ڕەگەزی مێ. ئەوکەسانەی کە ڕێگای خۆکوشتن بەکاردێنن و کۆتایی بە ژیانی خۆیان دێنن وادەزانن تاکە ڕێگایە بۆ دەربازبوون لە کێشە و ئازارەکانی ژیانیان، ئەوان دەیانەوێت بەم کارە کۆتایی بە کێشەکانیان بێنن، بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە ڕاست نییە. چۆن بتوانین چارەسەری ئەم دیاردەیە بکەین و یارمەتی ئەو کەسانە بدەین کە هەوڵی خۆکوشتن ئەدەن یان بیر لە خۆکوشتنن دەکەنەوە، لێرەوە لە چەند خاڵێکدا کۆیان دەکەمەوە:

- چاودێری کردن و بایەخدان بەو کەسانەی کە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن یان مەیلی خۆکوژیان لەلا گەڵاڵە بووە، کە پێویستیان بە دروستکردنی ئاسایش و ئارامی و سەقامگیری و سۆزو خۆشەویستی و بڕوا بە خۆبوون و هاندانەوە هەیە.
- پێویستە بەدواداچوون بۆ کێشەکانی ئەو جۆرە کەسانە بکرێت کە کاریگەری هەیە لەسەر لایەنی دەروونی تاك وەکو هەژاری، نەخۆشی، بێکاری، نادادپەروەری کۆمەڵگا.
- گرینگیدان بە پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان و پەیوەندی خێزانی کە هەموو تاکێك پێویستی بە کەشێکی ئارام و ئاسایش و سەقامگیرە بۆ ئەوەی دووربێت لەم جۆرە هەوڵانە.

ماوەتەوە بڵێم: ئێمەی مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەماندا پێویستە بە لێبوردەیی و بە هیوا و بەزەییەوە بژین، بۆ ئەوەی دووربین لە نەخۆشی دەروونی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان، هەروەها یارمەتی یەکتری بدەین لەکاتی ناخۆشی و ڕووبەڕووبوونەوەی کێشەکان، کە ئەمەش کارێکی مرۆڤانەیە.

# قوتابیانی زانکۆ داوای پەیڕەوکردنی سیستمی یەکپۆشی دەکەن

**دیمەنی شێوە و جلوبەرگی قوتابیان، بە تایبەتی قوتابیانی کچ سیمای ڕاستەقینەی زانکۆی بزر کردووە**

**یەکپۆشی، جیاوازی لە نێوان قوتیابی دەوڵەمەند و هەژار ناهێڵێت و، زانکۆش نابێتە شوێنی ڕیکلامکردن بۆ جلوبەرگ**

**پۆشینی جلوبەرگی جۆراوجۆر توانای ماددیی خوێندکار دەردەخات و، بەوەش جیاوازیی ماددیی قوتابیان دەردەکەوێت**

«بە ڕاستی دیمەنی شێوە و جلوبەرگی قوتابیان، بە تایبەتی قوتابیانی کچ سیمای ڕاستەقینەی زانکۆی بزر کردووە، هەر بۆیە ئەگەر لە زانۆکان شێوازی یەکپۆشی جێبەجێ بکرێت، زۆر باش دەبێت.» ئەوە قسەی بێلان نەجم بوو. ئەو خاتوونە قوتابیی زانکۆیە و جەخت لەوە دەکاتەوە کە «یەکپۆشی، جیاوازی لە نێوان قوتیابی دەوڵەمەند و هەژار ناهێڵێت و، زانکۆش نابێتە شوێنی ڕیکلامکردن بۆ جلوبەرگ، چونکە هەر کاتێك قوتابی لە پۆلی ١٢ تەواو بێت، تەنیا بیری لە لای جلی جوان و مۆدێلاتی تازەیە بۆ زانکۆ لەبەری بکات.»

سازگار عەلی قوتابی زانکۆیە و ئەویش یەکێکە لەو سەدان کەسەی کە ڕایان وایە: «سیستمی یەکپۆشی لە زانکۆ و پەیمانگەکانی هەرێمی کوردستان لە بەرژەوەندیی قوتابیانە، چونکە پۆشینی جلوبەرگی جۆراوجۆر توانای ماددیی خوێندکار دەردەخات، بەوەش جیاوازیی ماددیی قوتابیان دەردەکەوێت، ڕەنگە ئەمەش ببێتە هۆی ماندووکردنی دەروونی خوێندکار و کاریگەری لە سەر ئاستی زانستی خوێندکار دروست بکات، بەتایبەتی خوێندکارانی بەشە ناوخۆییەکان کە بەشێکی زۆریان کەمدەرامەتن». گوتیشی: «من بەش بە حاڵی خۆم کە لە بەشە ناوخۆییم، بە هۆی بێ پارەیی و کەمدەرامەتیی خێزانەکەم مانگی جارێکیش بۆ ماڵی خۆمان ناڕۆمەوە».

د. نادیە تەڵعەت مامۆستایە لە کۆلێژی ئاداب و سەبارەت بە هەمان پرس دەڵێت: «جلوبەرگی زانکۆیی ناسنامەی قوتابییە، ئامانجی سەرەکی لە پڕۆسەی پەروەردەیی و زانستی لە زانکۆدا قوتابییە؛ مەبەستیش لەم پڕۆسەیە بریتییە لە بونیاتنانی کەسایەتیی قوتابی و ئامادەکردنی بە شێوەیەکی باش و پەرەپێدانی تواناکانیەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گرفت و کۆسپ و تەگەرەکان لە ژیانی زانستیدا. جا لە پێناو بونیاتنانی کەسایەتییەکی کاریگەر لە کۆمەڵگەدا، بە شێوەیەکی دایك و باوکانە ڕووی گرنگیپێدان و چاودێریی خۆمان لە قوتابیان دەکەین و، بە هەموو هێز و توانامان سەرەڕای لایەنی زانستی و ڕۆشنبیری، ڕەچاوی بارودۆخی دەروونییان دەکەین، تاوەکو نەوەکانمان بە ڕۆڵێکی کاریگەر لە بونیاتنانەوەی نیشتمانی خۆشەویست بەشداری بکەن.» گوتیشی: «پابەندبوون بە یەکپۆشی شتێکی گرنگە، بەتایبەتی لەم ڕۆژگارەی ئێستا کە کرانەوەی خێرا و نائاسایی لە جیهاندا لە برەودایە. هەروەها یەکپۆشی ئامادەکردن و چەکدارکردنی قوتابییەکانمانە تاوەکو بتوانن هەم لەگەڵ گۆڕانکارییەکانی جیهان ڕابێن و، هەمیش ڕووبەڕووی ببنەوە و خۆڕاگرییان هەبێت بەبێ جیاوازی، ئێمە ناتوانین لە ڕیزی وڵاتە گەورەکاندا بین، ئەگەر سەرکردەکانی کۆمەڵگەکەمان و هیوا و ئاواتی دوارۆژمان خوو و ڕەوشتی پیاوانە و مەردانەیان نەبێت و، کچە قوتابییەکانمان لە ئاستێکی بەرزی هەستکردن بە بەرپرسێتی و پابەند بە ڕەوشت و دابونەریتی کۆمەڵگەکەمان و ڕێنماییە پاك و بێگەرد و یەکتاپەرستەکەی ئایینمان نەبن، بە نەپۆشینی جلوبەرگی ڕێکپۆشی داپۆشەر. بێگومان جێبەجێکردنی یەکپۆشی لە زانکۆ کوردستانییەکاندا لە سەر زۆر بواری ژیان کاریگەریی خۆی دەبێت، بۆ نموونە؛ لایەنی ئابووری، کە یەکپۆشی یەکسانی لە نێوان قوتابیان دێنێتەدی و جیاوازیی نێوان قوتابیی هەژار و دەوڵەمەند کەم دەکاتەوە،



**لە ماوەی ساڵانی ١٩٦٨- ١٩٩١، سیستمی یەکپۆشیی قوتابیان پەیڕەو دەکرا، بەڵام لە ئێستادا ئەم سیستمە نەماوە، لە ئێستادا بەشێك لە قوتابییانی زانکۆ بە تایبەت قوتابییانی کچ خوازیاری ئەوەن سیستمی یەکپۆشی لە زانکۆکان پەیڕەو بکرێت، ئەویش بە هۆی نزمیی ئاستی دۆخی دارایی زۆرینەی خێزانەکان، وەك ئاشکرایە لەم چەند ساڵەی ڕابردوو هەرێمی کوردستان بە چەندین قۆناغی سەختدا تێپەڕی، لەوانە: هێرشی تیرۆریستانی داعش و هاتنی پەتای کۆڕۆنا و چەندین گرفتی دیکەی ئەمنی و سیاسی، ئەم دۆخەش وای کرد، دەستکەوتی ڕۆژانەی تاك سنووردار بێت، لەم ڕوانگەیەوە قوتابیان پێیانوایە «یەکپۆشی» جیاوازیی چینایەتی ناهێڵێت، مامۆستایەکی زانکۆش ڕایوایە یەکپۆشی لە جلوبەرگی زانکۆیی ناسنامەی قوتابییە. بەشداربووانی ئەم ڕاپۆرتەی گوڵان خوێندنەوەی زیاتر بۆ بابەتەکە دەکەن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

بە جێبەجێ نەکردنیشی لە زۆربەی کاتدا قوتابیان هەست بە نایەکسانی و جیاوازی و چینایەتی دەکەن و، لە ڕووی دەروونییشەوە دەبێتە هۆی دڵەڕاوکێ بۆیان، بە تایبەت قوتابیان لەو تەمەنەیاندا کە لە زانکۆدان، خێرا کاریگەریی لە سەریان دەبێت، ئەمەش کەسایەتییەکی ئاڵۆز و دابڕاو و پڕ گرێی دەروونی لەلای قوتابی دروست دەکات، ئەمەش سەردەکێشێ بۆ هەڵدێران و لەڕێ لادان. لەسەر ئاستی ڕۆشنبیریشدا بەجێبەجێکردنی یەکپۆشی کاریکەرییەکی گەورە و ڕوون لە سەر ئاستی ڕۆشنبیریی قوتابییەکە دروست دەکات و پابەندیی بە زانکۆ لەلا دروست دەبێت و وا هەست دەکات بەشێکی دانەبڕاوی زانکۆیە.»

دوریا شێروانی دەرچووی زانکۆیە و سەرەتا باسی ئەوە دەکات کە: «زانکۆ شوێنێکە بۆ پێگەیاندنی کەسایەتیی تاك و هاندانی بۆ داهێنان و لێکۆڵینەوە و نوێگەری، بەڵام ئەوە لە وڵاتانی خۆرئاوا وایە، بەپێچەوانەوە لە وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست کە تا ڕاددەیەك ڕوو و ڕێچکەی زانکۆ وەرگێڕدراوە بۆ شوێنێك بۆ هاوسەرگیری و شوێنێك بۆ گرنگیدان بە ڕوخسار بەبێ گوێدانە ناخ و زانست و زانیاری و خۆپێگەیاندن، واتە دەتوانم بڵێم جگە لە قوتابخانە و شوێنی گشتی و بازاڕەکان، خەریکە لە زانکۆکانیشدا چینایەتی بە مۆرك و شێوەی جیاواز و سەردەمیانەتر سەرهەڵدەدات.» هەر لەو بارەیەوە گوتی:

«تاکەکانی زانکۆ بەراورد لەگەڵ ساڵ و دەیەکانی ڕابردوو، خەریکە دابەش دەبن بە سەر چەند چین و گرووپێك، چینی دەوڵەمەند و چینی هەژار، گرووپێك داوای زانست و زانیاری دەکات، ئەوی دی داوای خۆپێگەیاندن و گرووپێکی دیکەش زانکۆ وەك مەڵبەندێك دەبینن بۆ خۆشەویستیکردن و دۆزینەوەی کەسێك لە ڕەگەزی بەرامبەر بۆ هاوسەرگیری و پڕکردنەوەی بۆشاییە سۆزدارییەکانی و، گرووپێکیش بۆ نمایشکردنی جلوبەرگە مارکەکانی خۆیان و دەستەخوشکەکانیان کە زۆر جار ئێمە بەم ڕەفتارانە لە ڕێزی زانکۆ و مرۆڤایەتی و زانست و زانیاری کەم دەکەینەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی یەکجاری نەرێنی دروست دەکات لە سەر ڕەوتی گەنجان و نەوەی داهاتوو لە کۆمەڵگەدا، سەرەڕای دۆخی ئابووری کە لە گشت جیهان و بەتایبەت عێراق و هەرێمی کوردستان کاریگەری لە سەر ژیان و گوزەرانی خەڵك داناوە، چ زۆر و چ کەم. بۆ نەهێشتنی ئەو جیاوازی و دیاردەیانە، یەکپۆشی لە زانکۆ و پەیمانگەکاندا زۆر گونجاوە و لە زۆر ڕووەوە هاوکارێکی باش دەبێت بۆ گەڕاندنەوەی ناوی زانکۆ بۆ سەر ناو و ئامانجە بنچینەییەکانی، هەروەها یارمەتیدەرێکی بەهێزی تاکە بۆ هەستنەکردن بە لاوازیی کەسایەتی و باری دارایی خۆی لە نێو کۆمەڵێکی هەبووندا، بەتایبەت لەم کاتەدا کە هەرێمی کوردستان بە گشتی بە بارودۆخی هەستیاردا گوزەر دەکات و، پێویستە کار لەسەر خاڵی ورد و درشت و دوور و نزیك بکرێت، بۆ ڕێکخستنەوەی شیرازەی کۆمەڵگەکەمان بەرەو کۆمەڵگە و گەنجگەلێکی بەتوانا و زانستخواز و داهێنەر و بەرهەمهێنەر.»

**من بەش بە حاڵی خۆم کە لە بەشی ناوخۆییم، بە هۆی بێ پارەیی و کەمدەرامەتیی خێزانەکەم مانگی جارێکیش بۆ ماڵی خۆمان ناڕۆمەوە**

**جگە لە قوتابخانە و شوێنی گشتی و بازاڕەکان، خەریکە لە زانکۆکانیشدا چینایەتی بە مۆرک و شێوەی جیاواز و سەردەمیانەتر سەرهەڵدەدات**



# چاوخشاندنێک بە براوەکانی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆکدا

**براوەکانی بەشە جۆراوجۆرەکانی پێشبرکێی سینەمای جیهان و بەشی پێشبرکێی سینەمای کوردی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆک» دیاریکران**

ڕێورەسمی کۆتایی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆك» بە یادی سینەماکاری نەمری کورد «یەڵماز گۆنای» دەرهێنەری براوەی خەڵاتی گەورەی «چڵە خورمای» فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «کان»ی فەرەنسای ساڵی(١٩٨٢) بە ئامادەبوونی دکتۆر عەلی تەتەر پارێزگاری دهۆك، ئەمیر عەلی محەمەد تاهیر سەرۆکی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی دهۆك، شەوکەت ئەمین کورکی دەرهێنەری هونەری ئەم فێستیڤاڵە، ئەندامانی لیژنەی دادوەرانی بەشی پێشبرکێی سینەمای جیهان و بەشی پێشبرکێی سینەمای کوردی و، سینەماکارانی بەشداربووی فێستیڤاڵەکە و هۆگرانی هونەریسینەما، لە هۆڵی «کۆنگرە»ی زانکۆی دهۆك بەڕێوە چوو، براوەکانی بەشە جۆراوجۆرەکان ڕاگەیاندران و خەڵاتی زێڕینی «گەڵای مێو» و خەڵاتی زیوینی «گەڵای مێو»ی فێستیڤاڵەکە و، بڕوانامەی فەخری و هەروەها خەڵاتی نەتینە بەسەریاندا دابەش کرا.

مەنسوور جیهانی



**• بەشی پێشبڕکێی سینەمای جیهان**

ئەندامانی لێژنەی دادوەریی بەشی پێشبڕکێی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتی فیلمی «دهۆك» کە بریتی بوون لە: سدیق بەرمەك دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ئەفغانستان سەرۆکی لێژنەی دادوەران و، فەیاز دۆمان ئەکتەر لە تورکیا، حەسەن عەلی دەرهێنەر لە هەرێمی کوردستان، هێڤین ئیل سیندی بەڕێوەبەری هونەری لە وڵاتی ئەڵمانیا و موهەنەد حەیال دەرهێنەر لە عێراق، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

- خەڵاتی «یەڵماز گۆنای بە فیلمی سینەمایی ژیان لە دەرهێنانی سوهەیلا شۆنك لە وڵاتی ئەڵمانیا بەخشرا.

- خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەرانیش بە فیلمی سینەمایی نامۆ لە دەرهێنانی نادر ساعی وەر لە ئێران بەخشرا.

**• بەشی پێشبڕکێی سینەمای کوردی**

ئەندامانی لێژنەی دادوەرانی بەشی پێشبڕکێی سینەمای کوردیی ئەم فێستیڤاڵە کە بریتی بوون لە: حوسێن تەباك سیناریۆنووس و دەرهێنەر لە وڵاتی ئەڵمانیا و سەرۆکی لێژنەی دادوەران، دیرك شێفێر دەرهێنەر و مونتێر لە وڵاتی ئەڵمانیا، ئێلیس وان مارکە بڵاوکەرەوە و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی ڕۆمانیا، سالم سەڵەوات دەرهێنەر لە ئێران، خاتوو زوبێدە بۆلۆت ئەکتەر لە تورکیا، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

- خەڵاتی باشترین دەرهێنان بە ئەرسەلان ئەمیری بۆ دەرهێنانی فیلمی سینەمایی زالاوا لە ئێران بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین ئەکتەری پیاو بە نەوید پوورفەرەج بۆ ڕۆڵبینین لە فیلمی سینەمایی زالاوا لە ئێران بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین ئەکتەری ئافرەت بە خاتوو مریەم بووبانی بۆ ڕۆڵ بینین لە فیلمی سینەمایی عەماوەندی عەلی و زەین لە ئێران بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین فیلم بە فیلمی سینەمایی سدیق و پڵنگ لە دەرهێنانی ڕۆبێر دۆسکی لە وڵاتی هۆڵەندا بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین سیناریۆ بە فیلمی سینەمایی پارێزەریی برا لە نووسینی هاوبەشی گوڵستان ئاکێت و فەرید کاراهان لە تورکیا بەخشرا.

- خەڵاتی تایبەتی لێژنەی دادوەرانیش بە هەڵۆ ڕامشتی ئەکتەری فیلمی سینەمایی نیشتمانی پیس لە هەرێمی کوردستان بەخشرا.

**• بەشی پێشبڕکێی کورتە فیلم**

ئەندامانی لێژنەی دادوەریی بەشی پێشبڕکێی سینەمای کوردی هەشتەمین خولی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆك کە بریتی بوون لە: کامیلا لارسۆن بەڕێوەبەری سندووقی نوێی نێودەوڵەتی فێستیڤاڵی فیلمی یۆتۆبۆری لە وڵاتی سوید و سەرۆکی لێژنەی دادوەران، ئاپۆ بازیدی دەرهێنەر لە تورکیا، زەهرا غەندوور ئەکتەر لە عێراق، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

- خەڵاتی باشترین فیلمی کوردی بە کورتە فیلمی حەوت سەمفۆنیای زاگرۆس لە دەرهێنانی پەروێز ڕۆستەمی لە ئێران بەخشرا.

- خەڵاتی باشترین فیلمی نێودەوڵەتی بە کورتە فیلمی ڕیکۆردی گەورەی ئیستانبوڵ لە دەرهێنانی زەینەب دیلان سۆرێن لە تورکیا بەخشرا.









- خەڵاتی تایبەتی ئەندامانی لیژنەی دادوەرییش بە کورتە فیلمی بێدەنگ لە دەرهێنانی بروا وەهاپور لە ئێران بەخشرا.

**• بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلم:**

ئەندامانی لیژنەی دادوەریی بەشی پێشبڕکێی بەڵگەفیلمی ئەم خولەی فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی دهۆک کە بریتی بوون لە: تەلال دێرکی دەرهێنەر لە ڕۆژئاوا، خاتوو باوی یاسین دەرهێنەر و بەرهەمهێنەر لە وڵاتی بەلجیکا و شەماڵ سەبر بەرهەمهێنەری سەربەخۆ و بەرپرسی نووسینگەی ئەنستیتۆی ئەڵمانی «گۆتە» لە هەرێمی کوردستان، دەنگەکانی خۆیان بەم شێوەیە ڕاگەیاند:

- خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی کوردی بە فیلمی دیکۆمێنتی نانی پیرۆز لە دەرهێنانی ڕەوانشاد «ڕەحیم زەبیحی» و لە بەرهەمهێنانی «تووروج ئەسلانی» لە ئێران بەخشرا.
- خەڵاتی باشترین بەڵگەفیلمی نێودەوڵەتی بە فیلمی دیکۆمێنتی ئەوبەری ڕووبار لە دەرهێنانی ئانتۆنیا کیلیان، بەرهەمی هاوبەشی وڵاتانی ئەڵمانیا و فینلەندا پێشکەش کرا.

**• خەڵاتی فیپرێشی:**

ئەندامانی لیژنەی دادوەریی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی ڕەخنەگرانی فیلم «فیپرێشی» ئەم فێستیڤاڵە، کە بریتی بوون لە: دکتۆر یەڵماز ئۆزدیل ڕەخنەگری سینەما و مامۆستای زانکۆ لە تورکیا، هینک بوڤێکێرک ڕۆژنامەنووسی سینەمایی لە وڵاتی هۆڵەندا و ئیکسێل تیمۆ پوور سەرنووسەر لە وڵاتی ئەفریقای باشوور، خەڵاتی فیپرێشیان بە فیلمی سینەمایی زەماوەندی عەلی و زین لە دەرهێنانی محەمەد عەلی کۆنار لە تورکیا پێشکەش کرد.

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆک» ئەندامی باوەڕپێکراوی ڕێوڕەسمی پێشکەشکردنی خەڵاتەکانی سکرین «ئاسیا پەسیفیک» ناسراو بە «ئۆسکاری ئاسیا» لە وڵاتی ئۆستورالیایە و لە ئاستی وڵاتی عێراقدا بەرهەمە سینەمایی و بەڵگەفیلمەکان بەم ڕووداوە گرینگە سینەماییە دەناسێنێت.

فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «دهۆک» بە سەرۆکایەتی ئەمیر عەلی محەمەد تاهیر و دەرهێنانی هونەری «شەوکەت ئەمین کورکی» بە یادی سینەماکاری هەرمانی کورد «یەڵماز گۆنای دەرهێنەری براوەی خەڵاتی گەورەی «چڵە خورمای» فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی فیلمی «کان»ی فەڕەنسا (١٩٨٢) و بە مەبەستی پردی پەیوەندیی نێوان دەرهێنەرە کوردەکان و سینەماکارانی سەرتاسەری جیهان و، هەروەها ڕەخساندنی ئاڵوگۆڕی کولتووریی نێوان نەتەوەکانی دنیا دامەزراوە.

هەشتەمین خولی ئەم فێستیڤاڵە، بە نمایشی ٩٤ بەرهەم، لە چوارچێوەی فیلمە بڵندە سینەماییەکان، کورتە فیلم و بەڵگەفیلمەکان لە چەندین بەشی پێشبڕکێی و دەرەوەی پێشبڕکێی لەوانە: بەشی پێشبڕکێی «سینەمای جیهان»، واتە: ٩ فیلمی بڵندی سینەمایی، ٥ بەڵگەفیلم و ٩ کورتە فیلم، بەشی پێشبڕکێی «سینەمای کوردی»، واتە: ٦ فیلمی بڵندی سینەمایی، ٦ بەڵگەفیلم و ١٢ کورتە فیلم، بەشی «ڕوانینێک بە سینەمای جیهان»، واتە: ٨ فیلمی بڵندی سینەمایی، ٤ بەڵگەفیلم و ٧ کورتە فیلم، بەشی «پانۆرامای سینەمای کوردی»، واتە: ١٧ کورتە فیلم، بەشی «نمایشی تایبەت بە سینەمای ئەفغانستان» ٨ فیلمی بڵندی سینەمایی و هەروەها بەشی «نمایشی تایبەت بە سینەمای کوردستان» ٤ فیلمی بڵندی سینەمایی لە شاری دهۆک لە هەرێمی کوردستان بەڕێوەچوو.

# یلدونە بەرهەمێکی نوێی کرمانجی بڵاو دەکاتەوە



**یەلدونە خانمە گۆرانیبێژی بە رەچەڵەك فارس و لە دایکبووی شاری تاران، کە ئێسا لە وڵاتی ئیسپانیا نیشتەجێیە، یەکیکە لە عاشقانی زمان و کولتوری کوردی، بەم دواییە گۆرانییەکی بە شێوەزاری کرمانجی بڵاو کردووەتەوە، تا ئێستا بە چەندین شێوەزاری کوردی گۆرانیی گوتووە وەك سۆرانی و کەلهوڕی و لە گرووپەکانی ئۆرکسترای جیهانی، ئەوروپی، رۆژهەڵاتی و رۆژئاوایی، بەشداریی کردووە و لە هەمان کاتدا گۆرانیی گوتووە.**

سەبارەت بە بەرهەمە نوێیەکەی لە لێوانێکدا بۆ گوڵان، یەلدونە گوتی: «پێموایە زراوەی کرمانجی هەستی زۆر ناسکی تێدایە، بۆیە بۆ کاری نوێم شێوەزاری کرمانجیم هەڵبژاردووە، لەوانەش گۆرانییەکی مامۆستا شڤان پەروەر بە ناوی غەریبی، چونکە دوورە وڵاتی و غەریبیی خۆم لە گۆرانییەکەدا بینی، هەستی ناسك و غوربەتی تێدایە و مامۆستا شڤان بە دەنگ و ستایلی تایبەتی خۆی زۆر بە جوانی ئەدای کردووە، ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر من هەبوو، لەگەڵ مامۆستا (بەهائەدینی زەرین پەنجە) کە خەڵکی شاری سنەیە کارم کردووە، کە جگە لە کاری دەنگ، بە ژەنینی ساز، دەف، تەنبور و دیوان بەشداریی کردووە، کە لە وڵاتی ئەڵمانیا تۆمارمان کردووە».

یەلدونە هەروەها گوتیشی: «بە نیازبووین لە ماوەیەکی نزیکدا بە کلیپیش گۆرانییەکە بڵاو بکەینەوە، بەڵام بەهۆی بڵاوبوونەوەی کۆرۆناوە بۆ ماوەیەك دوامانخست، بەو هیوایەین بتوانین لە ماوەی دوو مانگی داهاتوودا تۆماری بکەین، هەرچەندە بە نیازبووم لە ساڵی ٢٠٢٠ لە هەرێمی کوردستان کۆنسێرت ساز بکەم، بەڵام ئەویش بە هۆی کۆرۆناوە ئەنجام نەدرا.»

شایەنی بیرهێنانەوەیە یەلدونە لە ساڵی ٢٠١٦وە لەگەڵ گرووپە هونەرییە جیهانییەکان کاری کردووە، وەك: بی بی سی ئۆن وۆرد موزیك، ئۆڤەرفیوس، القافیلە (رۆمانی)و، جگە لە کوردی و فارسی تا ئێستا بە ١٦ زمان و شێوەزار گۆرانیی گوتووە، لەوانە: ئیسپانی، کەتالۆنی، ئینگلیزی، هیندی، تورکی، ئەفریقی، ئیتاڵی، یونانی و عەرەبی، ئیستاش گرووپێکی تایبەت بە خۆیی دامەزراندووە بە ناوی کابووك.

یلدونە چیرۆکی گۆرانییەکانی لە بابەتەکانی نیشتمان، ئافرەت، ئازادی، خۆشەویستی و ئەوین، خە بات دژ بە جیاکاری و گشت بابەتە مرۆییەکاندا دەبینێتەوە.

# ریهانا دەبێتە پاڵەوانی نەتەوەیی نوێترین وڵات



کۆماری باربادۆس کە نوێترین وڵاتە سەربەخۆیی خۆی لە تاجی بەریتانی وەرگرت، بەم بۆنەیەوە لە شاری بریدجتاون ئاهەنگێکی گەورەی بە ئامادەبوونی شازادە چارلزی جێنشینی بەریتانیا ساز کرد.

لە ئاهەنگەکەدا میا مۆتلی کە یەکەم سەرۆک کۆماری ئەم وڵاتە نوێیەیە، ڕایگەیاند: خانمە گۆرانیبێژی جیهانی کە خەڵکی ئەم شارەیە، وەك پاڵەوانێکی نەتەوەیی ڕێزی لێنرا و لەبەردەم ئامادەبووان پیرۆزبایی لێ کرد و، وەك ئاماژەیەك بۆ گۆرانییە بەناوبانگەکەی (دایمونز) گوتی: «هیوادارم وەك ئەڵماسێك بەردەوام بێت لە سەرکەوتن و گەشانەوەو، لە ڕێگای کارە هونەرییەکانتەوە شانازی بۆ خۆت و نەتەوەکەت بهێنیت، بەناوی گەلی باربادۆس سوپاست دەکەین، ئیمە سەربەرزین بە تۆوە کە ئەمڕۆ دەبیتە پاڵەوانێکی نەتەوەیی، هیوادارین بەردەوام بیت».

ریهانا بوو بە دووەم ئافرەت کە ئەم نازناوە بەدەست بهێنێت و، بە ڕۆبین ریهانا فینتی بانگ کرا.

شایەنی سەرنجە باربادۆس بە نوێترین کۆماری سەربەخۆ دادەنرێت دوای دەرچوونی لەژێر حوکمی تاجی بەریتانی و، بۆ یەکەم جار ئاڵای بەریتانیا لەو وڵاتە هێنرایە خوارەوە.

**سەرچاوە بی بی سی**

# گاگا خەڵاتی باشترین ئەکتەری لە فیلمی (House of Gucci) بەدەست هێنا



فەرمانگەی ڕەخنەگرانی سینەمای نیۆیۆرك ڕایگەیاند کە ئەستێرەی جیهانی (لەیدی گاگا) ناوی لە چوارچێوەی براوەکانی خەڵاتەکانی ئەم ساڵدا دەبێت، ئەوەش دوای درەوشانەوەی لە سینەمای (ژاپۆنی، ئیتاڵی ڕۆژئاوایی) و بەدەستهێنانی بەرزترین ئاستی هەڵسەنگاندن لە فیلمی (House of Gucci) دێت.

فیلمی (House of Gucci) لە دەرهێنانی ریدلی سکۆت و بەرهەمێکی ئەمریکییە، باس لە خانەوادەی جۆتشی دەکات کە بە ئیمپراتۆرییەتی جلوبەرگی ئیتاڵی و جیهانی دادەنرێت و، تیشك دەخاتە سەر سێ دیە لە (خۆشەویستی، ناپاکی و تۆڵەسەندنەوە)، هەروەها بە وردی باس لە ناوو مانای ڕاستەقینەی خانەوادەکە دەکات، کە ئایا تا چەند دەتوانێت دەست بەسەر بازاڕدا بگرێت.

بۆ یەکەم جار لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا، فیلمەکە لە چوارچێوەی بەشی فەرمی لە دەرەوەی پێشبڕکێ لە خولی ٤٣ی فیستیڤاڵی قاهیرەی نێودەوڵەتی لە شانۆی گەورەی خانەی ئۆپێرای میسری نمایش کرا.

لە لایەکی دیکەوە میراتگرانی جوتشی هەڕەشەی ئەوەیان کرد کە دادگا سکاڵا دژی ریدلی سکۆت و ستافی فیلمەکە تۆمار دەکەن، چونکە خانەوادەکە بە هۆکاری نانەوەی ئاژاوە نیشان دەدات، بەتایبەتی کە تیشك دەخاتە سەر کوشتنی ماوریتسیۆ جۆتشی بە پلانێکی باتریزیا ریگانی، کە لەیدی گاگا ڕۆڵەکەی دەبینیت، ئەمەش کاریگەریی خراپی لەسەر ناوبانگی خانەوادەکەی کردووە.

**سەرچاوە: اليوم السابع**

# نیکۆڵ کیدمان بریندار بووە



خانمە ئەکتەری ناسراوی ئوسترالی نیکۆڵ کیدمان ڕایگەیاند کە لە کاتی وێنەگرتنی دیمەنەکانی زنجیرە درامای (Big Little Lies)، کە ڕۆڵی (سیلسین)ی تێدا بینیوە، دوچاری چەندین برینی ڕاستەقینەی جەستەیی بووەتەوە.

ئەم زنجیرەیە پێش چەند ساڵێك لە کەناڵی (HBO) نمایش کراو، باسی لە چەندین کێشەی کۆمەڵایەتی دەکرد، کە تێیدا کیدمان ڕۆڵی سیلیسن دەبینێت، کە دوچاری توندوتیژیی سێکسی و خێزانی دەبێتەوە، کیدمان لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ ماڵپەڕی (Hollywood Reporter) باسی لەوە کرد کە لە دوای وێنەگرتنی دیمەنەکانی زنجیرەکە، هەستی بە توڕەبوونێکی زۆر کردووە، بەتایبەتی لەو دیمەنەی کە دوچاری توندوتیژی سێکسی دەبێتەوە، کیدمان لەم بارەوە دەڵێت: «کاتێ گەڕامەوە ماڵەوە زۆر توڕە بووم، بە جۆرێك بەردێکم لە دەرگایەکی شووشەی ماڵەوەدا، چونکە زۆر توڕە و نیگەران بووم لە وێنەگرتنی ئەم دیمەنە، بەڵام هەوڵماندا دیمەنەکە زۆر سرووشتی بێت، بۆیە برینەکان ڕاستەقینە بوون، پێشتریش خۆمان بۆ دیمەنەکان ئامادە نەکردبوو، تەنانەت دیمەنە سێکسییەکانی دوای توندوتیژی و لێدانیش، هەر دوای وێنەگرتنیش لەشم تووشی چەندین برین بوو، دڵتەنگ بووم و بڕێکی زۆر دەرمانم خوارد بۆ کەمکردنەوەی ئازارەکانی لەشم.»

لە بارەی کاردانەوەی هاوسەرەکەی، کیدمان گوتی: «دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە، (کیت ئوربانی) هاوسەرم زۆر دڵتەنگ بوو بە بینینی ئەو برینانە و، هەستی بە توڕەبوونێکی زۆر کرد، بەڵام دەیگوت من هاوسەری ئەکتەرێکم و دەبێ ئەو کارانە ئاسایی بێت بۆ ئێمە.»

**سەرچاوە: گولولی**





### ئیناز جونەید یاریزانی پاسکیلسواری:

# نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی یەکە مەشقییەکان بووەتە گرفتێکی گەورە بۆ یاریزانان

***چۆن بوو سەرەتا ئەم یارییەت هەڵبژارد؟**

- تەنیا حەزو و ئارەزووەی خۆم بوو کە بێمە نێو جیهانی پاسکیلسواری.

*** لە ئێستادا ئەم یارییە بووەتە کولتوور لای کۆمەڵگە کە کچان ئەم وەرزشە ئەنجام بدەن؟**

- بەڵێ بۆتە کولتوور، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ڕێگریمان زۆرە.

*** زۆر جار خانمان گلەیی ئەوە دەکەن کە لە شەقامەکان توانجیان لێ دەدرێت، ئێستاش ئەم دیاردەیە بەردەوامە؟**

-بەڵێ بێگومان زۆرە، چونکە ناتوانین بە ئارەزووی خۆمان مەشقەکانمان ئەنجام بدەین.

*** لە کوردستان یاریی پاسکیلسواری لە چ ئاستێکدایە؟**

- لە ئاستێکی باشدایە و تاڕادەیەك یانەکان گرنگی بەم یارییە دەدەن، بەتایبەتی چەند یانەیەك گرنگی تایبەت بە کچە یاریزانەکانیان دەدەن، بۆ ئەوەی بتوانن ئاست و ئەنجامی شایستە بەدەست بهێنن.

پاسکیلسواری یەکێکە لەو یارییانەی کە لە کوردستان گرنگیی باشی پێ دەدرێت و، کچە یاریزانانی کوردستانیش خاوەن چەندین ئەنجامی شایستەن لەسەر ئاستی عێراق و وڵاتانی عەرەبی، شاری هەولێریش هەموو کات بۆ پێگەیاندنی کچە یاریزانانی کورد لە یارییە جۆراجۆرەکاندا پێشەنگ بووە، کچە یاریزانانی یانەکانیش ئاست و ئەنجامیان بەرچاوە و پاشە ڕۆژێکی باش چاوەڕوانیان دەکات، ئیناس جونید یەکێک لە کچە یاریزانە بەتواناکانی یاریی پاسکیلسوارییە و لەدایکبووی ساڵی ١٩٩٣ی شاری هەولێرە، خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە لە پاڵەوانێتییەکاندا لەسەر ئاستی کوردستان و عێراق، دەرچووی کۆلێژی پەروەردەی وەرزشییە، پێشتریش بۆ هەریەک لە یانەکانی برایەتی و پێشکەوتن و هەولێر و ئافرەتانی هەولێر یاریی کردووە، بۆ ئەمساڵیش لەگەڵ هیچ یانەیەک ڕێک نەوتووە بۆ یاریکردن، ئێمەش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکمان ئاراستەی کرد، بەمجۆرە وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵانی دایەوە.

دیمانە: کارزان کانەبی



*** وەك کچە وەرزشکارێك گرفت و ئاریشەی ئەم یارییە لە چیدا دەبینیت؟**

- نەبوونی شوێنێکی گونجاو بۆ ئەنجامدانی مەشقەکان بووەتە گرفتێکی گەورە بۆ یاریزانان، نەبوونی بودجەی پێویست بۆ ئەم یارییە ئەوانە هەمووی گرفتە.

*** چی بکرێت بۆ ئەوەی ئاستی پاسکیلسواری بچێتە قۆناغێکی باشتر؟**

- وەکو هەموو یارییەکانی دیکە پەرەی پێ بدرێت و پێش بکەوێت.

*** پەیامتان چییە بۆ بەرپرسانی وەرزشی لەم یارییە؟**

- وەکو وەرزشوانان پەیاممان ئەوەیە خزمەتی زیاتری یاری پاسکیلسواری بکرێت لە شارەکانی کوردستان و، یانەکانیش گرنگیی زیاتر بە ئاستی کچەکانیان بدەن و پێداویستییەکانیان بۆ دابین بکرێ.

*** هیواو ئاواتت چییە وەکو کچە وەرزشکارێکی کورد؟**

-هیوادارم ببمە یاریزانێکی ئاست بەرز و ناوی کوردستان لە پاسکیلسواریی ئافرەتاندا بەرز بکەمەوە.

*** لە هیچ یانەکەیەك داوکاریت پێشکەش کراوە بۆ یاردکردن؟**

- لە زۆربەی یانەکان گرێبەستم پێشکەش کراوە.

*** وەکو کچە وەرزشکارێك بەرنامەت چییە بۆ داهاتووی خۆت؟**

-دەمەوێت زیاتر خزمەتی وەرزشیی کوردستان و بەتایبەتی شاری هەولێر بکەم و، ئەوەی لە توانام بێت بۆ سەرختستنی ئەو پرۆسەیە ئەنجامی بدەم.

*** لە کۆتاییدا چیت ماوە؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، بەهیوای ئەوەم زیاتر خزمەتی وەرزشکاران بکەن.





# لیڤاندۆڤسکی وەڵامی میسی دایەوە

رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی، هێرشبەری پۆڵەندی یانەی بایرن میونیخ ئەڵمانی، بێدەنگی شکاند و وەڵامی لێدوانەکانی لیۆنێل مێسی سەبارەت بە خۆی، لە ئاهەنگی باڵۆن دۆردا دایەوە.
لیۆنێل مێسی، کە بەر لە چەند رۆژێک بۆ جاری حەوتەم خەڵاتی باڵۆن دۆری بەدەستهێنا، دوای وەرگرتنی خەڵاتەکە، باسی لیڤاندۆڤسکی کرد و گوتی: لیڤاندۆڤسکی شایەنی ئەوەیە باڵۆن دۆر بباتەوە، لە وەرزی رابردوودا بەهێزترین بەربژێر بوو بۆ بردنەوەی خەڵاتەکە، بەڵام بەداخەوە، کە لەبەر کۆرۆنا خەڵاتەکە نەدرا، داوا لە فرانس فووتبۆل دەکەم خەڵاتیساڵی رابردووی پێبدات.
رۆبێرت لیڤاندۆڤسکی دواجار لەسەر ئەم قسانەی لیۆنێل مێسی بێدەنگی شکاند و لە لێدوانێکدا بۆ یەکێک لە کەناڵە تەلەڤزیۆنییەکانی پۆڵەندا، نیگەرانی خۆی راگەیاند و دووپاتیکردەوە، کە ئازاری زۆری چەشتووە.
لیڤاندۆڤسکی گوتی: ئەگەر بتانەوێت قسە لەسەر هەستەکانم بکەم، لە راستیدا هەفتەی رابردوو بە کاتێکی زۆر زەحمەتدا تێپەڕیم، هەستم بە نیگەرانییەکی زۆر کرد، ئاسان نەبوو قبوڵی بکەی، دڵخۆش نەبووم، من هەمیشە بە راشکاوی و بەبێ فێڵ قسە دەکەم.
ئەو لە بەردەوامی قسەکانیدا، گوتی: زۆر نزیک بووم لە بەدەستهێنانی خەڵاتەکە بەتایبەتیش، کە من رکابەریم لەگەڵ یاریزانێکی گەورەی وەک مێسی دەکرد، بێگومان زۆر رێز لە شێوازی یاریکردنی مێسی و هەموو ئەوەی لەم ساڵانەدا بەدەستیهێناوە دەگرم، بەڕاستی ململانێکردن لەگەڵ یاریزانێکی وەک ئەو بۆ من شانازییەکی گەورەیە، بەڵام لە ناخی خۆمدا هەستم بە نیگەرانییەکی زۆر کرد.
خاوەنی خەڵاتی زە بێستی وەرزی رابردوو، گوتیشی:من راشکاوانە قسە دەکەم، من زۆر نیگەران بووم، باشبوو کە هەفتەی رابردوو یاریمان نەبوو.
لە کۆتایی قسەکانیدا، لیڤاندۆڤسکی سەبارەت بە قسەکانی مێسی، گوتی: هیوادارم ئەم لێدوانانەی یاریزانێکی گەورەی وەک مێسی راستگۆیانە بن و لە ناخەوە بن، نەک تەنیا قسە بن، بێگومان من شانازی بەوەی پێشکەشم کردووە دەکەم.

# ئێمپاپی سوورە لەسەر جێهێشتنی یانەی پاریس سانت جێرمان

ئێمپاپی هێشتا پێداگیری لەسەر جێهێشتنی پاریس سانت جێرمان دەکات و دەڵێت: هاوینی رابردوو کاتێک رێگایان پێنەدام لە یانەکە بڕۆم زۆر بێ هیوا بووم.
کیلیان ئێمپاپی هێرشبەری پاریس سانت جێرمانی فەرەنسی لە دیمانەیەکی لەگەڵ تۆڕی پرایم ڤیدیۆ لە بارەی رووداوەکانی دوایین ساتەکانی بازاڕی گواستنەوەی هاوینەی یاریزانان دەڵێت: بەداخەوە رێگایان نەدا ریزەکانی پاریس سانت جێرمان بەجێبهێڵم، من داوام کرد لە یانەکە بڕۆم، بەڵام داواکەیان قبووڵ نەکردم، سەرەتا من زۆر بێ هیوابووم، بەڵام من ئێستا لە یانەیەک یاری دەکەم، کە دەیەوێت نازناوی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا بەدەست بهێنێت.
هەروەها ئێمپاپی لەبارەی داهاتووی خۆی دەشڵێت: من پێشتر هەزار جار ئەم قسەیەم دووپات کردووەتەوە، من دەمەوێت ئەزموون و قۆناخێکی نوێ تاقی بکەمەوە، راستە من زمانێکی زۆر باشی ئیسپانی دەزانم، چونکە هەستم کرد ئەگەر من بمەوێت ببمە یاریزانێکی گەورە و دیاری جیهان پێویستم بەوەیە جگە لە زمانی فەرەنسی زمانی دیکەش بزانم.
هاوینی رابردوو ئێمپاپی زۆر نزیکبوو تا دوایین ساتەکان پەیوەندی بە ریزەکانی ریال مەدریدی ئیسپانییەوە بکات، تەنانەت یانە ئیسپانییەکە دوو ئۆفەری پێشکەش کرد، بەڵام یانە فەرەنسییەکە ئۆفەرەکانی رەتکردەوە و ئامادە نەبوو گفتوگۆ لە بارەی فرۆشتنی پێوە بکات، کە هاوینی داهاتوو ئەو هێرشبەرە فەرەنسییە گرێبەستەکەی لەگەڵ یانەکەی تەواو دەبێت.







# عوسمان دیمبڵێ بەرشلۆنە جێدەهێڵێت

عوسمان دیمبڵی بڕیاریداوە ریزەکانی بەرشلۆنەی ئیسپانی بەجێبهێڵێت و کۆتایی ئەم وەرزە گرێبەستەکەی نوێ ناکاتەوە، لە کاتێکدا پێشتر چاڤی چەند جارێک داوای لێکردووە لە یانەکە بمێنێتەوە.

بەرنامەی بەناوبانگی (ئێل چێرێنجیتۆ)ی ئیسپانی ئاشکرایکردووە، عوسمان دیمبلی بڕیاری کۆتایی خۆی داوە و بە چاڤی هێرناندێز راهێنەری یانەکەی گوتووە نایەوێت گرێبەستەکەی لەگەڵ بەرشلۆنە نوێبکاتەوە، کە کۆتایی ئەم وەرزە ئەو هێرشبەرە فەرەنسییە گرێبەستەکەی تەواو دەبێت و دەتوانێت لە دوای سەری ساڵی نوێ بەخۆڕایی بە گرێبەستێکی ئازاد پەیوەندیی بە هەر یانەیەکەوە بکات.

میدیاکانی ئەوروپا رایانگەیاندووە، چەند یانەیەکی گەورەی ئینگلتەرە چاویان لە دیمبلییە و ئامادەییان دەربڕیوە مووچەیەکی بەرزی پێبدەن و نزیکەی ٢٠ ملیۆن یۆرۆ شیرینی گرێبەستەکەی پێبدەن لە بەرامبەر ئەوەی بێبەرامبەر گرێبەستی لەگەڵ وژاۆ دەکەن. رۆژنامەی سپۆرتی کەتەلۆنی رایگەیاندووە، بەپرسانی بەرشلۆنە بەنیازن هەفتەی داهاتوو ئۆفەرێکی باشتر پێشکەشی دیمبڵی بکەن، کە پێشتر چاڤی دوای وەرگرتنی ئەرکی راهێنەرایەتی بەرشلۆنە داوای لەو هێرشبەرە فەرەنسییە کرد گرێبەستەکەی نوێبکاتەوە.




# پاڵەوانێتیەک بۆ وەرزشکارانی خاوەن پێداویستی تایبەت

لیژنـەی پـارا ئۆلمپیـی کوردسـتان بـە هاوکاریـی سـمایلاند وەکـو سپۆنسـەری پاڵەوانێتیەکـە، هەڵدەسـێت بـە ئەنجامدانـی پاڵەوانێتیەکـی خێـرا بـۆ یاریزانانـی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت، بـە ئامانجـی زیاتـر خزمەتکردنـی وەرزشـکارانی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت لـە کوردسـتان و گرنگیـدان بـە تواناکانـی وەرزشـوانی خـاوەن پێداویسـتی و، دانەبـڕان لـە خـول و پاڵەوانێتییـەکان، پاڵەوانێتـی تۆپـی سـەرمێز بـۆ ژمارەیـەك لـە یاریزانانـی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت لـە شـاری هەولێر دەکرێتـەوە، لـە بـارەی ئەنجامدانـی ئـەم پاڵەوانێتییـەش (حاجـی ئاغـا) بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی سمایلاند، بۆ گۆڤاری گـوڵان گوتـی: «لـە ڕۆژی جیهانیی کەمئەندامانی کوردستاندا وەك خزمەتکردنێـك بـۆ وەرزشـکارانی خـاوەن پێداویسـتی تایبـەت، هەسـتاین بـە ئەنجامدانـی پاڵەوانێتـی تۆپـی سـەرمێز بۆ زیاتـر لـە بیست یاریزانـی خاوەن پێداویستی تایبـەت، ئێمـە بـە ئەرکـی سەرشـانی خۆمـان دەزانیـن خزمەتـی ئـەو چینـەی کۆمەڵگـە بکەیـن»، بەرپرسـی پەیوەندییەکانـی سـمایلاند گوتیشـی: «بـە هـاوکاری لیژنـەی پـارا ئۆلمپـی کوردسـتان ئـەم چالاکییەمـان ئەنجام دا، لـە پاڵەوانێتییەکەشدا یاریزانانی بەشداربوو توانیـان ئاسـتێکی بـەرز پێشـکەش بکـەن و کێبڕکێـی بەهێـز لـە نێـوان یاریزانانـی بەشـداربوو هەبـوو، لـە کۆتایشـدا خـەڵات و ڕێزلێنـان بەخشـرایە سـەرجەم یاریزانـە سـەرکەوتووەکانی پاڵەوانێتییەکـە، ئێمـە بەرنامـەی دیکەشـمان دەبێـت لـە داهاتـوو، بـۆ ئـەوەی بتوانیـن خزمەتـی سـەرجەم چیـن و توێژەکان بکەیـن و، دەرگای سـمایلاند بـۆ هەمـوو لایـەك کراوەیـە.



# فوتساڵی هەڵبژاردەی کچانی سۆران تیپێکی سەربەخۆن



تیپی فوتساڵی کچانی هەڵبژاردەی سۆران یەکێکە لەو تیپانەی کە لە ساڵی ٢٠١٧ دامەزراوە، کە پێشتر سەر بە (ڕێکخراوی ورە) بۆ پەرەپێدانی لاوان و کۆمەڵگا بوو، بەڵام لە ئێستادا سەر بەهیچ دامەزراوەییەك نییە و خۆیان وەرزشی خۆیان بەڕێوە دەبەن، لەم بارەشەوە هەلاڵە فەیسەڵ یاریدەدەری تیپی فوتساڵی هەڵبژاردەی سۆران، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ئێمە تیپێکی سەربەخۆین و ساڵی ڕابردووش لە خولی پلە یەکی کوردستان بۆ یانەی سنوور یاریمان کرد و، تیپەکەشمان گەیاندە خولی پلە نایابی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ بە هۆی شێوازی گرێبەستەکانمانەوە، لەگەڵ هیچ یانەیەك ڕێك نەکەوتووین، بە تایبەتی یانەکانی ئیدارەی سۆران، لە ئێستادا تیپەکەمان بەردەوامە لە ئامادەکارییەکانی و چەندین یاریی دۆستانەمان ئەنجام داوە، بۆ ئەوەی ئاستی یاریزانانی تیپەکەمان دانەبەزێت»، لە بارەی گرفتەکانیش هەلاڵە فەیسەڵ گوتی: «گرفتمان زۆرە، تیپێکی سەربەخۆین و خاوەن یاریزان و دەستەی ڕاهێنەرانی خۆمانین، بەڵام هیچ هاوکارییەك ناکرێین و هیچ سپۆنسەرێکمان نییە لەم دەڤەرە، پێداویستییەکانیشمان لە سەر ئەرکی خۆمان دابینمان کردوە، ئەوەش کارەکانی ئێمەی قورستر کردووە، بەڵام ئێمە لەبەر حەز و ئارەزووی یاریزانەکانمان هەموو گرفتەکانمان بەلاوە ناوە، بۆ ئەوەی ئەم خانمە وەرزشکارانە بەردەوام بن، پلانی داهاتووشمان ئەوەیە کاری گەورەتر بکەین بۆ تیپەکەمان و، تیپەکەمان بەهێزتر بکەین و گەورەتریشی بکەین.

# ئافرەتانی هەولێر گرفتی داراییان هەیە

یانەی ئافرەتانی هەولێر بەردەوام بەشدارن لە چالاکییە وەرزشییەکان و خول و پاڵەوانێتییەکانی سەرئاستی کوردستان و عێراق، دەستەی کارگێڕیی یانەکەش بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدایە زۆرترین تیپ لە دەوری یانەکە کۆ بکاتەوە و بەشداریی پاڵەوانێتییە جۆراوجۆرەکان بکەن، بەڵام گرفتی دارایی ڕێگری لە یانەکە دەکات بۆ بەردەوامیی بەشداریکردن لە خولەکان، لەم بارەشەوە (ڕزاو کەریم) سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «تیپەکانمان بەردەوامن لە مەشق و ئامادەکارییەکانیان بۆ سەرجەم خول و پاڵەوانێتییەکان، ئێستاش تیپی فوتساڵی یانەکەمان بە ستافێکی ڕاهێنەری نوێوە خەریکی ئامادەکارییەکانیان بۆ خولی نایابی کوردستان، دەمانەوێت ئەمساڵ سەرجەم تیپەکانمان بتوانن بەشداری لە پاڵەوانێتییە جۆراوجۆرەکاندا بکەن، تیپی زۆربەی وەرزشە جۆراوجۆرەکانیشمان هەیە لە یانەی ئافرەتانی هەولێر»، لە بارەی گرفتی تیپەکەش سەرۆکی یانەی وەرزشیی ئافرەتانی هەولێر گوتی: «تاکە گرفتی ئێمە نەبوونی توانای دارایی پێویستە بۆ یانەکەمان، ئەگەر پارەی پێویستمان لە بەردەست بێت، دەتوانین تیپی زیاتریش دروست بکەین و بەردەوامبین لە پێشکەوتنی یاریزانان و تیپەکانمان، هیوادارم ئاورێك لە یانەکەمان بدرێتەوە» .



# سۆشیال میدیا
# ئەگەری تووشبوون بە خەمۆکی زیاد دەکات!

ئەگەرچی سۆشیال میدیا ڕێگەیەکی خێرایە بۆ هێشتنەوەی پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگە و گۆڕینەوەی زانیاری لە سەرتاسەری جیهاندا، بەڵام لەوانەیە کە کاریگەیی نێگەتیڤیشی هەبێت، بەتایبەتی بۆ گەنجەکان، بۆنموونە لە نوێترین لێکۆڵینەوەدا هاتووە کە پەیوەندییەکی نزیک لە نێوان سۆشیال میدیا و خەمۆکیدا هەیە، تێبینی ئەوەش کراوە کە ئەگەری خەمۆکی زیاتر لە بەکارهێنەرانی سناپچات، فەیسبووک، هەروەها لە تیکتۆکدا بەدی دەکرێت. لە هەندێک سەرچاوەدا هاتووە کە هێشتا بە تەواوی ڕوون نییە کە ئایا سۆشیال میدیا دەبێتە ئەگەری خەمۆکی، یان خەمۆکی هاندەرە بۆ زیاد بەکارهێنانی سۆشیال میدیا؟. ئەو کەسانەی کە ئەگەری تووشبوونیان بە خەمۆکی لێ دەکرێت، تەنانەت ئەگەر تووشی خەمۆکیش نەبووبن، زیاتر سۆشیال میدیا بەکاردێنن. لە لێکۆڵینەوەیەکی ئەمریکیی نوێی نەخۆشخانەی گشتیی بۆستن بە سەرپەرشتی د.ڕۆی پێرلیس Roy Perlis هاتووە، کەسانی تەمەن ٣٥ و بەسەرەوە کە تیکتۆک و سناپچات بەکاردەهێنن، تا ڕێژەی ٩٪ ئەگەری تووشبوونیان بە خەمۆکی لێ دەکرێت، کەچی کەسانی بچووکتر لە ٣٥ساڵی تەمەن کە فەیسبووک بەکاردەهێنن، لەوانەیە زیاتر ڕووبەڕووی ئەم ئەگەرە ببنەوە.





# كۆڤیدی١٩ و وشكبوونی چاو

نزیكـەی ٨٠٪ی تووشـبووانی كۆڤیـد١٩ بـە سـووكی تووشـی دەبـن و باوتریـن نیشانەكانیان بریتیـن لـە كۆكـە، بەرزبوونـەوی پلـەی گـەرمیی لـەش، لەگـەڵ هەسـتكردن بـە ماندووبـوون، بـەڵام لەوانەیـە كـە نیشـانەی دیكـەش سـەر هەڵبـدەن، بۆنموونـە: گرفـت لـە چـاودا، كـە لـە نزیكـەی ٨٩٪ی حاڵەتەكانـدا بـەدی دەكرێـت، وشـكبوونی چـاو Dry eyes یەكێكـە لـەم گرفتانـە، هەرچەنـدە تائێسـتا هـۆكاری وشـكبوونی چـاو لـە تووشـبووانی كۆڤیـد١٩ دا بـە تـەواوی ڕوون نییـە، بـەڵام لەوانەیـە هـۆكار بوونـی ئەنزیمـی ACE2 لـە خانـە ڕووپۆشـەكانی ڕووی چـاودا بێـت، كـە هانـدەرە بـۆ چوونـە ژوورەوە و جێگیربوونـی ڤایرۆسـی كۆرۆنـا، هـاوكات لەگـەڵ بەرزبوونـەوەی ئاسـتی هەوكـردن لـە لەشـدا، لـە ئەنجامـی كاردانـەوەی سسـتمی بەرگریـی لـەش، وشـكبوونی چـاو نیشـانەیەكی سـەرەكی نییـە لەكاتـی تووشـبوون بـە كۆڤیـد١٩، زیاتـر لەگـەڵ نیشـانەكانی هاوشـێوەی هەڵامەتـدا لـە هەندێـك تووشـبوودا بـەدی دەكرێـت. بـە گوێـرەی چەنـد ڕاپۆرتێكـی پزیشـكی، یـەك لـە هـەر ١٠ كەسـی تووشـبوو بـە كۆڤیـد١٩ دوچـاری وشـكبوونی چـاو دەبـن، وشـكبوونی چـاو، یـان هەسـتكردن بـە بوونـی تەنـی بیانـی لـە چـاودا، باوتریـن نیشـانەیە لـە چـاودا، كـە هـاوكات بێـت لەگـەڵ تووشـبوون بـە كۆڤیـد١٩.

# ئایا بەكارهێنانی داوی ددان پێویستە؟



داوی ددان Dental floss كـە لـە مـاددەی نایلۆن، یان پلاستیك دروست دەكرێت، بەكاردێت بۆ پاككردنـەوەی نیـوان ددانـەكان لـە پاشـماوەی خـۆراك و بەكتریـا، كـە بـە تاڵەكانـی فڵچـەی ددان پـاك نابنـەوە. ئەگەرچی بەڵگـەی زانسـتی تـەواو لەبەردەسـتدا نییـە كـە ڕێنمایـی بەكارهێنانـی داوی ددان بـكات بـە شـێوەیەكی ڕۆژانـە بـە مەبەسـتی پاراسـتنی پاكوخاوێنیـی دەم و ددان، بـەڵام كۆمەڵـەی ئەمریكیـی ددان American dental association جەخـت دەكاتـەوە، كـە بەكارهێنانـی داوی ددانـی كوالیتـی بـەرز هـاوكات لەگـەڵ فڵچەی ددان، كە بە دروسـتی بـەكار بهێنرێـت، بـەراورد لەگـەڵ بەكارهێنانـی فڵچـەی ددان بـە تەنیـا، ئەگـەری نەخۆشـیی پـوك و كلۆربوونـی ددان كـەم دەكاتـەوە، دەتوانرێـت كـە داوی ددان زۆر بـە ئاسـانی بەكاربهێنرێـت بـۆ ئـەو كەسـانەی كـە كەلێنیـان لـە نێـوان ددانەكانـدا هەیـە و، ئەنجامـی تـەواو دەپێكێـت. بەكارهێنانـی داوی ددان بـە شـێوەیەكی نادروسـت لەوانەیـە كـە زیـان بەپـوك بگەیەنێـت، بـە شـێوەی برینداربوونـی پـوك، هەروەهـا بەكارهێنانـی داوی ددان هەرگیـز بـە پلـەی یەكـەم نایـەت بـۆ پاكڕاگرتنـی دەم و ددان، بەڵكـو دەتوانرێـت كـە ببێتـە بەشـێك لـە كـۆی هەنگاوەكانـی دیكـەی پاكوخاوێنیـی دەم.



# پێویستە هەموو نەخۆشانی شەکرە پابەندی ئەم پێنج ڕێسایە بن

لەوانەیە کە هێشتنەوەی ئاستی شەکری خوێن بە بەردەوامی لەژێر کۆنترۆڵدا کارێکی ئاسان نەبێت، چونکە کۆمەڵێك هۆکار دەبنە ئەگەری هەڵبەز و دابەزینی ئاستی شەکری خوێن، بەڵام پەیڕەوکردنی چەند ڕێسایەك، بە توندی هاندەر دەبن کە هەوڵی زۆر بدەیت بۆ هێشتنەوەی ئاستی شەکری خوێن لەژێر کۆنترۆڵدا، وەك:

- بەسەرکردنەوەی تەندروستیی گورچیلەکان بەشێوەیەکی دەوری، چونکە نەخۆشیی گورچیلە یەکێکە لە ئاڵۆزییە باوەکان کە دوچاری نەخۆشانی شەکرە دەبێت و، لەوانەیە کە ببێتە هۆی پەککەوتنی گورچیلە Renal failure.
- ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی و زیاد جووڵانەوە، لەگەڵ پابەندبوون بە خۆراکی تەندروست و پارێزی تایبەت بە نەخۆشیی شەکرە، بۆنموونە کاتی ژەمە سەرەکییەکانی خۆراك ڕێك بخرێت و، ماوەی نێوان ژەمەکان تەنیا ٤-٥ کاتژمێر بێت.
- پاراستنی ئاستی کۆلیستیرۆڵی خوێن لە سنووری ئاساییدا، چونکە نەخۆشیی شەکرە پرۆ فایلی چەورییەکانی خوێن دەشێوێنێت، کە لەوانەیە ببێتە ئەگەری نەخۆشیی دڵ، یان جەڵتەی مێشك.
- کۆنترۆڵکردنی کێشی لەش بە شێوەی کەمکردنەوەی کێشی زیاد و ڕێگرتن لە زیادبوونی کێش، لەوکاتەی کە کێشی زیاد و قەڵەوی نەخۆشانی شەکرە زیاتر ڕووبەڕووی نەخۆشیی دڵ و بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن دەکاتەوە.
- پابەندبوونی تەواو بە بەکارهێنانی دەرمان.





# هەموو شتێک سەبارت بە گۆڕاوی ئۆمیکرۆن ی کۆڤید

جۆری گـۆڕاوی ئۆمیكرۆنـی Omi-cron كۆڤیـد، یـان گـۆڕاوی B.1.1.529 سـەرەتا لـە باشووری ئەفریقا لـە ڕێكەوتی ١٤ی مانگی تشرینی دووەمـی ٢٠٢١ دەستنیشـان كـرا، پاشـان گەیشـتە چیـن و هۆنـگ كۆنـگ و بەلجیـكا و هۆڵەنـدا و وڵاتـی دیكـە ئەوروپـا. بـە ڕای پسـپۆڕان، لەوانەیـە كـە گـۆڕدراوی ئۆمیكـرۆن خێراتـر لـە جـۆری گـۆڕاوی دێلتـا بڵاوببێتـەوە و، خۆڕاگربێت بەرانبـەر بـە چارەسـەرە بەردەسـتەكان و ڤاكسـینەكانی كۆڤیـد، هەرچەندە هێشتا بەڵگەی زانستی لەبەردەسـتدا نییـە كـە ئایا ڤاكسـینەكانی كۆڤیـد بەرانبـەر بـە جـۆری گـۆڕاوی ئۆمیكـرۆن كاریگـەرن، یـان نـا، لـە گـۆڕاوی ئۆمیكرۆنـی كۆڤیـدا ٥٠ گـۆڕان لـە جینۆمـی ڤایرۆسـدا ڕوو دەدەن، لـەم گۆڕانانـە ٣٠ جـۆر لـە نوكەپرۆتینەكانـی Spike pro-tein ڤایرۆسدا بەدی كراون، كەچی لە جۆری دێلتای كۆڤیـدا تەنیـا ١٣ جـۆر گـۆڕان لـە نوكەپرۆتینەكانـدا بـەدی كـراون، ئەمـەش هانـدەرە بـۆ زیاتـر بوونـی توانـای ڤایـرۆس بـۆ چوونـە نـاو خانـەكان و زیادبوونـی بەرگـری بەرانبـەر بـە دەرمـان و ڤاكسـینەكانی كۆڤیـد. گرنگتریـن نیشـانەكانی تووشـبوون بـە گـۆڕاوی ئۆمیكـرۆن بریتیـن لـە: بەرزبوونـەوەی پلـەی گەرمیـی لـەش، كۆكـەی بـەردەوام و كـە هەندێـك جـار ڕۆژانـە سـێ جـار، یـان زیاتـر و هـەر جارەی بـۆ مـاوەی یـەك كاتژمێـر بـەردەوام دەبێـت، لەگـەڵ نەمـان، یـان گـۆڕان لـە هەسـتی بـۆن و چێژكردنـدا.



## توورەبوون هاندەره بۆ جەڵتەی مێشک

توورەبـوون Anger تەنیـا پەیوەندییـەكان تێـك نـادات، بەڵكو تەندروستییش تێك دەدات، توێژەران لە زانكۆی نیشـتمانیی ئایرلەنـدی ئاماژەیـان بەمـە كـردووە كـە توورەبـوون لەوانەیـە ئەگـەری جەڵتـەی مێشـك Stroke زیـاد بـكات، كـە هۆكارێكـی زەقـە لەپـاڵ مـردن و كەمئەندامبوونـدا، هـاوكات ئاماژەیـان بـەوەش كـردووە كـە یـەك لـە هـەر ١١ حاڵەتـی جەڵتـەدا لـە مـاوەی یـەك كاتژمێـری پێـش ڕوودانـی جەڵتـە، دوچـاری هەڵچـوون، یـان توورەبـوون دەبنـەوە. هەنگاوەكانـی كۆنترۆڵكردنـی توورەبـوون: لەكاتـی توورەبوونـدا بـاش بیربكـەرەوە، ئینجـا قسـەبكە و بڕیـار بـدە، لەكاتـی هێوربوونـەوەدا هـۆكار و هاندەرەكانـی توورەبـوون بـە ڕوونـی دەستنیشـان بكـە، بەمەبەسـتی دووبارەنەبوونەوەیـان، ئەگـەر هەسـتت كـرد كـە توانـای كۆنترۆڵكردنـی توورەبوونـت نییـە، دەسـت بكـە بـە پیادەڕۆیـی خێـرا، یـان مەشـقی ڕاكـردن، یانیـش هـەر چالاكییەكـی فیزیكـی كـە بـۆ تـۆ چێژبەخـش بێـت، كاتـی بـاش بـۆ حەسـانەوە و هێمنـی تەرخـان بكـە، هـەر مەسـەلەیەك لۆژیكانـە وەربگـرە و هەوڵـی چارەسـەری گونجاوی بۆ بدە، لەكاتی هەڵچوون و تێكچوونی مەزاجدا مەشقی خۆخاوكردنـەوە Relaxation و هەناسـەی قـووڵ Deep-breathing ئەنجام بـدە، پـاش هەمـوو ئـەم هەنگاوانـە ئەگـەر هـەر توانـای كۆنترۆڵكردنـی توورەبوونـت نەبـوو، ئـەوا پێویسـتە كـە سـەردانی دكتـۆر بكەیـت.

# کاتژمێرێک ریمۆت کۆنترۆڵی ئۆتۆمبێلە

کاتژمێـره زیرەکـەکان زۆر ئـەرك و کاری مۆبایلـەکان ئەنجـام دەدەن، کاتژمێـر لـە مۆبایـل و گشت ئامێرێکی دیکە لە بەکارهێنەرەکەی نزیکترە واتـە لێـی دانابـڕێ و هەمیشـە لـە دەسـتیدایە. بەرهەمهێنانـی ئۆتۆمبیـل بیریـان لـەوەی کردۆتـەوە کـە گونجاوتریـن ڕێـگا ئەوەیـە ریمـۆت کۆنترۆڵـی ئۆتۆمبیلـەکان بـە کاتژمێـرە سـمارتەکان بسـپێرن.

کۆمپانیای بەرهەمهێنی ئۆتۆمبیلی جۆری BYD کاتژمێرێکی بەرهەمهێناوە کە هەموو ئەو فەرمانانەی کـە بـە ریمۆت ئەنجام دەدرێن بـەو کاتژمێرەش ئەنجام دەدرێـن، وەك کردنـەوەی دەرگاکان، هەڵکێشـان و داکێشـانی جامەکان، کردنەوەی سـندوق، ڕێکخسـتنی ئاوێنەکان...تـاد. تایبەتمەندییەکانـی دیکـەی کاتژمێری زیرەکیشی تێدایە، وەك پێوانی هەنگاوەکان، پێوانـی لێدانـی دڵ، چاودێـری خـەو، بیرخسـتنەوەی پەیوەندییـەکان و گەرمـی پێـو و چاودێـری جوڵـە وەرزشییەکان.






# کامێرایەکی ئۆتۆمبیل بـــــــ

کامێراکانـی گەشـتوگوزار کـە تایبەتـن بـە ئۆتۆمبیـل و دیمەنەکانی گەشت و ڕێگا بە تـەواوی تۆمـار دەکـەن، ماوەیەکـە بۆتـە پێداویسـتییەکی گرنگـی ئۆتۆمبیلـەکان.

کامێـرای جـۆری 4k Single Dash Cam هـەروەك لەناوەکەی را دیارە فیلمەکان بە کوالیتی 4K دەگرێت لـە ریزی پێشـکەوتووترین کامێراکانی نـاو ئۆتۆمبیل دێت.

کامێراکـە هـەم دیمەنەکانـی پێشـەوە دەگرێـت و هـەم دیمەنەکانی پێشتەوە. میمـۆری نـاو کامێراکە ٢٥٦ گیگابایتـە. بـۆ هەمـوو جـۆرە ئۆتۆمبیلێـك دەبێـت.



# کیبۆردێک لە پەنجەکان دەکرێ

ئـەو ئامێـرەی کە وێنەکەی دەبینـن، ئەنگوسـتیلە و ئیسکسـوارات نیـن، بەڵکو کیبۆردێکن کە لـە پەنجە دەکـرێ. کیبـۆرد یـا تەختـەی دوگمـەکان، بەبـێ ئـەوەی یـەك دوگمەشـی پێـوە بێـت. ئـەو کیبـۆردە بـۆ ئەوانە دەبێت کـە دەزانـن بەبێ چاولێکردن تایب بکـەن و جوڵـەی پەنجەکانیـان لەسـەر کیبـۆردی ئاسـایی دەزانـن.

کیبـۆردی Tap کـە بەبـێ وایەر لەگـەڵ کۆمپیوتەر پەیوەنـد دەدرێ، وا دەکا بـە جوڵاندنـی پەنجەکان کاری نووسین ئەنجام بدرێ.

کیبۆردەکـە بـۆ هەمـوو شـوێنێك دەبـرێ، تەنانەت دەتوانی لە کاتی ڕێگاروێشتنیشدا کاری تایپ بکەی. بۆیە ناوی کیبۆردی ئایندەیان لەسەرداناوە. Tap هەر کیبـۆرد نییـە بەڵکو ماوسێکیشـە بـۆ کۆنترۆڵ کردنـی کۆمپیوتـەر. هـەر کیبۆردێـك پێویسـتە لەسـەر مێزێك دابنـدرێ، بەڵام بە کیبۆردی ناوبراو دەکرێ لە گەشـت و گەڕان و تەنانەت لـە کۆبوونەوەشـدا کاری تایب بکەی.





## ـــــــە 4K فیلم دەگرێت

گرنگی کامێراکە لەوەدایە کە لە شەوی تاریکشدا فیلم هەڵدەگرێتەوە. کامێراکە هێماکانی سەر ڕێگا دەخوێنێتەوە. سیستەمی GPS ناوخۆی تێدایە کە بەهۆی شاشەیەك لەگەڵ خۆیدایە، شۆفێری ئۆتۆمبیلەکە دەتوانێ بە وردی ئەو شوێنەی مەبەستەیەتی ببینێ.

پرۆگرامی تایبەتی بۆ سیستەمی ویندۆز و ماك تێدایە کە لەکاتی خۆیدا دەکرێت سەیری ئەو فیلمانە بکەی کە کامێراکە گرتوویەتی.

لەکاتی ڕاگرتن و پارکدا هەر شتێك بە دەوروبەری ئۆتۆمبیلەکەدا بێ فیلمی دەگرێت. دیمەنی پێکدادانەکان بە وردی دەکرێت و قفڵی دەکات بۆ ئەوەی کە دەستکاری نەکرێت.

## خێراترین درۆن و ستایلێکی ناوازە

درۆنەکان گەلێك ئەرك و کاریان ئاسانکردۆتەوە، دەکرێت لە زۆربەی بوارەکانی خزمەتگوزاری بەکار بهێندرێن، لە سینەماو فیلم هەڵگرتنەوە بیگرە هەتا کاری تەندروستی و گەیاندن و سوپایی ...تاد.

درۆنی جۆری X1 خێراترین درۆنی دوو ڕۆتۆرەیە لە جیهاندا، (Rotor) بە مەکینەی ئەلکترۆنی دەگوترێت. درۆینی ناوبراو دوو مەکینەی ئەلکترۆنی هەیە. زۆر وەك ئەو ئامێرانە دەچێت کە لە فیلمە خەیاڵی زانستییەکاندا دیتوومانە.

درۆنەکە بەرهەمی کۆمپانیای Cleo Roboticsە. لە ساڵی ٢٠٢٠ەوە ئەم درۆنە بەرهەمهاتووە، بەڵام تەنیا درابوو بە هێزەکانی پۆلیس و هێزەکانی پاراستنی ئەمنییەت. ئێستاکە بڕیاردراوە بخرێتە بازاڕەوە.

کێشی درۆنەکە ٤٢٥ گرامە. کامێرای جۆری 4Kی لەسەرە. بە سوود وەرگرتن لە سیستەمی (LI-DAR) واتە بە ناردنی تیشکی لەیزەر وێنەیەکی سێ ڕەهەندی 3D لە دیمەنەکان هەڵدەگرێتەوە. مەودای دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنەرەکەی کیلۆمەترێکە. بە مۆبایل کۆنترۆڵی دەکرێ. هەستەوەرەکانی کە لەم درۆنەدا داندراون وا دەکات لەو شوێنانەی تاریکیشن فیلم هەڵبگرێتەوە.





# تایبەتمەندی تەبلێتی هێبرێدی هواوی



وشەی (Hybrid) بەمانای دوو شێواز دێت، بۆ نموونە ئۆتۆمبیلی هێبرێد بەمانای ئۆتۆمبیلێك دێت كە بە دوو وزەی لێك جیا كار بكات. كۆمپیوتەر یا تەبلێتی هێبرێد بەوانە دەگوترێ كە دەبن بە دوو ئامێری لێكجیا وەك تەبلێت و لاپتۆپ.

تەبلێتەكان بە زۆری لەسیستەمی ئەندرۆید و IOS سوود وەردەگرن، بەڵام ئەو تەبلێتانەش هەن كە لە سیتسەمی ویندۆز سوود وەردەگرن. تەبلێتی جۆری MateBook E یەكێكە لەو تەبلێتانە سیتسەمی ویندۆز١١ی لەسەرە. ئەم تەبلێتە بە تەنیا تەبلێتێكی ئاسایی نیەی، بەڵكو بەهۆی كیبۆرد و پێنووسی تایبەت دەبێتە تەبلێت لاپتۆپ.

كێشی MateBook E زۆرنیە ٧٠٩ گرامە. بارستایەكەی ٨ ملمە. دوو رەنگی رەش و شینی هەیە. شاشەكەی ١٢,٦ ئینجە. رامەكەی ١٦ گیگابایت و داتاگەكەی یەك ترابایتە و لە جۆری SSDیە و یەكەی لێكدەرەوەی Corei7ە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێك

**خوێنەرێكی بەڕێز دەپرسێت دەكرێت لەسەر مۆبایلەكەم دوو پرۆگرامی هاوشێوە دابنێم؟ بۆ نموونە دوو واتساپ یا دوو ئینستاگرام؟**

بەڵێ خوێنەری بەڕێز دەكرێت، سەرەتا بچۆ بۆ بەشی setting ی مۆبایلەكەت و لەودا بەدوای وشەی Clone App دا بگەڕێ. لە زۆر لە مۆبایلەكان لەبری ئەو وشەیە نووسراوە Dual App یان win App. كاتێك ئەو بەشەت كردەوە، پرۆگرامەكانی وەك فەیسبوك و ئینستاگرام و واتساپ و...تاد. دەردەكەون. لەسەر هەر پرۆگرامێك كە دەتەوێ كلیكی لەسەر بكە و دواتر فەرمانی enable app cloning دیاری بكە. ئیدی بەم شێوەیە پرۆگرامی دووەم لەسەر شاشەكە دەردەكەوێ و خۆت دەتوانی ناوەكەی بگۆڕی و پرۆفایلێكی نوێی بۆ دابنێی.

# پاوەربانک بۆ گشت ئامێرێک

پاوەربانێكی یا بانكی وەزەی گەڕۆك، یەكێكە لە پێداویستییەكانی ئامێرە دیجیتالییەكانی سەردەم. پاوەبانكەكان قەوارەی جیاوازەو هەروەها ڕێژەی داكردنی وزە لە نێوانیاندا جیاوازە.

هواوی نوێترین پاوەربانكی خۆی خستەڕوو، لەراستیدا نەك پاوەربانك بەڵكو پاوەر ستەیشن كە قەبارەو كێشی گەورەترە لە پاوەربانكێكی ئاسایی.

پاوەربانكی iSitePower-M mini كە بەرهەمی كۆمپانیای هواوییە، بە دوو جۆری ٥٠٠ و ١٠٠٠ واتی خرایەڕوو. پاوەربانكی ناوبراو تەنیا بۆ بارگاوی كردنی مۆبایل و تەبلێت نییە، بەڵكو دەتوانرێ بەهۆیەوە لاپتۆپ و دیسكتۆپ و ئامێری گەورەتریش، وەك ئامێرەكانی چێشت لێنان، درۆن، ئا مێر ە كا نی فێنككەرەوە...تاد. بارگاوی بكرێن.

پاوەربانكەكە نە تەنیا بۆ گەشت و سەیران و شوێنە دوورەدەستەكان ئەو شوێنانەی دەستیان بە كارەبا راناگا بەسوودە، بەڵكو بۆ ئەم هەرێمە و ناوچەیەی ئێمەش گرنگە. چونكە لەكاتی بڕانی كارەبادا دەكرێت رووناكی ماڵەوە و هەروەها وزە بۆ تەلەڤزیۆنیش دابین بكات.





# کامێرایەکی 3D بە مۆبایل دەبەسترێتەوە

ئەگەر حەز دەکەی فیلمێکی سێ دەوری واتە 3D بگری و لە تەلەڤزیۆنە سێ دەورییەکەتدا سەیری بکەی، یان لەو مۆبایلانەی کە پشتیوانی لە فیلمی سێ دەوری دەکەن. بۆ ئەمە دەتوانی کامێرایەکی تایبەت کە لە مۆبایلەکانی سیستەمی ئەندرۆید پەیوەند دەدرێن دابین بکەی.

کامێراکە دوو ئاوێنەی هەیە. رێک فیلمەکان بەوە شێوەیە تۆمار دەکات کە مرۆ بە چاو دەیبینێ. بینەر کاتێك سەیری ئەو فیلمانە دەکات هەست پێدەکا خۆی لەو شوێنەیە. سەرەڕای ئەوە ئەو تایبەتمەندییەشی هەیە کە بتوانرێ ڤیدیۆ سێ رەهەندییەکان لەگەڵ هاوڕێ و دۆستانت هاوبەش بکەی.




## ماڵپەڕی پاشەکەوت بۆ خوێندنەوە

گەلێك جاران لە ئینتەرنێتدا سەیری شتێك دەکەی، یان بابەتێك دەخوێنیەوە، بەڵام کارێکت بۆ دێتە پێش کە ناتوانی درێژە بە سەیرکردنەکە یا خوێندنەوەکە بدەی و ناچاری بە نیوەچڵی بەجێی بهێڵی. دەکرێ ئەو لاپەڕەیە بووک مارك بکەین واتە خەزنی بکەین. بەڵام ئەگەر هەموو ماڵپەڕێك وا لێبکەین پاش ماوەیەك دەبینین سەر لاپەڕەی ئەسڵی وێبگەڕەکەت پڕ دەبێ لە سایت.

رێگایەکی دیکە هەیە کە هەم ئاسانە و هەم کێشەت بۆ نایەتە پێش. ئەویش ماڵپەڕی getpocket.com. ئەو هەلەت بۆ دەڕەخسێنێ کە بابەتە نیوە چلەکانت لە پاکەتێك بنێی و پاشان بیانخوێنیەوە. بۆ ئەم مەبەستە هەر ئەوەندە بەسە کە پلاگینی ماڵپەڕەکە لەسەر وێبگەڕەکەت دابنێی و ئەوەی مەبەستە کلیکی لەسەر بکەی بۆ ئەوەی دواتر بیخوێنیەوە.

## پرۆگرامێک بۆ گۆڕینی فۆرماتە وێنەییەکان

زۆربەی بەکارهێنەرانی کۆمپیوتەر بەتایبەت ئەوانەی کاری گرافیك و دیزاین دەکەن، ناچارن گۆڕانکاری لە فۆرمات و سایزی وێنەکاندا بکەن. هەمیشە بە دوای ئەو پرۆگرامانەدا دەگەڕێن کە هەم بەکارهێنانیان ئاسانە و هەمیش خێران و بەبێ بچووکترین کێشە ئەوەی مەبەستتە بۆت ئەنجام دەدەن.



پرۆگرامی XnView یەکێکە لەو پرۆگرامانە بۆ سەیرکردن و گۆڕینی فۆرماتە جۆراوجۆرەکانی فایلە گرافیکییەکان سوودی لێوەردەگیرێت. پرۆگرامەکە پشتیوانی زیاتر لە ٤٠٠ فۆرماتی گرافیکی دەکا، تەنانەت فایلە دەنگییەکانیش دەگۆڕێت.

بەشێك لە تایبەتمەندییەکانی ئەوانەن: گۆڕینی قەبارەی وێنە، کۆنترۆڵی رەنگ و رووناکی. گۆڕینی چەندین رەنگ پێکەوە. بەکارهێنانی فیلتەری جۆراوجۆر بە ئێفکتی سەرنج راکێشەوە. پرۆگرامەکە پشتیوانی زیاتر لە ٤٤ زمانی زیندووی جیهان دەکا.

# جیاوازی ماکیاژی کلاسیک و مۆدێرن




ماکیاژی ڕۆژ و شەو جیاوازییەکی زۆر لە نێوانیاندا هەیە، بە تایبەت ماکیاژی سەرلەبەیانیان، خانمان لەنێوان مۆدە زۆر و بۆرەکانی ماکیاژ و لەو هەموو چەشنە شێوازەدا دوودڵ دەبن، بە تایبەت کاتێك نیازیانە یەکێك لە مۆدەکانی ماکیاژ لەسەر ڕوخساریان بدەن، هەروەها جیاوازی لە نێوان ماکیاژی ڕۆژ و شەودا هەیە، کە جیاوازییەکەیان دەبنە هۆی هەڵە و کێشە، واچاکە شێوازەکانی ماکیاژ تێکەڵ نەکرێن و هەر یەکە بەپێی شوێن و کاتی خۆی بۆ ڕوخسار بەکار بێت، بە گشتی دوو جۆر ماکیاژی سەرەکی هەن، یەکەمیان ماکیاژی کلاسیك و دووەمیان ماکیاژی مۆدێرن، بۆ ئەوانەی حەز بە ماکیاژی هێمن دەکەن، دەتوانن ماکیاژی کلاسیك بەکار بهێنن، کە پێویستە ڕەنگی کاڵ و سادە بۆ برژانگ هەڵبژێرن، وەك: ڕەنگی گوڵ و بێجی، هەروەها بۆ چاوەکانیش ئەوانەی خواستیان لە ماکیاژی ناسك هەیە، دەکرێت ڕەنگی برژانگیان سادە بێت، هەروەها ڕەنگی سەوز و شین لە پشت چاویان بدەن، ڕەنگی ڕەشی کل و ماسکاراش لە بیر مەکە، بۆ ڕەنگی لێویش پێویستە ڕەنگی سوور دابنێیت و هەروەها هەندێك بریقەداریشی بکەیت. سەبارەت بە ماکیاژی (مۆدێرن) دەکرێت ڕەنگی بەهێز و تیژ بۆ برژانگەکانت بەکاربهێنیت، وەك: ڕەش و قاوەیی، هەروەها ڕەنگی ماسکاراش تۆخ بکەیت و ڕەنگی لێویش با لە ڕەنگە تۆخەکان بێت، وەك: سووری تۆخ، قاوەیی و پەمەیی، هەردوو جۆرە ماکیاژەکە هەر یەکەیان شێوازێکە، تۆش وەك خانمێك ئازادیت کامەیان هەڵدەبژێریت.

# ڕینكۆت و چاكێتی درێژ لوتكەی مۆدی جلی زستانەیە



مۆدی جلوبەرگ لەم وەرزەدا گۆڕانكاری بەسەردا دێت، بەهۆی سەرماوە خانمان پێویستیان بە چەند پارچە جلی زیادە هەیە، تا خۆیان لە سەرماوە بە دوور بگرن، بەڵام كاتێك جلی زۆرت لەبەر دەبێت، هەست بە بێزاری و ناڕەحەتی دەكەیت، ئەو گرفتەش لەلایەن پسپۆڕانی جلوبەرگ چارەسەر كراوە، ئەویش بە هەڵبژاردنی ڕینكۆت و چاكێتی درێژ، كە سەراپای جەستە دادەپۆشێت و مۆدێكی نایابی دەبێت، بەم چەشنە تۆش وەك خانمێك خۆت لە سەرما بە دوور دەگریت، هەروەها پارچە جلێكی كەشخە و نایابت لەبەردا دەبێت. ڕینكۆتەكان بۆ دەرچوون و شوێنی گشتی گونجاون، چاكێتی درێژیش بۆ كاتی دەوام و شوێنی فەرمی شیكە، چەندین ماركەی جلوبەرگ هەن، كە ڕینكۆت و چاكێتیان كردووەتە لوتكەی جلەكانیان، سەرەتا ماركەی برۆنیلی كوسینیلی Brunello Cucinelli بە ڕینكۆتی (چێستەرفێلد كۆت) كە بریتییە لە ڕینكۆتی درێژ، دەتوانیت جلی تەنك و كورت لە ژێر ئەو ڕینكۆتەوە لەبەر بكەیت، ماكس مارا Max Mara، چاكێتی كاپ درێژی بەبێ دوگمە و یەخە ئامادەكردووە، كە پەڕپەڕی لە بەشی پێشەوە پێوە دیارە، ماركەی كۆبێرنی Coperni بە چاكێتی فیور و بە چاكێتە كلاسیكەكان لە ڕەنگی ڕەش و سپی و قاوەیی بەشدارە لە مۆدی ئەمساڵدا، كە زۆربەی لە قوماش دروست كراون، ماركەی ئەدریا بمبیلیۆ Andrea Pompilio بە ڕینكۆتی باركا كە شێوازی مۆدێرنی پێوە دیارە و، شێوەیەكی نەرم و گەرم لە مۆدی كاجواڵە و لە جینزە، ماركەی ئەلیكساندەر فۆتی Alexandre Vauthie لە چاكێتە ترێنچەكانی شێوەی سەربازی گرتووە و، بە مۆدێكی گەنجانە و تازە دەردەكەوێت.

# وشكردنەوەی پۆشاك لە وەرزی سەرمادا ئەركێكی قورسە



ئەركێكی ماڵ كە هەمیشە كات و ماندووبوونێكی زۆری خانمان دەبات، جلشتن و وشككردنەوەیانە، جاران جلشتن بە دەست بوون، لە ئێستادا غەسالە كارەكانی ئاسان كردووە، بەڵام وشكردنەوەی جلەكان لە وەرزی سەرمادا ئاسانییە، چونكە وەرزەكە سارده و بەشی وشكردنەوە لە غەسالەدا جلەكان بە تەواوی وشك ناكاتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستیان بە هەڵخستن هەیە، چەند ڕێنماییەك هەن كە بەسوودن بۆ شووشتنی جلوبەرگ لێرەوە ئاشنایان بە: هەوڵ بدە كاتی جلشتنت بە ڕۆژ بێت، تا بتوانیت بۆ وشككردنەوەیان سوود لە تیشكی خۆر وەربگریت، ئەگەر هەبێت، چونكە بە شەو جل بشۆریت، تا بەیانی هیچ سوودێك لە كەشوهەوای ساردی شەوانەدا نابینیت، شوێنی جل هەڵواسینەكەش گرنگە، كە بكەوێتە بەر هەوا، یان بەر تیشكی خۆر و، نابێت شوێنێكی داخراو بێت، بەڵكو پێویستە هەوای شوێنەكە بگۆڕێت لەبەر گۆڕینی بۆنی جلەكان، وا چاكە دوگمە و زنجیری جلەكان لە كاتی هەڵواسین و شووشتندا كراوە بن، هەروەها گیرفانەكانیش دەر بهێنرێن، بەهۆی ئەوەی هەندێ جار ڕەشەبا و بای بەتین هەیە پێویستە جلەكان بە جوانی هەڵبخەیت، تا نەبنە هۆی دڕاندنی و بەردانەوەی جلەكان، هەندێ جاریش با دەیان بات، بۆیە پێویستە بە قرتەی جلهەڵواسین بە توندی هەڵبواسرێن.





# کراسی بووک لە وردە ئاوێنەی شکاو

ئەوانەی کاری بازرگانی و کۆمپانیای نەوت دەکەن، ژیانێک دەژین لە خەیاڵیشدا نییە، بەهۆی ئەوەی سەرمایە و سامانێکی هێندە گەورەیان دەست دەکەوێت، کە کار و ژیانیان لە باری هاووڵاتییەکی ئاسایی دەرچووە و ڕێچکەیەکی بەرزی وەرگرتووە، کچە ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگ (ئیڤی جیتی) کە کچی (جافین نیوسوم)حاکمی ویلایەتی کالیفۆرنیای وڵاتی ئەمریکایە، شووی بە نەوەی ملیاردێری نەوت (جەی پۆل جیتی) کردووە، کە ئەویش پێشتر کاری بازرگانیی نەوت بوو، جلە بووکێنییە سەیرەکەی ئەو خاتوونە لەلایەن دیزاینەر (جۆن جالیانۆ) لە ماڵی فاشیۆنی مارجێلا دروست کرا بوو، لە ئاهەنگەکەدا جگە لە باوکی کچەکە کە حاکمی کالیفۆرنیایە، هاوکات نانسی بیلۆسی سەرۆکی پەرلەمانی ئەمریکاش ئامادە بوو، هەروەها ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە جلی بووك لە پارچە ئاوێنەی شکاو ڕازێندرابووەوە، کە کەس بڕوا ناکات پارچە شووشە بێت، هەموو وایان زانیوە کە پارچەکانی کراسی بووک بە ئەڵماس نەخشێندراوە.

# هەینی ڕەش و سپی

هەینیی ڕەش، Black Friday بۆنەیەکی ساڵانەیە و هەموو ساڵێك لە مانگی ١١ (نۆڤێمبەر) وەك فیستیڤاڵ و بۆنەیەکی گشتی دەکرێتەوە، لەو ڕۆژەدا شوێنە گشتییەکان، کۆمپانیا و مارکێت و مارکەکان، کەرەستەکانیان هەرزان فرۆش دەکەن، و لە نیوە قیمەت و بەڵکو زیاتریش، یان هەندێ جار داشکانەکە بە جۆرێکە، کە پارچەیەك بکڕیت و پارچەیەکی دیکە بە خۆڕایی وەربگریت، یان زیاتریش. هەینیی ڕەش و سپی دەکەوێتە ٢٦ی مانگی ١١ی هەموو ساڵێك، ئەمساڵیش لە کوردستان وەك فیستیڤاڵێکی گشتی یادی کرایەوە، کە سەرجەم مارکێت و براند و شۆپەکانی مۆڵە گشتییەکان فیستیڤاڵی هەینیی ڕەشیان کردەوە، لە کوردستان لە (١٩) مانگەوە تاوەکو ٢٧ی مانگ بە بەشداریی چەندین براندی جیهانی و ناوخۆیی کرایەوە، تەنانەت پرۆسەیەکی دیکەش لەو فیستیڤاڵەدا زیادکرابوو کە کەرەستەیەك بکڕە و ناوت دەخرێتە نێو تیروپشکی گشتییەوە، کە لە دوای فیستیڤاڵەکە ڕادەکێشرێت، تەنانەت چەندین چالاکیی میوزیك و گۆرانی و دیاری بۆ منداڵان لە فیستیڤاڵی








# جلوبەرگی شاژن بۆچی هەر هەمان شێواز و ستایلە؟


نهێنی جلوبەرگی شاژنی بەریتانیا، دەیان ساڵە هەمان شێواز و ستایلە، ئەوەش بووەتە جێی سەرنجی ئافرەتان و خەڵکی جیهان بەگشتی، خۆ ئەگەر بەوە بێت شاژن دەتوانێت هەر تاخمە جلێك بەهەر نرخێك بێت بیکڕێت، یان دەیان ستایل و شێوازی جۆراوجۆر تاقی بکاتەوە، لێرەوە ئاشنای نهێنی ئەو یەك ستایل و شێوازەی جلەکانی شاژن ببە، شاژن جلەکانی بەپێی ئەو شوێنە هەڵدەبژێرێت کە بۆی دەچێت، واتە کاتێك دەیەوێت سەردانی باخچەیەك، یان شوێنێکی سەوزایی بکات، ڕەنگی سەوز لەبەر ناکات، بەڵکو ڕەنگێکی پێچەوانەی ڕەنگ و ستایلی ئەو شوێنە دەبێت، ئەوەش لە وتەکانی کچە ڕۆژنامەنووس (سالی هیوز) لە ویلز وەرگیراوە، کاتێك لەگەڵ شاژن باسی تاخمە جلەکانی کردووە، ئەو کچە هەڵساوە بە نووسینی کتێبێك بە ناوی (Our Rainbow Queen) کە باسی ژیانی شاژن دەکات، لە ماوەی (٦٠) ساڵی ڕابردوودا تائێستا ستایلی شاژن بەم چەشنەیە، تا ببێتە ڕەمزێك و لە دوورەوە بناسرێتەوە، زۆربەی تاخمە جلەکانی شاژن هاوڕەنگ و ستایلە، زیاتر لە ڕەنگەکانی (سوور، پەمەیی، قاوەیی، ڕەش و نیللی) پێك هاتوون.


هەینی ڕەشدا لە کوردستان بەڕێوە چوو، ئەمساڵ لەو ڕۆژەدا لە ماوەی (٢٤) کاتژمێردا لەسەر ئاستی جیهان و بازاڕی ئەلیکترۆنیدا ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمار کرا و بازاڕەکانیان بەتاڵ کرد، کە بڕی (٨) ملیار و (٩٠٠) ملیۆن دۆلار کەرەستە و کەلوپەل فرۆشرا. ئەو بۆنەیە دەکەوێتە دوای جەژنی سوپاسگوزای (Happy thanksgiving holiday)، ناوی هەینی ڕەش لەوەوە هاتووە کە بووەتە نەریتێك کە فرۆشیارەکان مەرەکەبی ڕەش بۆ تۆمارکردنی قازانج و مەرەکەبی سوور بۆ تۆمارکردنی خەسارەکات بەکار دەهێنن لەم ڕۆژەدا، کە دیار نییە چەندە، بە مەزەندەی کۆمپانیا و براندەکان ئەوان لەو ڕۆژەدا زەرەرێکی زۆر دەکەن، لەگەڵ ئەوەشدا لە کوردستان ناوەکەی گۆڕا بۆ هەینی سپی، کە وەك داشکانێکە بۆ خەڵك و ڕەنگی سپی هێمای بردنەوە و قازانجە.



## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لە دابەشکردنی زەوی دەکات، لەلایەن دوو ڕەوتی جیهانەوە، کە هەر یەکێکیان ڕابەرایەتیی بەشێك دەکات، بۆ ئەوەی کۆنترۆڵی هەموو جیهان بگرنە دەست.






# خانوو لە قاپوقاچاخی وردکراو

لە فەرەنسا شێوازێکی دیکەی دروستکردنی خانوویان گرتووەتە بەر، کە زۆربەی ڕووپۆشی خانووەکانیان لە شووشە و قاپوقاچاخە، ئەوەش بۆ سوود وەرگرتن لە شووشەی شکا و فڕێدراو. بیرۆکەکەش لەوەوە هات کە کەسێك بەناوی (ڕۆبێرت فاسوور) و هاوسەرەکەی هەزاران پارچە شووشەی شکاویان لە نێو شارەکەیاندا دۆزییەوە، دواتر داوایان لە ئەندازیاران کرد کە ئەو کارە مەحاڵەیان بۆ بکەن، ئیدی بیرۆکەکەیان بەجێی گەیەندرا و سەرکەوتووش بوون، ئێستاش خاوەنی خانوویەکن کە سەراپای لە شووشە و پارچە قاپی شکاو دروست کراوە، ئەوەی سەیرە جوانترین نەخش و نیگاری لێی دەرکەوتووە، لەئێستاشدا زۆر کەسی دیکە داوایان کردووە کە خانووەکانیان بەم جۆرە جوان و ڕەنگین بکرێت.

## فیلم

## تێبینی سوور - Red Notice




فیلمێکی تاوانکارییە و باس لە تاوانەکانی دزێکی داواکراو دەکات، کە ئەندامێکی پۆلیسی ئینتەرپوڵ لە دوای دەگەڕێت تا بیدۆزێتەوە و ڕادەستی دادگای بکات، پۆلیسەکە تووشی نەهامەتی زۆر دەبێت، تا بەو کەسە بگات، فیلمەکە لە دەرهێنانی ڕاوسۆن مارشال تۆربێرە، ماوەی فیلمەکە (١) کاتژمێر و (٥٥) خولەکە و بودجەکەی (٢٠٠) ملیۆن دۆلارە، لە نواندنی (گال گادۆت کچە شاجوانی پێشووی ئیسرائیل، دوەین جۆنسۆن کە ناسراوە بە ڕۆك و، ڕەیان ڕینۆڵدز ڕیتۆ ئەریای)یە.



جارێکیان یەکێك (١٠) وەرەقەی ون کردبوو، هاواری دەکرد ئەوەی ئەو پارەم بۆ بدۆزێتەوە و بگەڕێنێتەوە (٢) وەرەقەی پێ دەدەم
کەسێکیش لەولاوە دەیگوت: ئەوەی بۆ منی بگەڕێنێتەوە (٥) وەرەقەی پێ دەدەم.

### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

هەندێك نهێنیت لە کەسە نزیکەکانت شاردوەتەوە و بەردەوام سەرقاڵی بیرکردنەوەیت لێیان، واباشترە کەسێکی نزیکی متمانە پێکراوی خێزانەکەت پێی بزانێت، بۆ ئەوەی هەست بە ئاسودەیی بکەیت لەلایەنی دەروونییەوە، بەهۆی سەرقاڵییەوە تەندروستیی خۆتت فەرامۆش کردووە، پێویستە زیاتر گرنگی بەخۆت بدەیت.

### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

ئەمڕۆ لەلایەن کەسێکی ئازیزەوە پەیوەندی، یان نامەیەکی خۆشەویستیت پێ دەگات، بیر لە ئەنجامدانی گەشتێك بکەرەوە بۆ لای کەسێکی نزیکت و پەیوەندیتان بەهێز بکەن، بەمشێوەیە هەست بە ئاسودەیی دەکەیت، ئەم چەند ڕۆژە هەندێك شتی چاوەڕوان نەکراو ڕوودەدەت کە سەرسام دەبیت بە بینینیان، وا باشترە لە مامەڵکردندا چاوکراوە بیت.

### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

ئارەزوو دەکەیت لە لایەنی پیشەییەوە سەربەخۆیی بەدەست بهێنیت و خۆت خاوەن کاری خۆت بیت، هەنگاوەکان بەوریایی بنێ و بە هەڵەشەیی هەڵسوکەوت مەکە، چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو بکە بۆئەوەی ببیت بەخاوەنی پیشەیەکی سەرکەوتوو، لە ژیانی سۆزداریتدا لە ڕۆتین دووربکەوەرەوە و هەندێك گۆڕانکاری ئەنجام بدە، تا بتوانیت باشتر پلان دا بنێیت.

### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

پەیوەندیت لەگەڵ هاوڕێیەکی نزیکت باش نییە و پەیوەندیتان کەمێك ناجێگیرە، هەمیشە بیر لە هەڵسوکەوتەکانی ڕابردووی دەکەیتەوە کە بەرامبەرت ئەنجامی داوە، وا باشترە وەکو ئەزموونی هاوڕێیەتی لێی بڕوانیت و خۆت بە بیرکردنەوە لێی سەرقاڵ نەکەیت، لە کارەکەت بەرەو ئاستێکی بەرزتر دەڕۆیت، هۆشیار بە وخۆت لە غورور بپارێزە.

### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢

ئەمڕۆ هەست بە تووڕەبوون دەکەیت و هەندێك بیرکردنەوەی نەرێنی لەناختدا هەیە بەرامبەر بە خۆشەویستەکەت،کە ناتەوێت دەری بخەیت، گفتوگۆکردنی هێمنانە چارەسەرێکی گونجاو دەبێت بۆ نەهێشتنی ئەو بیرۆکە نەرێنییانەی ناخت، بەهێزیی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت وات لێ دەکات هەست بە باشتر بون بکەیت، پێویستە تەنیا بیر لە خۆت نەکەیتەوە.

### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

ئەمڕۆ ڕۆژێکی گونجاو نییە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو کێشانەی لەلایەنی پیشەییەوە هەستی پێ دەکەیت، ئەم چەند ڕۆژە خۆت لەگەڵ باروودۆخەکە بگونجێنە و چاوەڕێی دەرفەتی گونجاو بکە لەپێناو بەهێزکردنی پەیوەندییە سۆزدارییەکانتان ئەم ماوەیە لەگەڵ خۆشەویستەکەت هەندێ کاتی ڕۆمانسی پێکەوە بەسەر بەرن، تا زیاتر هەست بە ئاسوودەیی بکەن.

بۆ زانیاریت

# چینە گازییەکانی زەوی


زەوی بە چینێکی گازی داپۆشراوە کە هەزار کیلۆمەتر بەرزە و نزیکەی ٪۸۰ ی گازی نایترۆجینە و ٪۲۰ی گازی ئۆکسجینە، سەرەڕای بوونی تێکەڵەیەك لەگازی دەگمەنی وەك نبتون و زینون و کربتون و هیلیۆم، بە پێچەوانەی هەڵمی ئاو و گازی دوانۆکسیدی کاربۆن، هەرچەن لە ڕووی زەوی دوور بکەوینەوە و بەرز بینەوە بەرەو ئاسمان، بڕی ئۆکسجین کەمتر دەبێتەوە، تا دەگاتە دواین خاڵ کە ۱۰۰۰ کیلۆمەتر لە ڕووی زەوییەوە دوورە، لەدوای سنوورەوە ئۆکسجین بەرەو نەمان دەچێت، لەوێوە هەناسەدان ئەستەم دەبێت، یانیش هەر نامێنێت، لەو سنوورەدا تەنەکانی پارێزگاری لە زەوی ڕێگە نادات ئۆکسجین لە سنووری خۆی بڕوات و ڕێگر دەبێت، بەم چەشنە گازەکان لە بەرگەهەوادا دەمێننەوە، ڕێژەی ئۆکسجین لەلایەن دار ودرەختەوە کۆنترۆڵ دەکرێت، چونکە دار و بارەکان پێچەوانەی مرۆڤ دووەم ئۆکسیدی کاربۆن هەڵدەمژن و ئۆکسجین بەرهەم دەهێنن، بەم جۆرە ڕێژەی ئۆکسجین لەسەر زەویدا بەرز و نزم و کەم و زیاد دەبێت.





## پەند و وتە

جۆن دەیڤیس، پارێزەری ئەمریکی و بیزنیسمان و سیاسەتوان، لە ساڵی ۱۷۸۷ لە ماساشیوتیش لە ئەمریکا لە دایکبووە و لەساڵی ۱۸٥٤ لە وۆرکستێر کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی لێکچوون و جیاوازیی تاك و خەڵك دەڵێت: «ڕەنگە کەسانێك هەبن، گاڵتە و پێکەنینیان بە من بێت، بەهۆی بیرکردنەوە و ئایدۆلۆژیای خۆمەوە کە جیاوازم لە ئەوان، ڕنگەجێی گاڵتەی ئەوان بم، کەچی منیش گاڵتەم بەوان دێت، کە هەموویان وەکو یەکن و هیچ جیاوازییەك لە فیکر و هەست و بیرکردنەوەیاندا نابینم.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا منداڵێك دیارە و، سەری کەسێکی دیکەش لەسەر زەوی کەوتووە، هەوڵ بدە ڕاستی و دروستیی وێنەکە ئاشکرا بکەیت، لەوەی منداڵەکە ساغە و بە فێڵێك وێنەکە گیراوە.

### گۆزە ۱/۲۰ - ۲/۱۸

ئەمڕۆ کەمێك هەست بە سترێس دەکەیت، هەندێك بیرۆکەی نەرێنی بە مێشکتدا دێت دەربارەی کێشە خێزانییەکانت، بەڵام پێویست بە نیگەرانی ناکات، ئەم بارودۆخە کاتییە و تێدەپەڕێت، سەرنجت لەسەر پیشەکەت بێت و ڕێگە مەدە کێشەکان کار لەسەر پیشەکەت بکات، پێویستە لە کارەکانتدا زیاتر پشت بەخۆت ببەستیت و، ڕاوێژ لە کەسانی دیکەش وەربگریت.

### نەهەنگ ۲/۱۹ - ۳/۲۰

گرنگی بە هەڵسوکەوتەکانت بدە، بەتایبەتی لەگەڵ هاوپیشەکانت، دوور بکەوەرەوە لە بەکارهێنانی وشەی زبر، پێش ئەوەی هەر کارێك ئەنجام بدەیت، بیر لە دەرئەنجامەکەی بکەرەوە، بە نابەرپرسانە مامەڵە لەگەڵ کەسە نزیکەکانت مەکە، ئەگەر نیگەرانی خۆشەویستەکەتیت، واباشترە بە گفتوگۆکردن ئەو نیگەرانییە نەهێڵیت.

### شایان ۹/۲۳ - ۱۰/۲۲

هەندێك هەواڵت پێ دەگات کە لە ڕووی داراییەوە بارودۆخت بەرەو باشتر دەڕوات، بەڵام پیویستە بزانیت چۆن و لە چیدا بەکاریان دەهێنیت، هەست بە خۆشەویستییەکی یەك لایەنە دەکەیت لە ناختدا و، ناتوانیت دەری ببڕیت، بەڵام لە شکست مەترسە و هەموو هەوڵی خۆت بدە، پێویستە بۆ ماوەیەك بە تەنیا بیت بۆ ئەوەی پشوو بە دەروونت بدەیت.

### دووپشک ۱۰/۲۳ - ۱۱/۲۱

ئەمڕۆ چاوەڕێی بەدەستهێنانی بەخێتێکی زۆر مەکە، چونکە ڕۆژەکەت وەکو هەر کاتێکی دیکەی ئاسایی تێپەر دەبێت، بیرۆکەیەکی باش دەبێت بڕۆیتە دەرەوەی ماڵ و هەندێك کات لەگەڵ خۆشەویستەکەت بەسەر بەریت، هەوڵ بدە یادگارییە گرنگەکانی ئەم ڕۆژانەت تۆمار بکەیت، بۆ ئەوەی لات بمێنێتەوەو لە داهاتوودا چێژ لە بینیان وەربگریت.


### کەوان ۱۱/۲۲ - ۱۲/۲۱

هەندێك کێشە لە ناو خێزانەکەتدا ڕوی داوە کە دەتەوێت لێی هەڵبێیت و خۆت بە کارێکی نوێیەوە سەرقاڵ بکەیت، ئێستا دەرفەتێکی زۆر باشە بۆ ئەوەی بیر لە ئەنجامدانی پرۆژەیەکی نوێ بکەیتەوە و، دەست بەکارێکی نوێ بکەیت، ئەم بارودۆخە سەختەی کە ئێستا پێیدا تێپەڕ دەبیت، کاتییە و هەمو شتێك ئاسایی دەبێتەوە، تەنیا ئارام بگرە.

### گیسک ۱۲/۲۲ - ۱/۱۹


ئەمڕۆ کەمێك قورس دەبێت بۆ ئەوەی بگەیت بەو شتانەی پلانت بۆ دانابوون، هەندێك ڕێگری دێنە بەردەمت، بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵ بکە و، دەستبەرداری ئامانجەکەت مەبە، ئەم ڕۆژانە کەسێکی نوێ دەناسیت و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانت باشتر دەبن، پێویستە پەند لە ڕابردوو وەربگریت و هەڵەکانت دووبارە نەکەیتەوە.


## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:


https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




www.gulan-media.com

Weekly
Gulan
December 13, 2021 Issue,No.1297


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:

Dedicated Internet Services
VSAT
..........Copper Wired Networking
.............Wireless Networking
.............Fiber Optic Networking
VoIP Video Streamnig
VPNs
CCTV Cameras
Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626